


26

ئەوە راستیەکی نوێ نییە؛
حەقیقەتی ڕۆژهەڵاتی ناوینە



26

بۆچی سیستەمی
خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی؟



29

ڕەنگەکانی فاشیزم



53

سیستەم و ڕەوشی ئابووری لە
وڵاتانی جیهانی سێهەم


ژمـــارە
22
ساڵی دووەم
تشرینی دووەم ٢٠١٧
سەرماوەرز ٢٧١٧


# ئازادیی کۆمەڵگە

Azadî Komelge


www.komelge.com
Political, Intellectual and Social monthly Magazine
گۆڤارێکی سیاسی، هزری، جڤاکی مانگانەیە


# باشووری کوردستان پێویستی بە شۆڕشێکی زیهنی، ویژدانی و ئەخلاقی هەیە

## خەبات هەولێر

ئەو کارەساتەی ڕوویدا دەرئەنجامی
کەڵەکە بوونی ئەزموونی سەرنەکە
وتووی ٢٦ ساڵەی دەسەڵاتی باشووری
کوردستان بوو



## جەیلان باغری

وێڕای ڕۆڵی کاریگەر و پێشەنگی ژن
لە هەموو تێکۆشانە شۆڕشگێڕیەکاندا،
کەچی پرسی ژن وەکو پرسێکی
سەرەکی و چارەنووساز نەبینراوە

Azadî Komelge



22

ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی سیاسیی، هزریی، جڤاکی مانگانەیە

خاوەنی ئیمتیاز
**محەمەد کیانی عەبدولرەحمان (د.محەمەد کیانی)**

سەرنووسەر
**گۆران عەلی حەسەن ( گۆران پێنجوێنی)**

دەستەی نووسەران
**د. سالار باسیرە**
**سەردار ستار**
**بەیان عەلی**
**نەجیبە قەرەداخی**
**کامەران گوڵپی**
**کوردۆ شوانی**

راوێژکاری یاسایی
**پارێزەر هیلال ئیبراهیم**

پەیوەندییەکان لەرێگەی سەرنووسەرەوە دەبن
07702227274
07501539197
goran.a.hesen@hotmail.com
www.komelge.com
www.facebook.com\ Azadi Komelge
چاپ: چاپخانەی بەهەست
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 1500 دینار

ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان - سلێمانی - گەڕەکی ئاشتی - باخی سەعید بەگ

# بەرەو وەرچەرخانی مەزن... بەرەو یاخیبوونی مەدەنی

باشووری کوردستان لەبەردەم وەرچەرخانێکی مەزن دایە. شکستە یەك بەدوا یەکەکانی دەسەڵاتداریێتی باشوور بۆخۆی زەمینەی ئەو وەرچەرخانەی خستۆتە پێش گەل. گەلیش ئیرادە و توانستی ئەوەی هەیە وەڵامێکی شۆڕشگێڕانەی ئەو دەسەڵاتە ستەمکار و تاڵانکار و ملکەچ بەدەرەوەیە بداتەوە کە دەکرێ بە لومپەنترین مۆدێلی دەسەڵاتداریێتی ناوزەدی بکەین. راسترین وەڵامی شۆڕشگێڕانەش بەلاوەنانی ئەو دەسەڵاتەی ئێستای باشوور و بونیادنانی سیستەمێکی سیاسی دیموکراتی بەڕێوەبردنە.

بێگومان ناکرێت گەلەکەمان لە باشووردا لە چاوەڕوانی ئەوەدا بێت کە وەرچەرخانی ریشەیی لە سیستەمی باشووردا بە هێز و ئیرادەی دەرەکی بێتەدی. لەڕاستیدا هەر چاوەڕوانییەکی بەمشێوەیە وەهم و سەرابێکی تراژیدیهێنە. بەڵکو دەبێت گەل بە هێز و ئیرادەی خۆیی خۆی بێتە مەیدان و وەرچەرخانی بنچینەیی پێویست ئەنجامبدات. ئەمەش لە دۆخی ئێستادا ئەرك و ئامانجێکی چارەنووسساز و ژیانییە.

لێرەدا بەڕادەی دەستنیشانکردنی ئەو ئەرك و ئامانجە، شێواز و ئامرازی گەیشتن بەو ئامانجەش گرنگە. لەبەرامبەر بە ملهوڕێتی ئەو بەبیستوشەش ساڵەی تەمەنی ئەو دەسەڵاتەدا چین و توێژەکانی گەل گەلێك شێواز و ئامرازی گەیشتن بە داخوازییە گشتی و تایبەتییەکانیان گرتۆتەبەر. بەڵام لەم دۆخە نوێیەدا، کە ئیدی دەسەڵاتداریێتی باشوور تەواو داڕووخانی بەهاداریی گشتگیرانەی خۆی خستەڕوو، ئەوا شێواز و ئامرازەکانی رابردوو بەکەڵك وەڵامدانەوەی قۆناخی ئێستا نایەن.


بۆیە راسترین و گونجاوترین شێواز یاخیبوونی مەدەنی (سەرهەڵدانی جەماوەری درێژخایەن) ە تا ئەو دەسەڵاتە لە ریشەوە نەك لە دەموچاوەوە دەگۆڕدرێت. ئەو دەسەڵاتە نە دەتوانێت خۆی بگۆڕێت و نە دەشتوانێت بە پینەپەڕۆ بەردەوامیی بەخۆی بدات، تەنانەت پشتیوانییەکانی هێزە دەرەکییەکانیش بەهیچ شێوەیك ناتوانێت بەردەوامیی بە ئەقڵییەتی دەسەڵاتداریێتی ئێستای باشوور بدات. لەڕاستیدا باشوور پێویستی بە شۆڕشێکی جەماوەریی مەدەنی هەیە، واتا بەرەنگاربوونەوەیەکی جەماوەری مەدەنی.

هەڵبەتە دەسەڵاتداریێتی باشوور سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتێکی تەواو بێدەزگایی و بێ دامەزراوەییە، ئەواهەروا بە ئاسانیش دەستبەرداریی قەڵەمڕەویی و پاوانخوازێتی خۆی نابێت و هەوڵدەدات بە گرتنەبەری توندوتیژی و دروستکردنی کەشێکی شەڕانگێزیی، گەل چاوترسێن و بێهیوا و بێئیرادە بکات و تەمەنی خۆی درێژبکاتەوە. بەڵام گەل مافی بەرگری لەخۆکردنی هەیە و ئەمەش مافێکی رەوا و جەوهەری خۆیەتی.

# خەبات هەولێر:
# ئەو کارەساتەی ڕوویدا دەرئەنجامی کەڵەکە بوونی ئەزموونی سەرنەکەوتووی ٢٦ ساڵەی دەسەلاّتی باشووری کوردستان بوو

ئازادیی کۆمەڵگە

سازدانی: ئازادیی کۆمەڵگە



خەبات هەولێر

خەبات هەولێر، ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی کەجەکە، لە دیدارێکیدا بۆ گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە رایدەگەیەنێت:» ڕووداوەکانی (١٦ ی ئۆکتۆبەر) و رۆژانی دواتر کۆستێکی نەتەوەیی - نیشتیمانی بوو بۆ سەرتاسەری کوردستان و نەتەوەکەمان».

هەروەهادەشڵێت:» ئەم مۆدێلە حیزبی کردووە بە ئامانج نەک ئامراز، لای ئەوان حیزب بریتییە لە بنەماڵە، خێڵ، تەریقەت تەنانەت قەوم و نەتەوەش. ئامادەن هەمووشت بکەنە قوربانی حیزبەکەیان کە بەرژەوەنییە تاکەکەسی و بنەماڵەگەرێتی و خێڵایەتیەکانیان دابیندەکات و دەسەلاّتیانی گەرەنتی کردوە».

- **چ ئەقڵیەتێک لە پشت ڕووداوەکانی ئەم دواییەوەیە؟ ئایا قۆناغێکی نوێ دەست پێدەکات؟ چۆن ئەقڵیەتێک بۆ ئەم قۆناغە پێویستە؟**

- پێش هەموو شتێک پێویستە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە بکەینەوە کە ڕووداوەکانی (١٦ ی ئۆکتۆبەر) و رۆژانی دواتر کۆستێکی نەتەوەیی – نیشتیمانی بوو بۆ سەرتاسەری کوردستان و نەتەوەکەمان، ئەمە کارەساتێک بوو ناخی هەر کوردێکی نیشتیمان پەروەری هەژاند.

بەڵام ئەوەش ڕاستییەکی دیکەیە کە لە بنەرەتدا ئەوە تێکشکانی گەلی کوردستان نییە ئەوەندەی شکستی ئەقڵیەت و زهنیەتێکی کۆنەپەرست و ماوە بەسەر چووە، کە ئەویش ئەقڵیەتی میللیگەرایی سەرەتایی و ناسیۆنالیزمە.

ئەوە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە وەک چۆن بەتێکشکان و لە ناوچوونی بەعسیەکانی عێراق و ئێستاش بە شکست و لاوازبوونی بەعسیەکانی سوریا چیتر بیری عروبە و ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەرەو پووکانەوە و کۆتایی دەچێت و بیرۆکەی دەوڵەت – نەتەوە لە ئاست کۆمەڵگای عەرەبی گورزێکی کوشندەی بەرکەوت، بەهەمان شێوە ئەو ڕووداوانەش لوتکەی ئیفلاسی ناسیۆنالیزمی کوردایەتی کلاسیک بوو، کە لە بنەرەتدا پێشتر مایە پووچ ببوو، لە بازنەیەکی خاڵیدا دەسوڕایەوە و ببوو بە بار بەسەر گەلی کوردستان و کۆمەڵگاکەیەوە.

بەڵی ئەم ئەقڵیەتە هۆکار و بەرپرسیاری سەرەکی شکستە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو حەفتا ساڵەی دوایی باشووری کوردستانە، کە لەگەڵ هەر

شکستێکدا کاریگەریەکەیان تەنیا بە باشووری کوردستان سنوردار نەبووە بەڵکو گورزیان لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش وەشاندووە.

ئەم ئەقڵیەتە تێکەڵەیەکی بنەماڵەگەرێتی – خێڵایەتی – ئاینگەراییە و کوردایەتییەکەی سۆزداری (عاطفی) یە و پشت بە پەرچەکردار دەبەستێ، واقیعی پارچەکراوی کوردستانی لە مێشک و دڵی خۆیدا پەسەند کردووە، بۆیە دۆزی کورد وەک یەک کێشە نابینێ و لە ڕوانگەی پارچەگەرێتی و ناوچەگەرێتییەوە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکە دەکات و لەو بوارەدا ئاسۆی زۆر تەسکە. لەو سۆنگەیەوە؛ لە مامەڵەکردنی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان و دەستنیشانکردنی پەیوەندی تەکتیکی و ستراتیژیدا بەهەڵەدا دەچێ و زۆر جار دۆست و دوژمن تێکەڵ دەکات و دەبێتە پاشکۆی داگیرکەران، ئەوەی بەم دواییەش ڕوویدا هەر بەم شێوەیە بوو. لە سۆنگەی ئەمجۆرە پەیوەندیەشەوە دیارە کە نەیارانی گەلی کوردستان لەو کات و شوێنەی کە خوازیارن گورزی خۆیان دەوەشێنن و کوردستان دووچاری کارەسات دەکەن.

ئەو کارەساتەی ڕوویدا دەرئەنجامی کەڵەکە بوونی ئەزموونی سەرنەکەوتووی ٢٦ ساڵەی دەسەڵاتی باشووری کوردستان بوو لە هەموو بوارەکاندا کە لە پرسی ڕیفراندۆمدا بە لووتکە گەیشت: وێڕای ئەوەی خوێندنەوەیەکی ورد و ڕاست بۆ هەلو مەرجی نێودەوڵەتی، ناوچەیی و ناوخۆیی کوردستان نەکرا، پێشبینی بۆ لێکەوتە و پێشهاتەکانی دواتریش نەکرا، بەبڕیارێکی حەماسی و عاتیفی لەپێناو بە دەستهێنانی کۆمەڵێک بەرژەوەندی تاکەکەسی، بنەماڵەگەرێتی و حیزبایەتی بەرتەسک ڕیفراندۆم بەسەر خەڵکی باشووری کوردستاندا سەپێنرا، لە ئاکامیشدا نەیار و دوژمنە ناکۆکەکانی گەلی کوردستانیان لەگەڵ یەکتری کردە یەک و لە کۆنسەپتێکی نوێ دژە کورد و کوردستان، کۆی کردنەوە، لە ئاکامی

**ئەو عەقڵیەتە میللیگەراییەی بە لۆژیکی ڕەش و سپی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەوکات و خۆی تەسلیم بە قەدەر کردووە، قوماری بە چارەنووسی گەلی کوردستان کرد**

ئەمەشدا پیلانگێڕیەک هاتە ئاراوە، لە سەرەنجامدا نەک تەنیا زۆربەی دەسکەوتەکانی دەیان ساڵەی باشووری کوردستانیان لەناو برد، بەڵکو پارچەکانی دیکەی کوردستانیشیان ڕووبەڕووی مەترسی کردەوە، وەک چۆن بوونە هۆکاری لە دەستدانی کەرکووک و نیوەی زیاتری جوگرافیای باشووری کوردستان، مەترسی دابڕاندنی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان لە یەکتر و هەڕەشەکردن لەسەر عەفرین و ناوچەکانی دیکەش لە ئارادایە.

ئەو عەقڵیەتە میللیگەراییەی بە لۆژیکی ڕەش و سپی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەوکات و خۆی تەسلیم بە قەدەر کردووە، قوماری بە چارەنووسی گەلی کوردستان کرد و ئامادەش نییە بەرپرسیارێتی کارەکەی بگرێتە ئەستۆ و باجی شکستەکەی بدات، چونکە خۆی بە سۆبژە (سەبژە) دا دەنێت و کۆمەڵگەش ئۆبژە (ئەبژە). واتە خۆی شوان و کۆمەڵگەش مێگەل. بۆیە هەموو شتێک بۆ خۆی بە ڕەوا دەبینێ. ئەمەش زهنیەتێکی مەترسیدارەو لە ڕابردووی نزیک هیتلەری نازی و مۆسۆلینی فاشیستی لێکەوتەوە.

ئەمڕۆ ئەم زهنیەتە ئیفلاسی کردووە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە لەجیاتی ئەو زهنیەتە پارچەگەرا، ناوچەگەرا، بنەماڵەگەرا و تاکە کەسییە بەرتەسکەی ناسیۆنالیزمی کوردی، ئەقڵیەتێکی نوێ بە بنەما بگرین کە لەگەڵ ئاستی پەرەسەندنی هەمەلایەنەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ڕاستینەی پێکهاتەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و کوردستان گونجاو بێت و زادەی قوڵایی ڕاستینەی مێژوویی گەلی کوردستان بێت .کە ئەویش خۆی لە زهنیەتی نەتەوەیی دیموکراتیدا دەبینێتەوە.

ئەم زهنیەتە دۆزی کورد وەک یەک کێشە تاوتوێ دەکات، لۆژیکی ڕەش – سپی و سەپاندنی یەک ڕەنگی ڕەتدەکاتەوە، قەدەرگەرا نییە و هەمەڕەنگی بە بنەما دەگرێت، لە تێڕوانینی ئەودا چەمکی نەتەوەی سەردەست – ژێردەست جێی نابێتەوە، جیاوازی ڕەگەز، ئەتنیک و ئاینی و نەتەوەیی وەک دەوڵەمەندیەک دەبینێ

نەک لاوازی. لەو سۆنگەیەوە؛ لەمیانەی ڕەچاوکردنی جیاوازییەکان یەکسانی نێوانیان بە بنەما دەگرێت، بەبێ ئەوەی نکوڵی لە ناسنامە و مافی هیچ یەکێکیان بکات.

چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی – نیشتیمانی لە مۆدێلی دەوڵەت – نەتەوە دا نابینێ کە نزیکەی سەدەیەکە جگە لە شەڕ، ماڵوێرانی و کارەسات بەو لاوە هیچ شتێکی دیکەی لەگەڵ خۆیدا نەهێناوە، گەلی کوردستان و نەتەوەکەشمان گەورەترین قوربانی دەستی ئەم مۆدێل و چەمکە بووە. لەجیاتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە لایەن چین و توێژێکەوە، خۆ بەڕێوەبەرێتی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگە بە بنەما دەگرێت، ئەوەی بە لایەوە گرنگە ئەقڵیەت و کولتووری هاوبەشە نەک شتێکی دیکە .

- **لە ئاستی سیاسی و ڕێکخستنی دا کۆمەڵگە پێویستی بە ئەڵتەرناتیڤی نوێ هەیە؟ کەواتە ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی و ڕێکخستنی چۆن پێویستە ؟**

- نزیکەی ٧٠ ساڵە مۆدێلێکی سیاسی حیزبایەتی لە باشووردا زاڵە کە لە سەردەمی دروست نوێنەرایەتی ڕێکخستنی ڕەوتی میللیگەرایی سەرەتایی کورد دەکات، کە پێشتر بێ ڕێکخستن بوو، ڕاستەوخۆ لە لایەن بەگ، شێخ و مەلا و ئاغاکانەوە بەڕێوەدەبران. بەڵام لە سەرو بەندی دووەمین جەنگی جیهانی و دواتر لە فۆڕمی ڕێکخستنێکدا کۆکرایەوە. هەر لەو کاتەوە تا ئێستا هەرچەندە کە باڵ و لقی جیاوازی لێ بووبێتەوە و لە ژێر ناوی جیاوازدا خۆیان ڕێکخستبێت بەڵام لە ناوەڕۆکدا جیاوازییەکی بنەڕەتی و ئەو تۆیان نییە، گشتیان نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزم و میللیگەرای سەرەتایی دەکەن ئینجا هەرناوێکیان لە خۆیان نابێت، هەموویان هەڵگری هەمان خەسڵەتی هاوبەشن.

ئەم مۆدێلە حیزبی کردووە بە ئامانج نەک ئامراز، لای ئەوان حیزب بریتییە لە بنەماڵە، خێڵ، تەریقەت تەنانەت قەوم و نەتەوەش. ئامادەن هەمووشت بکەنە قوربانی حیزبەکەیان کە بەرژەوەنییە تاکەکەسی و بنەماڵەگەرێتی و خێڵایەتیەکانیان دابینەدەکات و دەسەڵاتیانی گەرەنتی کردوە، ئەم مۆدێلەی حیزبایەتی هاوشێوەی حیزبە بەلشەفیەکان و حیزبی بەعس، خۆی بەحیزبی قائید و نوێنەری هەمووشتێک دادەنێت.

> **لە تێڕوانینی ئەواندا سیاسەت واتە درۆ، فێڵ، تەڵەکەبازی**

بەحیزبیکردن و میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگە بە بنەما دەگرێت و هیچ پرۆژەیەکی بۆ پەرەپێدانی ئاستی کۆمەڵگەو چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە نیە. باوەڕی بەیەکسانی و ئازادی ژن نیە، تا سەر مۆخی ئێسقان پیاوسالارەو کۆمەڵگەی ڕەگەزپەرستی نێر بەبنەما دەگرێت.

لەو ٢٦ ساڵەی دوایش، دوای دروستبوونی ئەزموونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەجیاتی دەستبەرداربوون لە ئەقڵیەتی میلیتاریستی(سەربازیی) شاخ و خۆڕێکخستنەوەیان بە گوێرەی سەردەم و هەلومەرجی نوێ، لەمیانەی بەکارهێنانی دەستەواژەو چەمکی»شەرعیەتی شۆڕشگێڕی شاخ» دەستیان بەسەر گشت بوارەکاندا گرت. ئەم جارە مۆرکی بازرگانی-سەرمایەداری-قۆرغکاریی.... هتد یان بۆ حیزب زیادکرد. بەمجۆرەش لەرێگەی بەکارهێنانی ناوی حیزب ودەسەڵاتەوە هەمووشتێکیان قۆرغکرد.

ئەم مۆدێلەی حیزب سیاسەتیشی لەپێش چاوی گەل ناشرینکرد، چونکە لە تێڕوانینی ئەواندا سیاسەت واتە درۆ، فێڵ، تەڵەکەبازی، خەڵەتاندن و چاڵ بۆیەکتر هەڵکەندن. بێگومان ئەمەش بەمانای نەبوونی شەفافیەت و ئازادیی و دیموکراسی دێت. بۆیە وەک چۆن ئەم مۆدێلەی حیزبایەتی باوەری بە شەفافیەت، ئازادیی و دیموکراسی ناوخۆیی نیە، بەهەمان شێوە لە شێوازی حکومڕانیشدا نەبوونی ئازادیی، دیموکراسی و دادپەروەری سیمایەکی زاڵی ئەم مۆدێلەیە. حیزب تەنیا بەناو بوونی هەیە، پەیڕەوی ناوخۆ و میکانیزمی حیزبی بەدەست چەندکەسانێکی دەسەڵاتدار ودەست رۆیشتودایە، کە بەئارەزووی خۆیان بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانیان بەکاری دێنن.

بەر لە هەرشتێک مۆدێلێکی حیزبی سیاسی بۆ باشووری کوردستان پێویستە، کە ئامرازبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کوردستان. لە جیاتی سەپاندنی چەمکی حیزبی قائید و قۆرخکردنی هەموو بوارەکان کاری ئەو بەرفراوانکردنی مەودای دیموکراسی و ئازادییەکان

بێت. لەبواری سیاسەتی دیموکراتیانەدا کاربکات. لەو سۆنگەیەوە؛ کاری هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و گەیاندنیەتی بەو ئاستەی بتوانێت خۆی بەڕێوەببات، واتە یارمەتی دەربێت لە ئاواکردن و پێشخستنی ئەنجومەن و خۆبەڕێوەبەرایەتیەکانی گەل. لای ئەم مۆدێلە سیاسەت واتە جموجۆل و چالاکی کۆمەڵگە. مۆدێلێکی حیزبی سیاسی ئەوتۆمان پێویستە کە لەتەوەرەی دەوڵەتی و دەسەڵاتداریدا نەخولێتەوە و باوەڕی بە خۆبەڕێوەبەرێتی راستەوخۆی گەل هەبێت. ناوەندگەرا نەبێت و بۆ دیموکراسی راستەوخۆ کراوەبێت. مۆدێلێک بێت میکانیزمی دیموکراسی ناوخۆی کاراو شەفاف بێت، لە جیاتی تەنیا گرنگیدان بەتاک، هاوسەنگی نێوان تاک و کۆمەڵگە بەبنەما وەربگرێت. ئامانجی بەرزکردنەوەی خەسڵەتە ئەخلاقی و سیاسیەکانی کۆمەڵگە بێت.

- **بۆچونێک هەیە لایانوایە باشووری کوردستان پێویستی بەشۆڕشێکی ویژدانی و ئەخلاقی هەیە، ئەمە وەک ئەڵتەرناتیڤێکی کۆمەڵایەتی دەبێت، ئایا چەندە ئەم زەمینەی شۆڕش هەیە؟**

- سالآنێکی درێژە لە باشووری کوردستان لە ژێر ناوی بازاڕی ئازاد و لیبڕالیزم و گەلێ ناو و دروشمی جیاوازدا هەوڵێکی زۆر هەیە کولتووری مەعنەوی کۆمەڵگە لەناوببرێت، لە جیاتی ئەو کولتوورێکی ماددیی پەتی زاڵبکەن. ئەوەش مانای لاوازکردنی رۆحیەتی هەرەوەزیی کۆمەڵگە و پوکاندنەوەی پێوانە و بەها ئەخلاقییەکانیەتی کە لە سەردەمی مرۆڤ بوون و کۆمەڵگەوبونی سەرەتاوە تارۆژی ئەمڕۆمان هاتوون. بە بەرنامە کارکراوە بۆ دابڕاندنی مرۆڤ لە خاک و رەنج، بێگومان ئەمەش مانای داماڵینی مرۆڤ لە ناسنامەو بوونەکەی دەبەخشێت، لە جیاتی ئەوە سیستەمێکی مشەخۆری و چاوچنۆکی پێشخراوە، کە ماددیگەرایی و دەوڵەمەندبوون تاکە

**تاکڕەوێتی سەرەڕۆ و چاوچنۆک لەسەر حیسابی کۆمەڵگە گەورەکراوە، کۆمەڵگەبوون مانای مرۆڤبوونە**

ئامانجیەتی، جا بە هەر رێگەو رێبازێک بێت. لەو چوارچێوەیەشدا خەڵک زیاتر لە شارەکان کەڵەکەی سەر یەکتر کراوە و لادێ و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری تاڕادەیەکی زۆر وێرانکراوە.

راستە رێبەر ئاپۆ لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە: «باشووری کوردستان پێویستی بە شۆڕشێکی زیهنی، ویژدانی و ئەخلاقی هەیە«. ئەم دەستنیشانکردنە لە جێی خۆیدایە. راستە کوردستان بەگشتی ، بەتایبەتیش باشوری کوردستان پێویستی بە شۆڕشێکی ئەخلاقی و ویژدانی هەیە، بەڵام ئەمەیان بەبێ ئەنجامدانی وەرچەرخان و شۆڕشێکی زیهنی مەحاڵە. لەدۆخێکی وەهادا سەرەتا پێویستیمان بەگۆڕینی ئەو زهنیەتیە هەیە کە زاڵەو باڵادەستە، واتە شۆڕشی ویژدانی و ئەخلاقی هاوشان لەگەڵ گۆڕانکاری و شۆڕشی زیهنی پەرەدەستێنێت. ئەگەر گۆڕانکاری لە ئەقڵیەتی تاک و کۆمەڵگەدا روونەدات، ئەوە گۆڕانکاری دیدو بۆچونیان سەبارەت بە پێوانەو بەها ئەخلاقیەکان مەحاڵە.

یەکەم تەوەرەی پێویستە لەبواری زیهنی و ئەخلاقیدا گۆڕانکاری بەسەردا بێت دیدو بۆچوونمانە سەبارەت بە تاک و کۆمەڵگە و چۆنیەتی پەیوەندی نێوانیان. چونکە تاکڕەوێتی سەرەڕۆ و چاوچنۆک لەسەر حیسابی کۆمەڵگە گەورەکراوە، کۆمەڵگەبوون مانای مرۆڤبوونە، لەکوێ هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەبوون لە ئارادابوو مەبەست لێی نەهێشتنی ناوەڕۆکی مرۆڤ و مرۆڤبوونە، چونکە مێگەل بوون لە ئەنجامی بێ ئیرادەکردن و دەستەمۆکردنی تاک و کۆمەڵگە بەدیدێت. بۆیە سەرەتا پێویستە هاوسەنگی لەنێوان تاک و کۆمەڵگەدا دروستبکرێت. تاکێکی داهێنەر و دەستپێشخەر داینەمۆی کۆمەڵگەیەکی هەرەوەزی ئەخلاقی و سیاسییە. چونکە تاکێکی بێ کۆمەڵگە یانیش لە کۆمەلگە دابڕاو مرۆڤێکی مردووە، بۆیە زیندووکرنەوەی پێوانە ئەخلاقیەکان لەبواری ژیان، کار، هاوبەشی، هاوکاری، لێبوردەیی و تێکۆشان...هتد پێویستیەکی ژیانییە.

دووەم تەوەری کە پێویستە لە بواری زهنی و ئەخلاقیدا گۆڕانکاری بنەڕەتی تێدا ڕووبدات، مەسەلەی خێزان و دۆزی ئازادی ژنە، چونکە خێزان – ماڵبات بۆتە نموونە و خانەی سەرەکی دەسەڵاتدارێتی زاڵ و ستەمکار. مۆدێلێکی هاوسەرگیری

هەیە کە ماڵبات ( بە ژن و منداڵەوە ) بە موڵکی پیاو دادەنێ، واتە خێزان پیاوسالارییە، پیاو ئیمپراتۆری ماڵەوەیە و ئەوانی دیکەش رەعیەت. ئەگەر ئەم مۆدێلەی ماڵبات بەردەوام بێت مەحاڵە کۆمەڵگاش بە کۆمەڵگەیەکی سیاسی و ئەخلاقی بگات.

لەسایەی ئەم مۆدێلەی ماڵباتدا منداڵان و لاوانیش، بە گوێرەی ئەم کۆمەڵەگەیە بونیاد نراوە، سەقەت گەورەدەبن و دەبنە درێژەپێدەری هەمان کۆمەڵگە، بۆیە پێویستە هەنگاو بۆ مۆدێلی هاوژینی ئازاد بهاوێژین کە ژن و پیاو دوو کەینوونەی خاوەن ناسنامەن، لە جیاتی ئەوەی موڵکی یەکتر بن، رێز لە ئیرادەی یەکتر دەگرن و تەواکەریی یەکترن. لە هەموو بوارەکاندا ژن بە ئیرادەو ناسنامەی خۆی بەشدار دەبێت، بە رەچاوکردنی جیاوازی نێوانیان لەماف و ئەرکدا یەکسان دەبن.

تەوەرەیەکی دیکەش لەو گۆڕانکارییە زیهنی و ئەخلاقییەدا سەبارەت بە گەنجانە. چونکە کۆمەڵگەکەمان کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاریی- پیرسالارییە، گەنج تاڕادەیەک دەسەمۆ کراوە، تواناکانی سەرکوتکراوە و بەربەست دەکرێت، یان بە ئاراستەیەکی چەواشەکارانەدا براوە و دەبرێت. بۆیە سەرەتا رێکردنەوە لە پێش پەروەردەیەکی تەندروسانەی گەنجان و بەشداریی کردنیان لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگە، کۆڵەکەیەکی دیکەی گرنگی شۆڕشی زیهنی وئەخلاقییە. چونکە لە هەموو چین و توێژەکانی دیکە زیاتر گەنجان لە بواری زانستە نوێیەکان، داهێنان، خوڵقکاریی و نوێژەنییدا کراوەن. چەندین بواری دیکەش هەن رۆڵیان لە مرۆڤ بوون و کۆمەڵگەبوونی راستەقیندا هەیە، سەرەکیترینیان گەڕاندنەوەی مرۆڤە بۆ رەنج و خاک، واتە گەڕانەوە بۆ بەها رەسەنەکانی ژیانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری لادێ نیشنی کە کولتووری دایک تێیدا کاریگەرە.

بەڵێ ئەمە مۆدێلی کۆمەڵگەیەکی سیاسی و ئەخلاقییە، ئەمڕۆ لە باشوور زەمینەکەی لە هەموو شوێنێک لەبارترە، چونکە چەقبەستن و بنبەست بوون هەموو بوارەکانی ژیانی گرتووتەوە، داڕووخانی ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتیی بەرەو لوتکە دەچێت، نامۆبوون بە بەهاکان رۆژ بەدوای رۆژ زیادی کردوە؛ مرۆڤ لە خودی خۆی نامۆ کراوە! بۆیە لە کوێ داڕووخان و کەوتن هەبێت، لەوێشدا رابوون وهەستانەوە پێویستە. ئەمەش لەرێگەی ئەم کۆمەڵگە سیاسی و ئەخلاقیەوە بە دێت.

> **رۆژئاوای کوردستان لە بواری ژمارە و رووبەری جیۆگرافیدا بچوکترین بەشی کوردستانە، بەڵام ئەمڕۆ سەرنجی جیهانی بۆ سەر خۆی راکێشاوە**

رۆژئاوای کوردستان لە بواری ژمارە و رووبەری جیۆگرافیدا بچوکترین بەشی کوردستانە، بەڵام ئەمڕۆ سەرنجی جیهانی بۆ سەر خۆی راکێشاوە. توانیویەتی ئومێدو هیوا بە گەلان ببەخشێت، چاوگی ئیلهام بەخشی بێت، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شەڕڤانی ئازاو دلێرن، بەرخودانڤانن و چەتەکانی داعشیان تێکشاندوە؟ نەخێر، ئەوە تەنیا لایەنێکی مەسەلەکەیە.

سەیر کەن ٢٦ ساڵە لە باشوور دەسەڵات بەدەست لایەنە «سیاسییە کوردییەکان»ەوەیە، بەڵام ئەو دۆخەی پێی گەیشتووە لەبەر چاوانە؛ قەیرانێکی سیاسیی و نەبوونی سیستەم، قەیرانێکی ئابووریی و دارایی قوڵ کە کێشەی کۆمەڵایەتیی جدیی لەگەڵ خۆی هێناوە. سەرباری بوونی سەرچاوەی دەوڵەمەندیی ئابوریی بە دەیان ملیارد دۆلار قەرزارە، خەڵک و میدیا کانیش باس لە گەندەڵیی و تاڵانکردنی سامانی نیشتمان دەکەن، متمانە لە نێوان حکومەت و گەل نەماوە، دامەزراوەکان کراون بە حیزبیی و هێزی پێشمەرگە و ئاسایش لەلایەن دوولایەنەوە بە حیزبیی کراوە و ئینتیمایان بۆ حیزبە. سیستمێکی رێکخستنی کۆمەڵگە بوونی نییەو هەموو شتێک لە بەرژەوەندیی دیدو سیستەمی پیاوسالاریدا یە.

بەڵام رۆژئاوای کوردستان، سەرباری هێرش و پەلامارە دڕندەکانی چەتەکانی داعش و بەردەوامی شەڕ و پێکدادانەکان، توانیان سیستەمێکی فیدراڵی تایبەت بە باکووری سوریا و رۆژئاوا دابمەزرێنن کە لەسەر بنەمای ئەتنیکی و ئایینی نییە و هەموو پێکهاتەکان لەخۆوە دەگرێت، ئەم سیستەمە ئەنجومەنێکی تایبەتی خۆی هەیە کە چەتری سیستەمەکە پێکدێنێت.

ئەو جیۆگرافیایە لە سێ فیدراڵی پێکدێت، هەر هەرێمێکی فیدراڵیش لەدوو کانتۆن پێک دێت (جگە لەرەقە و دێرە زوور کە هێشتا دۆخیان ئاسایی نەبووتەوە) هەر کانتۆنێک سیستمی خۆبەڕێوەبەرێتی تایبەتی هەیە: کە لە کۆمینەکانی گوندەکانەوە دەستپێدەکات تا ئەنجومەنی شارەدێ، شارۆچکە، شار و کانتۆنەکان. لە ناو هەر کۆمین و ئەنجومەنێکدا دەستەی بەڕێوەبەرایەتی هەڵدەبژێردرێت، ئەمەش نموونەی دیموکراسی راستەوخۆیە کە مەرجێکی دەست لێبەرندراوی خۆبەێوەبەرێتی گەلە، لە پێکهاتەی ئەنجومەن و دەستەکانی خۆبەڕێوەبەرایەتیدا هیچ جیاکارییەکی ئەتنیکی، ئایینی، مەزهەبی و رەگەزیی جێگای باس نییە، ئەو دەڤەرانەی کە پێکهاتەی جیاوازی تێدایە بە گوێرەی یاسا جێگرتنیان رێکخراوە.

لەناو ئەو ئەنجومەنانەدا کۆمسیۆنە تایبەتمەندەکان رێکخراون، سیستمێکی دادی کۆمەڵایەتیی دامەزرێندراوە. سیستمی هاوسەرۆکایەتی لە ناو هەموو دامەزراوە و دەزگایەک جێگیر کراوە. بەتایبەتە لە بواری باری شارستانی کۆمەڵێک یاساو رێسا لە بەرژەوەندیی «ژن» دانراون کە کاریگەرییەکانی پیاوسالاریی کەم کردوەتەوە، ژنان لە زۆربەی بوارەکان رۆڵی پێشەنگایەتی دەبینن. ئەمە مۆدێلێکی خۆبەرێوەبەرێتییە کە هەرچەندە تازەیە و بێ کەموکورتی نییە، بەڵام بووەتە جێی سەرنجی جیهان و مۆدێلێکی چارەسەر کردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوین.

باشوری کوردستان-یش دەتوانێت، سوود لە مۆدێلی رۆژئاوا وەربگرێت و بەسەر تەواوی هەرێمی باشووری کوردستاندا جێبەجێی بکات، بەتایبەتیش بۆ کەرکوک و خورماتوو و ناوچە هاوشێوەکانیان سەرکوتووترین مۆدێل دەبێت، چونکە کەرکوک پێکهاتەی جیاواز لە خۆوە دەگرێ و دەشێ لە رێگای سیستمی خۆبەڕێوەبەرێتی زۆربەی کێشەکانی چارەسەر ببێت، لە داهاتووش خەڵکەکەی بڕیار بدات کە خوازیارە سەر بە بەغداد بێت یان هەرێم. هەمان شت بۆ دەڤەرەکانی خورماتوو و شەنگالیش لە جێگای خۆیدایە.

**لە چوار چێوەی پاراستنی قەوارەی فیدراڵی هەرێمی کوردستان دەکرێت خۆبەڕێوبەرێتی لە دەڤەر و شارەکان بەرز بێتەوە**

وەک چۆن دژی سیستمی ناوەندیی دەوڵەتەدەسەڵاتدارەکانی سەرکوردستان دەوەستینەوە پێویستە سیستمی ناوەندیگەرایی بۆ کوردستانیش گونجاو نەبینین، بەڵکو هەوڵبدەین سیستمێکی لامەرکەزیی(خۆبەڕێوەبەرێتی)پێشبخەین تا سیستمەکە دیموکراتی بێ و مەودای ئازادییەکانی بەرفراوان بێت، ئەمەش دادپەروەریی لەگەڵ خۆیدا دێنێت.

لە چوار چێوەی پاراستنی قەوارەی فیدراڵی هەرێمی کوردستان دەکرێت خۆبەڕێوبەرێتی لە دەڤەر و شارەکان بەرز بێتەوە و ئینجا بە ئاستی کانتۆن و فیدراڵی بگات. دەکرێت ئەم هەڵبژاردنانەش دوو ساڵ جارێک ئەنجام بدرێت تا خەڵکانێکی زیاتر بتوانن جێگای خۆیان لە خۆبەڕێوبەرایەتییەکاندا بگرن.

- **دوا وتەتان چیە؟**

راستە کوردستان بەگشتی، باشووری کوردستان یش بەتایبەتی بەدۆخێکی هەستیاردا تێپەڕدەبێ و دووچاری پیلانگێڕیەکی ئیقلیمی هاتووە، بەڵام لەو بڕوایەدام کە ئەو دۆخە کاتییە و گەلی کورد دەتوانێ خۆی کۆبکاتەوە و برینەکانی ساڕێژبکات. ئەوەی گرنگە لە کاتی سەرکەوتن و بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان لەخۆبایی نەبین و لەکاتی شکەستەکانیش دانەڕوخێین و خۆبەدەستەوە نەدەین. ئەزموونی رابردووی خەڵکی باشووری کوردستان سەلماندوویەتی کە دەتوانێ رووبەڕووی هەلومەرجی سەخت بێتەوە، هەرچەندە باجەکەی قورس بوو، بەڵام ئەمەش دەبێتە وانەو عیبرەتێک بۆ داهاتوومان، یەکڕیزی گەلی کوردستان و بەهاناوەهاتنی یەکتر ئەرکی سەرەکی ئەم قۆناغەمانە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە لەگەڵ ئارام بوونەوەی دەڤەرە جێناکۆکەکان و گەرەنتی کردنی گیان و ماڵی هاوڵاتیان خەڵکی ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، چونکە هەرگیز لەو ناوچانە دەستبەرداری مافە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانمان نابین.

# پارادایمێك پێویستە بۆ بونیادنانی سیستمی هەرێم

## «بۆ دەربازکردنی قۆناغەکە دەکرێت سود لە فیکری ئۆجالان وەرگرین»

ئازادیی کۆمەڵگە

ئا: ئاسۆ جەوهەر

چاودێرانی سیاسیی رایدەگەیەنن: پێویستە بە پارادایمێکی تر، لەسەر بنەمای ئەخلاقی سیاسیی و کولتوورێکی نوێ، سیستمێک بۆ هەرێم بونیاد بنرێت، ئەمەیش پێویستی بە عەقڵی تازە هەیە. سیستمێکی پەروەردەیی مۆدێرنیش دابرێژرێت، ئینسانەکانی داهاتووی ئەم وڵاتە فێری ژیاندۆستیی بکرێن، تا بەها مرۆییەکان لە ناخ و مێنتاڵیتی تاکی ئەم وڵاتەدا بچەسپێندرێت؛ هەروەها بایەخ بە ئازادییەکانی ژن بدرێت و حساب بۆ مرۆڤ بکرێت وەکو خۆی، دابڕاو لە حیزب، ئایدۆلۆژیا و خێڵ و خێزان.

داواشدەکەن: ئیتر لەسەر تێزی دۆڕاوی ناسیۆنالیزم تێکۆشان نەکرێت، سەر لەنوێ دەستوورێکی دیمۆکراتیک بۆ هەرێمی کوردستان بنووسرێتەوە، سیستمێکی دیمۆکراتیکیی پارلمانیی دابمەزرێت و حکومەتێک دروست بکرێت کە پێکهاتەکان بە کەمینە نەزانێت و بە قانوونی کۆتا مامەڵەیان لەگەڵدا نەکات. هەروەها گفتوگۆیەکی نیشتمانیی چڕوپڕیش رێکبخرێت و نەخشە رێگایەکی خێرا دابڕێژرێت بۆ دەرباز بوون لەم دۆخە دژوارە! ئەگەر بێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش چاودێربن بەسەر هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانەوە، ئەوا موعادەلەی سیاسیی بە ئاسانی دەگۆڕێت.

لە دوای ئەوەی ١٦ی ئۆکتۆبەر ٢٠١٧ لە رووداوێکی چاوڕوانکراودا، هێزەکانی سوپای حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبی لە ٥١٪ ناوچە جێناکۆکەکانی خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی؛ لە کایەی سیاسیی و رۆشنبیرییدا قسە لە رەخساندنی ئەڵەتەرناتیڤێک و بونیادنانی سیستمێک دەکرێت بۆ هەرێمی کوردستان.




کەمال چۆمانی، لێکۆڵەر لە پەیمانگەی تەحریر بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست [ثینک تانکێکە لە واشنتن]، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات لە هەرێمی کوردستان سیستمێکمان نییە، هەر بۆیە لە بوارەکانی ژیاندا کێشەمان هەیە و پێویستمان بە ئەڵتەرناتیڤە، بە ئازادیی کۆمەڵگەی راگەیاند: ئێمە لەهەرێمی کوردستان سیستمان نییە، بۆیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا «سیاسیی پەروەردەیی، کولتووریی، تەندروستیی و ئابووریی و هەتا کەسایەتیی-ش» کێشەمان هەیە! پێویستمان بە ئەڵتەرناتیڤە. ئێمە ئەگەر بە نموونە سەرنجی ئابووریی هەرێمی کوردستان بدەین، سیستمێکمان نییە هەتا بڵێین کە سۆشیالیستییە یان سەرمایەدارییە...هتد. ئێمە کە تەماشای سیاسەت دەکەین، سیستمی سیاسییمان دیار نییە و تەنانەت دەستوورمان نییە لە هەرێمی کوردستان، هەتاکو سیاسەت و حکومڕانیی لەسەر دابڕێژین. سیستمێکی تەندروستییمان نییە، بەڵکو رۆژ بەڕۆژ رەوشی تەندروستیی و نەخۆشخانەکان خراپ دەبێت!

کەمال، جەخت لەوەدەکاتەوە لەبەرئەوەی ئێمە کۆمەڵگەی دوای داگیرکاریین، هێشتا نەمانتوانیوە

خۆمان پێشبخەین، بۆیە دەبێت زۆرشت هەڵبوەشێنینەوە:«کەوایە ئێمە تەماشی کولتوور دەکەین، ئێمە کۆمەڵگەی دوای کۆڵۆنیالیستیین، بەڵام ئێمە هێشتا بەشێوەیەکی تر لە ژێر داگیرکارییداین؛ تەماشای هەربوارێک دەکرێت، نەمانتوانییەوە خۆمان پێشبخەین. ئەڵتەرناتیڤمان پێویستە، ئێمە پێویستمان بە هەڵوەشاندنەوەی سەرلەبەری حکومڕانیی، کولتوور، ئابووریی، عەسکەریی هەیە، هەتا بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا سیستمێکی ئەڵتەرناتیڤ دابڕێژین.»

**ئەو نوخبە ئەکادیمیست و رۆشنبیرەی کە عەقڵەیەتێکی نایسۆنالیستانەیان هەیە، خۆیان بە ناسیۆنالیزمی کوردیی "کوردایەتیی" خەریک کردوە**

ئەو لێکۆڵەرە لە پەیمانگەی تەحریر بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شیکاریی ئەوە دەکات«لە ٢٦ ساڵی رابردوودا حکومڕانییەک لەسەر بنەمای خێڵ، حیزب و بێئەخلاقی سیاسیی دامەزراوە! پێوستە بە شێوازێکی تر بە پارادایمێکی تر لەسەر بنەمای ئەخلاقی


رێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان

سیاسیی، کولتوورێکی نوێ بونیاد بنرایێتەوە. ٢٦ ساڵە هەرێمی کوردستان بە ژەهرێک! پەروەردەدەکرێت کە ژەهری ناسیۆنالیزمە و خەریکە دەیکوژێت. ئێمە بۆ ئەڵتەرناتیڤ و بونیاد نانەوە، پێویستمان بە عەقڵی تازە و سەرچاوەی جیاواز هەیە، پێویستمان بە کەسانێک هەیە کە بە قوڵی و فیکریی رەخنە لە ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردیی دەگرن و زۆر بەوردیی کاری لەبارەوە دەکەن. هەروەها پێویستە بە سود وەرگرتن لە دەستووری عێراق سەرلەنوێ دەستوورێکی دیمۆکراتیک بۆ هەرێمی کوردستان بنووسرێتەوە، سیتمێکی دیمۆکراتیکیی پارلمانیی دابمەزرێنین و دەسەڵات و بڕیارەکان لە خوارەوەی کۆمەڵگەدا بەرەوسەرەوە بچێت، نەک بە پێچەوانەوە، چونکە دابڕنێکی زۆر هەیە لە نێوان گەل و حکومەتدا و ئەمەش بە ئاسانی چاک ناکرێتەوە. هەروەها جارێکی تر وڵاتییان لە خواریخوارەوەی کۆمەڵگە بەشداریی بڕیارەکانیان پێبکرێت، لە زۆر شوێنی دونیادا ئەمە هەیە، ئیتر پێویستە سەرکردایەتیی و حکومەتێک هەبێت شەخس وەلائی بۆ سەرکردە نەبێت، بەڵکو بۆ گەل و نیشتمان وەلائی هەبێت، هەروەها هێزی پێشمەرگە بکرێتە سوپایەکی نیشتمانیی. حکومەتێک دروست بکرێت هەموو پێکهاتە ئاییینیەکان: ئێزیدیی، شەبەک و کاکەیی و خریستیان و پێکاتەکانی تورکمان و عەرەب تێیدا بەشداربن، ناکرێت ئەم پێکهاتانە بە کەمینە بزاندرێت و بە قانوونی کۆتا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمای وڵاتیی بوون مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت. لەهەرێمی کوردستان ئەگەر بێت و سیستمی فیدراڵییەت، شۆڕنەبێتەوە بۆ خوارەوە بۆ هەموو شار و قەزا و ناحیەکان ئەوا ناتوانین ئازادیی بەدەست بهێنین، ناتوانین ئابووریەکی جێگیر دەستەبەر بکەین، بۆ نموونە: لە قەزایەکی وەک چۆمان دانانی قائیمقامێک، خەڵکی چۆمان خۆی دەزانێت کامە باشە هەڵیدەبژێرێت، خۆی دەزانێت کامە پرۆژە و بڕیار بۆ ئەو شارە باشە. لەبەرئەوە دەبێت خەڵک بەشداریی پێبکرێت، لە کۆی سیستمەکەدا.

چۆمانی، ئاماژە بۆ ئەوەیشدەکات: ئەو نوخبە ئەکادیمیست و رۆشنبیرەی کە عەقڵەیەتێکی نایسۆنالیستانەیان هەیە، خۆیان بە ناسیۆنالیزمی کوردیی (کوردایەتیی) خەریک کردوە، ناتوانن لە بونیادنانەوەی ئەم وڵاتە و پێکەوەژیانی



پێکهاتە جیاوازەکانیدا ڕۆڵی ئەرێنی و باش بگێڕن! ئەم نوخبەیە ناتوانن شۆڕببنەوە بۆ نێو جڤاک و تێگەیشتنێکیان بۆ تاک هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێکیش لە ڕۆشنبیری ئێمە دەتوانن ڕۆڵی کارایان هەبێت، لە ڕەنگرێژکرنی فیکری سیاسی و چڤاکی ئێمەدا کە کەسانێکن بە قوڵی چوونەتە نێو ناسیۆنالیزمی کوردیی و عوروبە و ڕەخنەی لێدەگرن و بە مەترسیی دەزانن! ئەم ڕۆشنبیرانە دەتوانن کاریگەریی باش دابنێن، لەسەر گرووپە فیکرییەکانی وڵات و بە ئاراستەی باشدا بیانبەن. ئیتر، ئێمە دەبێت سیستمێک و حکومەتێک بونیاد بنێین کە لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون بێت، لەسەر بنەما دیمۆکراسییەکان بێت؛ لە حوکمڕانییەکی ئاوادا دەبێت تاک وەلائی بۆ نیشتمان هەبێت، نەک بۆ بەر پرس و حیزب و گرووپ.

حەیدەر ناسیح، مامۆستای زانکۆی چەرموو و چالاکی سیاسی، بۆ ئازادیی کۆمەڵگە ئەوە دەخاتەڕوو پێویستە بۆ سەر لە نوێ دارشتنی سیستمێک بۆ هەرێمی کوردستان، «مافی ژن» لەبەر چاو بگیرێت کە تێدا ژن دابڕێنراوە لە بەها سروشتیی و بنەڕەتییەکان، ئەو جەختیکردەوە: بنەما کۆمەڵایەتیی و کولتوورییە(شێوێندراو)ەکە، وەکو پایەیەکی لەق، بووە بە کۆڵەکەی

بینای سیاسی ئەم هەرێمە و پێویستە هەڵبوەشێندرێتەوە؛ ئەمەش دەکەوێتە بەرانبەر هێزە سروشتییەکان و دۆڕانی خۆی مانیفێست دەکات.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ، پێشبینی ئەوە دەکات»دۆخەکە بەرەو ئاقارێکی «نادیار» دەڕوات، وتی:لەم بارودۆخانەدا، پێویستە بە بێ ڕاوەستان، بیر لە ئەڵتەرناتیڤی بەپەلە بکرێتەوە، لە شێواز و فۆڕمی جیاوازدا. ئەو ئەڵتەرناتیڤانە هەندێکیان بابەتی هەنووکەیین و پەیووەستن بە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانی ئەم هەرێمەوە، هەندێکی تریشیان، لە چوارچێوەی ستراتیژ و پلانی دوورمەودادا، دەبێت کاریان لەسەر بکرێت.

ناوبراو، لەوەیش دەدوێت پێویستە گفتوگۆیەکی نیشتمانیی ڕێکبخرێت و

## حسابکردن بۆ مرۆڤ، وەکو خۆی، دابڕاو لە حیزب، ئایدۆلۆژیا، خێڵ و خێزان

نەخشەڕێگایەک دابنرێت بۆ دەرباز بوون لەم دۆخە، جەختیکردەوە: پێویستە هەموان ددان بنێین بە شکستی حوکمڕانیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لەماوەی ٢٦ ساڵی رابردوودا؛ بۆ ئەمەش پێویستدەکات کەمێک ئەقڵ و ویژدانمان بتەکێنین و لە تەپوتۆزی ئایدیۆلۆژیی خۆمان پاکبکەینەوە، تێبگەین کە ئەمە هەروا سادە نییە، بەڵکو پێوەندیی بە ژیان و بوونی تاک بە تاکی هاووڵاتیانی ئەم هەرێمەوە هەیە، لە ئێستا و داهاتوودا. لەم قۆناغەدا، پێویستە لایەنە سیاسییەکان، ڕۆشنبیرانی نیشتمانپەروەر، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی، بەشداربن لە گفتوگۆیەکی نیشتمانیی چڕوپڕ، کە لەوێوە نەخشە ڕێگایەکی خێرا دابڕێژرێت بۆ دەرباز بوون لەم دۆخە دژوارە. ئەو نەخشە ڕێگایەش لە باشترین حاڵەتدا، کاراکردنەوەی پارلمان و دروستکردنی حکومەتی کاربەڕێکەرە، لە قۆناغەکانی دواتردا بییر لە نەخشە گشتگیرەکە بکرێتەوە.

وتیشی: ئەوەی کە ستراتیژییە و زیاتر پێوەندیی بە داهاتووی هەرێمەوە هەیە، بە تایبەتی گەلی کورد؛ گرینگترین شت بۆ داهاتووی ئێمە، بەڕای من، دەستکردنە بە گۆڕانکاریی ریشەیی، لە سیستمی پەروەردەیی تاکەکانی ئەم وڵاتە. واتە دەست بردن بۆ کایەی پەروەردە و فێرکردن، ئەمەش بە پێداچوونەوەیەکی جدیی، لە سیستمی پەروەردەیی ئەم وڵاتەدا دەکرێت، هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە تا دەگاتە خوێندنگەکان و زانکۆکان؛ ئینسانەکانی داهاتووی ئەم وڵاتە پێویستە پێش زانست، فێری ژیان و ژیاندۆستیی بکرێن، فێری ئاکار و ژینگە پارێزیی بکرێن، فێری ڕێزگرتن لە بەرانبەر و خۆشویستنی نیشتمان بکرێن. پێویستە کار بۆ سیستمی مۆدێرن و گونجاو بکرێت، تا بەها مرۆییەکان لە ناخ و مێنتاڵیتی تاکی ئەم وڵاتەدا بچەسپێندرێت.

ئەو چالاکە سیاسییە، باس لەوەدەکات ئەوەی گرینگە لەم وڵاتە بکرێت، بایەخدانە بە تاک وەک مرۆڤ و بەتایبەت ئازادییەکانی ژن رەچاو بکرێت،»بایەخدان بە تاکگەرایی (ئیندیڤیجواڵیزم)، واتا؛

حسابکردن بۆ مرۆڤ، وەکو خۆی، دابڕاو لە حیزب، ئایدۆلۆژیا، خێڵ و خێزان. هەر لێرەشەوە ئازادییەکانی تاک بەرفراوانتر دەبێت و هەلی چەسپاندنی زیاتر دەبێت، لە نێویشیاندا، ئازادییەکانی ژن. یەکێک لە لایەنە رۆشنەکانی تاکگەرایی، بریتییە لە ئاشکراکردنی توانا کەسییەکان، هێنانەپێشەوەی ئەقڵی نوێ و بیرکردنەوەی نوێ، ئەمەش لە ئەنجامدا، گۆڕانکاریی لە کایەی کۆمەڵایەتی و سیاسییدا دروستدەکات و هەل دەڕەخسێنێت بۆ هەموو کەس، تا بەیەکسانیی تواناکانیان بەگەڕ بخەن، بۆ خزمەتکردنی زیاتر.

هەروەها ئەو مامۆستایەی زانکۆ، رەخنە لە ناسیۆنالیزم دەگرێت و داوادەکات ئیتر جوڵانەوە سیاسییەکان، نابێت لەسەر ئەم تێزە دۆڕاوە تێکۆشان بکەن و «لەمەودووا ئێمە پێویستە شۆڕش و جوڵانەوە و خەباتمان لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزم بونیاد نەنێین، وەک ئاشکرایە کە دۆڕاوترین تێز، لە سەدەی بیستدا کە بە ئەزموون لەسەر ئەرزی واقیع شکستی خواردووە! مەسەلەی ناسیۆنالیزمە وەک ئایدیۆلۆژیا و دەوڵەتی نەتەوەیی وەک دەرەنجام. شۆڕشەکانی ئەم دواییەی وڵاتانی عەرەبیی باشترین نموونەن کە دەوڵەتی نەتەوەیی و تەنانەت هەبوونی دەوڵەت رەنگە زۆرێک لە کێشەکان وەکو خۆی بهێڵێتەوە و بەڵکو خراپتریشی بکات. لە جیاتی ئەمانە، پێویستە جیاوازییەکان ببینین، بروامان بە پێکەوە ژیان هەبێت، دیمۆکراسی راستەقینە بکەینە کولتوور، ئازادیی تاک و یەکسانیی رەگەزیی بچەسپێنین، هەروەها برەو بە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی بدەین و سەندیکا پیشەییەکان چالاک بکەین کە هەموو ئەمانە پێکەوە ئێستا و داهاتوومان جوانتر دەکەن.

ئیبراهیم عەباس، ئەندامی جوڵانەوەی نەوەی نوێ و رۆژنامەنووس، بۆ ئازادیی کۆمەڵگە لەوە دەدوێت، ئەو دۆخەی بەسەر «باشووری کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان هات، بەرئەنجامی شکستی حوکمڕانیی پارتیی و یەکێتییە کە بەهێزی داگیرکاران و زەوتکردنی داهاتی خەڵک کوردستان و شەڕی براکوژیی و تەزوویری بەردەوام لە هەڵبژاردنەکان سەپاندویانە، بە جۆرێک لە حوکمڕانیی چارەگە سەدەی رابردوو، جگە لە خۆیان رێگایان نەدا هیچ لایەنێکی کوردستان هاوبەشی راستەقینەی هیچ بوارێکی حوکمڕانیی بێت.



ئیبراهیم، لە ئێستادا ئەو ئەڵتەرناتیڤە دەخاتەڕوو کە پێکهێنانی حکومەتێکی رزگاریی نیشتمانیی و هەڵبژاردنێکی دیمۆکراتیکانە پێویستە بە چاودێریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی، جەختیش دەکاتەوە: تاکە بەدیل و جێگرەوە لە ئێستادا لێسەندنەوەی دەسەڵاتە لەم دوو حیزبە یان سنوردارکردنی دەسەڵاتەکانیانە لە چوارچێوەی حکومەتێکی رزگاریی نیشتمانیی، ئەم حکومەتە هەوڵ بدات لە شەش مانگێکدا جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت بۆ ئەوەی هەم لەناوخۆ دا، هەرێم لەو دۆخە رزگاربکات، هەم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ کێشە سەرەکییەکان بەلادا بخات. زەمینە سازییش بکات بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی پاک بکرێت، یاخود دەشتواندرێت بەنێوەندگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بە تیایبەت نەتەوەیەکگرتووەکان لە یەک دوومانگدا داخلی پرۆسەی هەڵبژاردن ببین. بێگومان گەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی چاودێربکەن لەسەر هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوا معادەلەی ئەم دۆخە سیاسییە بە ئاسانی دەگۆڕێت، چونکە رێژەی راستەقینەی پارتیی و یەکێتیی زۆر لەوە کەمترە کە ئێستا هەیە، بێگومان هەرچی متمانەی هەیانە لای بەشێکی زۆری خەڵک لەدەستیان داوە! لە سندوقەکانی دەنگدان ئەم راستییە باشتر دیار دەبێت و ئەگەر رێگە لە تەزوویر و ساختەکاریی بگیردرێت.

ناوبراو، هێما بۆ ئەوەشدەکات لە رووی فیکرییەوە شتێک نییە بە ناوی دۆڕانی کۆمەڵگەی کوردستان، بەڵکو ئەو شکستەی هەیە پارتیی و یەکێتیی و بارزانیی لێی بەرپرسیارە، وتی: دڵنیام لەو راستییەی کە هەرچی دۆڕان و نوشستی هەیە پارتیی و یەکێتی و شەخسی مەسعود بارزانیی لێ بەرپرسیارە و شتێک نییە بەناوی دۆڕان یان شکستی کۆمەڵگەی کوردستان لەرووی فیکرییەوە؛ لەبەرئەوە هەلومەرجی فیکریی و کۆمەلایەتیی پەیوەستە بە راستکردنەوەی سیاسەتی چەوت و دۆڕانی ئەم دوو حیزبە و هەڵە و خیانەتەکانی کاک مەسعود بارزانیی. هەر هێزێکی رکابەر، بتوانێت دڵنیایی ئەوە بداتە کە کار بۆ راستکردنەوەی شکستی

سیاسیی بارزانیی و ئەم دوو حیزبە دەکات، ئەوا سەردەکەوێت.

هەروەها ئەو ڕۆژنامەنووسە، ئاماژە بۆئەوە دەکات بۆ دەرباز کردنی قۆناغەکە، دەکرێت سود لە فیکری ئۆجالان وەربگیردرێت، هەر وەک ئەوەی لە سوریا ئەوە کراوە، وتیشی: پارتی کرێکارانی کوردستان لە دامەزراندنییەوە، تا ئەم ساتەوە خۆی پابەندی فیکری توندڕەویی شۆڤێنی نەکردووە! چونکە ئۆجالان هەرگیز کاری بۆ پەرتکردنی نەتەوەکان نەکردووە و تێکۆشاوە بۆئەوەی پێکهاتەکانی تورکیا نەبن بە دوژمنی یەکتر.ئەمەش بەکردەوەرەنگیداوەتەوە لەو خەباتەی بۆ رزگاریی کوردستان لە باکووری کوردستان، زیاد لە سێ دەیەیە بەردەوامە. بیریشمان نەچێت فیکر و ئایدیای ئۆجالان کە وەکو مەبدەئی سەرەکی پەیەدە و یەپەگەیە لە ڕۆژئاوای کوردستان لە ٢٠١١-ەوە جێگیر بووە، ئەمەش نموونەیەکی جوانە لەم بەشەی کوردستان، هەم لەرووی ئیدارەیەکی پاک و هەمیش لەرووی پێکەوە ژیانی پێکهاتەکان. کەوابێت لە هەرێمی کوردستان لەم دۆخە شکستخواردووەدا کە بارزانیی و سیاسییە باڵاکانی پارتیی و یەکێتیی بەسەر خەڵکی کوردستانیان هێناوە، دەکرێت بۆ دەربازکردنی قۆناغەکە سود وەربگردرێت لە پارادایم و فیکری ئۆجالان.

ئیبراهیم عەباس، لایوایە ئیدارەدانی «ڕۆژئاوای کوردستان» جێگەی سەرسامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە و دەکرێت ئەو ئەزموونە بۆ هەرێمی کوردستان بگوازرێتەوە، وتی: ڕۆژئاوای کوردستان نموونەیەکی جوانە لە تێکۆشانی خەڵکی کوردستان، دوورە لە توندڕویی فیکریی و پێکهاتەکان لەگەڵ خەڵکی کوردستان دەژین. ئیدارەدانی ڕۆژئاوای کوردستان جێگای سەرسامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، هەر بۆیە گەر لەم دۆخە دا، ئەزموونی ئەوان بگوازینەوە، سودێکی باش بە خەڵکی خۆمان دەگەیەنین.

> **بێفیکریی و بێ پەروەردەیی بزوتنەوەی کوردایەتیی، لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە پشت بەگەل نابەستێت**


## داوای لێبوردن لە خوێنەران

دوای لێبوردن لە بەڕێز سیامەند موعینیی و خوێنەرانی گۆڤارەکەمان دەکەین، بە هۆی هەڵەی تەکنیکییەوە لەبری ئەوەی ناوی باوکی وەک ئەوە ببرێت کە تیرۆرکراوە، ناوی خۆی براوە.

لە ژمارە ٢١ گۆڤارەکەماندا، لە راپۆرتی «شکستەکانی ٧٠ ساڵی بزوتنەوەی کورد بەهۆی عەقڵییەتی ناسیۆنالیزمەوەیە« لە لاپەڕە ١٢ دا لێدوانێک بەم شێوەیە دراوبوو:»لە رابردوو، خۆیان گوایە بەرهەڵستکار بوون، بەڵام لەبازنەی هێزی دەرەوەدا کوشتن و تێرۆرەکانی وەک سەعید قرمزی تۆپراغ و سەعید ئەلچی، سیامەند موعینیی..... ئەنجام داوە.» لە راستییدا سلێمان موعینیی تێرۆرکراوە لە ژیاندا نەماوە، نەک سیامەند موعینیی بەڵکو سیامەند موعینیی کوڕی سلێمان موعینییە، دووبارە داوای لێبوردن لە بەڕێز سیامەند موعینیی دەکەین، ئەوە بێ هیچ مەبەستێک روویداوە.

ستافی گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

# میللیگەرایی و میللیگەرایی سەرەتایی لە کوردستان



ئازادیی کۆمەڵگە
عەبدوڵلا ئۆجالان

**بەشی دووەم**

**کوردان لەسەردەمی سەرمایەداریدا**

سەرباری ئەوەی کورد لەکۆنترین گەلانی جیهان و لەهەموویان خوڵقکارترن لەمێژوودا، بەڵام هەروەکو بڵێی بەهیچ شێوەیەك لەمێژوودا نەژیاون. لەم سەردەمەدا وەکو نەخۆشیەك رووبەڕوومان دەبێتەوە. دەبیت بە لانکە و دایکی مێژوو، بەڵام رێسا و ئەخلاق دەرهەق بە تۆ پەیڕەو ناکرێت، وەکو گەلێك هەڵیدەسەنگێنن کە کەس تۆی ناوێت، دەبیتە قوربانی ترسناکترین خیانەت. لەسەرەکیترین مافەکانی مرۆڤ بێبەش دەکرێیت، بەڵام وەکو تاوانبارترین کۆمەڵەی مرۆڤ رادەگەیەنرێی. بۆ خزمەتکردنی هەموو کەسێك ئامادە دەبیت، بەڵام لەنەفرین لێکراوی رزگارت نابێت. هاوشێوەی مرۆڤە هاوچەرخەکان دەبیت، بەڵام لەگەوهەردا نابیتە خاوەنی هیچ بەهایەکی سەردەم؛ تەنانەت شایەنی ئەوە نابینرێی وەکو گەلانی رەش پێست، زەرد پێست، یاخود هێندە سوورەکان ببیتە کۆیلەی سەردەمی مۆدێرن. رووبەڕووی ستاتۆ و کوردایەتیەك دەبیتەوە کە کەوتۆتە تەڵەزگە و مەحاڵە هاوتاکەی هەبێت. نکوڵی لەکورد دەکرێ، دەڵێن: دیاردەیەکی وەها بوونی نییە، بەڵام گەورەترین ترسیان لەم راستینەیە کە نکوڵی لێدەکەن و دەڵێن بوونی نییە. چۆن لەشتێك دەترسن کە بوونی نییە؟ دەڵێی

> **یەکتری کوشتن لەپێناو مریشکێك، بەڵام کەوتنە نێو رەوشێك کە تەنانەت لەپێناو دەست لێبەرنەدراوترین ماف جوڵەیەك نەکات**

هەیە، دان بەوە دادەنێی کە وەکو تەواوی هاووڵاتییەکان خاوەنی هەموو مافێکە؛ تەنانەت مافی دەربڕینی ئازادانە بەزمانێك نادەیت کە بەنیوەچڵی لەسەر پێیان ماوەتەوە. پێویستە ئەمە ئەو کێشەیە بێت کە لە چەرخەکەماندا بەئاستەمی چارەسەر دەکرێت.

سەردەمی سەرمایەداری کە کۆمەڵە ئەتنیکی و قەومەکان لەمیانەی جۆش و وشیاری نەتەوەیی هەڵسانە سەرپێ، بۆ کوردان رەنگی قۆناخێکی نەخۆشی پێوەیە کە چارەسەر نابێت. لەدەستدانی ناوەڕۆکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی ئومێدەکانی ژیان، هەڵدێران بۆ نێو قووڵترین بیری نەزانی، بێزاری لەخۆپێناسەکردن؛ یەکتری کوشتن لەپێناو مریشکێك، بەڵام کەوتنە نێو رەوشێك کە تەنانەت لەپێناو دەست لێبەرنەدراوترین ماف جوڵەیەك نەکات، هەروەکو بڵێی پێویستییەکی قەدەرە زۆر بەسانایی پێشوازی لێ دەکات. دیاردە و کێشەی کورد لەڕاستیدا لەمیانەی ئەو پێناسانەی دەکرێ زیاتر روون بکرێتەوە دەبینرێ کە لەنێو رەوشێکدا دەژی کە زۆر لە سنووری نەتەوەیی بەولاوەترە. چەرخی سەرمایەداری هەم سەردەمی دەستپێکردنی رابوونی نەتەوەیی و ئاواکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی یە، هەم سەردەمێکە ئومێدی چارەسەری

بەگەڵێك گروپی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بەخشیوە کە لە ئاستی بوون بە کێشە و گرفت ماونەتەوە. ئەگەر پێناسەیەك و رێگا چارەیەکی سەرکەوتووانە سەبارەت بەکوردان ئەنجام نەدراوە، هۆکاری سەرەکی ئەمە پێشنەخستنی پێناسەیەکی راستە سەبارەت بە خودی دیاردەکە. ئەگەرنا روونکردنەوەیەکی راست دەرهەق بەرەوشی کە لەئارادایە لەمیانەی رەوشی پارچە پارچەیی و بێبەزەیی و دوژمن و بێچارەیی ستراتیژی و هۆکاری وەکو دواکەوتنی کۆمەڵایەتی لەجێگای خۆیدا نابێت. ئەگەر شتێکی وەهاش لەئارادا بێت دیسان بەرەو ئەنجامێکی سەرکەوتووانەمان نابات. ئەگەر کێشەیەك لە گۆرەپاندا هەبێت و هاوار بکات، ئەوەی لەم شوێنە نییە چارەسەری یە، ئەمە خاسیەتێکی سەرەکییە کە بەهەڵە دەستنیشانکردنی نەخۆشی لەبناخەی هەر بێچارەییەکدا شاراوەیە.

کاتێك PKKمان وەکو رێکخستنێکی رزگاری نەتەوەیی پێناسە کرد و رێگای کاروانمان گرتەبەر، هەروەکو باوەڕهێنان بەقورئان باوەڕیمان بەراستەرێی خۆمان و بەدەستهێنانی سەرکەوتن هەبوو. هەرچی ئەو راستیەی دەرکەوت ئەوەیە، هەروەکو لەنموونەی سۆسیالیزمی بونیادنراودا بینرا، تەنانەت فەرمانڕەوایەتی یەك لەسێی جیهانیش بکات، سیستەمێك لەدۆگماتیزم رزگاری نەبێت، تەنانەت سیستەمێکی درێژخایەنی حەفتا ساڵەی دەوڵەتیش بێت لە هەڵوەشانەوە رزگاری نەدەبوو. ئەم هەڵوێستە رەوایەتی بە سەرمایەداری نادات؛ بەپێچەوانەوە، هەروەکو چۆن ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەو کێشانەی رێگای لەپێش کردۆتەوە بەشێوەیەکی راست پێناسە نەکراوە، هەوڵدەدات ئەمەش نیشان بدات کە چارەسەریەکانیشی جێگای باوەڕی نییە. دیسان ئەمە بەواتای دەست بەردان لەهەوڵەکانی چارەسەری نایەت. تەواو بەپێچەوانەوە بەسووربوونەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە لێکۆڵینەوە و پێویستی بەدیهێنانی گونجاوترین چارەسەری دەکات بەگوێرەی گەوهەری

> **ئەوا ئەو دۆگماتیزمەی لە زانستەوە سەرچاوە دەگرێت لەو دۆگماتیزمانەی لەئایین و میتۆلۆژیا سەرچاوەیان دەگرت کەمتر کوێرایی ناهێنێ**

شۆڕشگێڕی زانستی بوون. لەحاڵەتێکدا چەوتی یان کەموکوڕی لە هەڵوێست و پراکتیك دەربکەوێت، بەسووربوونەوە ئاماژە بەوە دەکات کە دۆزینەوە و پیادەکردنی ڕێگایەکی دیکەی راست و لێهاتووانەتر لەئارادایە. ئەم راستینەیە بەو واتایە نایێت کە سەرباری هێندە ئێش و زیانانە سەرلەنوێ بۆ سەرەتا دەگەڕێتەوە. بەو واتایە دێت کە لەسەرەتاوە تادوایی بەقووڵایی ئەم قۆناخە رەخنە بکرێت کە جموجۆڵی تێدا دەکرێت و راست بکرێتەوە و پێویست دەکات بەگوێرەی ئامانجەکانی لەمیانەی پێوانە جوان و باشەکانی بەرجەستە بکرێت.

ئەگەر سەرنج نەدرێ، ئەوا ئەو دۆگماتیزمەی لە زانستەوە سەرچاوە دەگرێت لەو دۆگماتیزمانەی لەئایین و میتۆلۆژیا سەرچاوەیان دەگرت کەمتر کوێرایی ناهێنێ، هەربۆیە رێگا لەپێش ئەنجامی مەترسیدارتر دەکاتەوە. تەنانەت هەروەکو لەراستینەی سەدەی بیستەم بینرا، رێگا لەپێش بەئێشترین و خوێناویترین پراکتیکی مێژووی مرۆڤایەتی دەکاتەوە. مەترسی هەڵوێستی رۆژانەیی لێرەدا رووبەڕوومان دەبێتەوە. بانگەشەی ئەم هەڵوێستە ئەوەیە: چەرخەکەمان سەردەمی باڵابوونی زانستە؛ هەربۆیە هەرشتێکی بەگوێرەی زانست ئەنجامبدرێت راستە و لەجێی خۆیدایە. لەم بارەیەوە هیتلەر گەورەترین پۆزەتیڤیستیە. بەڵام جگە لەکەسانێکی دەمارگیری کوێرانە هیچ کەسێك داکۆکی لەسەر مافداری و راستبوونی کردەوەکانی ناکات. تەنانەت زۆر بەسانایی دەتوانرێ بگوترێ ئەو دۆگماتیزمانەی لەسەربنەمای پۆزەتیڤیزمن لەمێژوودا رێگایان لەپێش مەترسیدارترین کردار کردۆتەوە. ئەمەش ئەوە پێش ناخات کە گومان لەزانست بکرێت. بەپێچەوانەوە ئاستەمترین هەڵوێستی زانستی پێویستی بە بەرێوەبەرایەتی هەیە؛ ئەگەر بەختەوەری مرۆڤایەتی ئامانجی سەرەکی بێت، پێویستە تاوەکو دوایی هەست بە بەرپرسیارێتی هەر خراپەکاری و کەموکورپیەك بکرێت کە لەم بارەیەوە ئەگەری روودانی هەیە، ئەوا لەگەڵ تەواوی ئەنجامە فەلسەفی و ئەخلاقیەکانیەوە مسۆگەر فەرمانی گۆڕانکاری رێچکە و شێواز

دەدات. بەتایبەتیش زانستی سەردەمی هۆڤێتی سەرمایەداری و سۆسیالیزمی بونیادنراو پێویستی بەلێپرسینەوە هەیە. ئەگەر ئەوە ئەنجام نەدرێت، ئەوا تەنیا دەتوانرێ ئومێدی چارەسەرکردنی کێشە زەبەلاحەکانی رۆژگاری ئەمرۆمان ببڕدرێت. شایانی باسە نابێ قەدەری زانست سەبارەت بەمرۆڤایەتی ئەمە بێت. قۆناخ قۆناخی چارەسەرییەکە لە رێگا چارەکانی هەموو سەردەمەکان پێشکەوتووتر بێت، تەنانەت لەلایەنێکەوە قۆناخی بەدواداگەڕانی دەرگای نەمرییە. لەگەڵ ئەم رەخنانە، ئەو باوەڕیەی بەزانست هەیە، پێویستی بەباوەڕیەکی وەهایە کە شانسی چارەسەرکردنی سەختترین کێشەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەئارادایە.

کاتێك لەمیانەی ئەم رێنومابیەوە تەماشای دیاردەی کورد و ئەو گرفتە هەمەجۆرانە کرا کە رێگای لەپێش کردۆتەوە، ئەوا دەبینرێ کە پێویست دەکات لەئاستی خوڵقکاری تایبەتدا بە راستەرێیەك بگەین کە چارەسەری پراکتیکی هەڵوێستی زانستی بەدیبێنێت. دوای سی ساڵ دیسان لەمیانەی چوارچێوەیەکی مێژوو هەنگاونان بۆ شیکردنەوەی قۆناخی سەرمایەداری لەم لایەنەوە واتای گەڕانەوە بۆ سەرەتا نایەت، بەواتای ئەوە دێت کە وەکو پێویستییەکی پەیوەستبوون بەیادی ئێش و قوربانیە مەزنەکان، لەپێناو شایستەبوونی تەواوی مرۆڤە پەیوەندیدارەکان و گەلەکانمان، مسۆگەر بە ئامانج و باوەڕی سەرکەوتن و رۆڵ بینین و لە هەوڵەکانی ئازادی و یەکسانی، لەژێر هەر جۆرە هەلومەرجێکدا بەلێهاتوویی و ئەخلاقیانە لە ئەرکە پیرۆزەکانمان بەخاوەن دەردەکەوین.

شەپۆلەکانی سەردەمی سەرمایەداری هەڵکشاو لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا زیاتر رۆژهەڵاتی ناوین دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی. بەرامبەر بەباڵابونی ئابووری و سیاسی و سەربازی، ئەو شتەی کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نوێنەری ناوچەکە ئەنجامی

> "تەڵەزگەی کورد" زاراوەیەکی سیاسییە پێویستە زۆر بەباشی شیبکرێتەوە، ریشەکانی تاوەکو سەردەمی کۆلۆنیەکانی سۆمەر دەگەڕێتەوە

بدات سنووردارە. یان ئەوەتا باڵابوونی سیستەم پەسند دەکات و ریفۆرم ئەنجامدەدات، یاخود لەمیانەی بەرخودانێکی موحافەزەکارانە و بێ ئومێد و سیاسەتی هاوسەنگی هەوڵدەدات رۆژی خۆی بەسەرببات. ئەوەی روویدا هاتوچۆ بوو لەنێوان ئەم دوو مەیلەدا. دووسەد ساڵە تاوەکو ئێستا ناوچەکە خۆی لەم گێژەلووکە رزگار نەکردووە. نە قەڵەمبازێك ئەنجام دەدات کە ئەلتەرناتیف بێتە ئاراوە، نە بژاری ریفۆرمێکی خوازراوی بەپرەنسیپ و وشیاری بەپێی بڕیار و پەیڕەوی پێویست بەڕێوەدەبردرێت. پێکهاتەی شارستانییەتی باوی ناوچەکە و هێزە ناوخۆ و دەرەکیەکانی نێو پێکدادان رۆڵێکی سەرەکی لەمەدا دەبینن. تەواوی زیرەکی سوڵتانە عوسمانیەکان ئەوەیە لەنێو ئەم یاریەی هاوسەنگیەکاندا کەمێکی دیکە تەمەنی خۆیان درێژ بکەنەوە.

رووخانی ئیمپراتۆریەت لەگەڵ هەڵوەشانەوەی هاوسەنگییە دەرەکیەکان لەناوچەدا بووە بەیەك. کاتێك ئەو هاوسەنگییەی لەئەوروپا بەڕێبەرایەتی بەریتانیا ئاواکرابوو لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا تەقییەوە و ئەم هاوسەنگییە دژ بە ئەڵمانیا ئەنجامگیر بوو، ئەوا پەرتەوازەبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کرد بەناچاریەك کە هاوپەیمانی ئەڵمانیا بوو. تەواوی رۆژهەڵاتی ناوین رووبەرووی هەلومەرجەکانی داگیرکاری بۆوە. ئیتر ئەو ناوچەیەی بەدرێژایی پانزدە هەزار ساڵ و چەندین سەردەم لەبواری ماددی و مەعنەوی ئەوروپای تێر دەکرد، رووبەرووی شکستێکی تەواو مابۆوە.

لە راستیدا «تەڵەزگەی کورد» زاراوەیەکی سیاسییە پێویستە زۆر بەباشی شیبکرێتەوە. ریشەکانی تاوەکو سەردەمی کۆلۆنیەکانی سۆمەر دەگەڕێتەوە. ئەم تەڵەزگەیە بەتایبەت و بەردەوامی تۆکمە و ئامادەکراوە. ئەو چوارچێوەیەی سەبارەت بە مێژوو دیارمان کرد بەئامانجی پێناسەکردنی ئەم تەڵەزگەیە هەوڵدەدات فاکتەرە سەرەکیەکانی دیاری بکات. ئەمانە دووبارە ناکەینەوە. بەڵام ئەوەی بەدەستی

سەرمایەداری ڕۆژئاوا تۆکمەکراوە لەهەموویان مەترسیدارترە. هەربۆیە لەگەڵ بنەما مێژووییەکانی «تەڵەزگەی کورد» پێناسە و شیکردنەوەی ئەوەی بەپشتبەستن بەسەرمایەداری ئاواکراوە بایەخێکی مەزنی هەیە. ئەو تەڵەزگەیەی دوو سەد ساڵە سەرلەنوێ ئاواکراوە و تۆکمەکراوە چ واتایەکی هەیە؟

لایەنی یەکەم: سەرمایەداری ڕۆژئاوا لەجیاتی ئەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بڕووخێنێ و ڕەوشێك بخوڵقێنێ کە سەری لێ دەرنەچێ و ڕزگاربوونی بۆ نەبێ، گرێدانی سوڵتان و بەشێکی گرنگ لە بیرۆکراتەکان بەخۆیان بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەبینن. لە ڕێگای ئەمانەوە هەم ئەو کۆنترۆڵەی دیخوازێت لەسەر ناوچەکەی پێشدەخات، هەم سنووردانان بۆ گەلە یاخیبووەکان سانایی تر دەبێ. بەتایبەتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا ئەم ڕێچکەیە پەیڕەو دەکات، لەم ڕێگایەوە سەد ساڵ تەمەنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی درێژ دەکات. هەڵوێستی فەرەنسا و ئەڵمانیاش لەگەوهەردا هەمان شتە، ئەو ناکۆکیانەی لەنێوانیاندا هەیە لەسەر هاوسەنگیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕەنگ ناداتەوە. ئەو سوڵتان و بیرۆکراتانەی لەنێو خۆیاندا دابەشیان کردبوو و بەخۆیانەوە گرێ دابوون، بۆ ئامانجەکانی سەدەی نۆزدەهەم گونجاوترین شوێنگەی بۆ مەیسەر دەکردن. بەمجۆرە بەئەندازەی هەنگاو بەهەنگاو پەلهاوێشتن، لێدانی ئەوانەی لەدژی دەرکەوتوون بەقامچیەکانی عوسمانیەکان ئاقڵمەندانەترین ڕێگا و شێوازە. کۆڵەکەیەکی گرنگی تەڵەزگەکە بەمجۆرە تۆکمە دەکرێت. دووەمیان: لایەنی گرنگ یاخود کۆڵەکەی دیکەی تەڵەزگە کە، بەپشتبەستن بەگەلە بەڕیشە مەسیحیەکان پەرەی پێبدرێت. داگیرکاری ڕۆژئاوا لەڕێی ئەم ڕێچکەیە گوایە دەخوازێ گەلانی ڕۆم، ئەرمەنی و ئاشووری بپارێزێ، لەناوچەکەدا مەترسیدارترین ڕێگا بۆ پاکتاوکردنیان دەکاتەوە. تەواوی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەنێو ئەم گەمەیەدا دەکرێنە قوربانی

> **کوردان کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم وەکو ماشەیەك بەکار دەهێنرێن**

ئەم پیلانگێڕییە. نەریتی بەقوربانی کردنی منداڵان کە لەسەردەمێکدا بەرامبەر بە ئافاتەکان پەیڕەو کرا، ئەمجارە نەك لەلایەنی خوداوەندەکان، لەلایەن ئەو هاوڕەگەزانەیان بەڕێوەدەچێت کە خۆیان وەکو دۆست نیشان دەدەن. داگیرکاری تەڵەکەباز و فێڵباز بەدەستی کۆمەڵێك بەکرێگیراو، تەواوی گەلان لەوڵاتی هەزاران ساڵەیان دادەبرێت، لە کولتوورەکانیان دەپچڕێنێ و دەیانکات بە دوژمنی یەکتری.

لەنێو ئەم تابلۆیەدا ڕەوشی کوردان بەتەواوی وەکو لاشە و تەنێکی تاقیکردنەوەیە؛ ئامراز و کەرەستەیەکە بەرادەیەکی هەرە زێدە لە هەموو جۆرە گەمەیەکی پیلانگێڕان بەکار دەهێنرێ. کوردان کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم وەکو ماشەیەك بەکار دەهێنرێن، بەتایبەتی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ زیاتر بەخۆوە گرێدانی یەك بەدوای یەکی بەڕێوەبەرەکانی تورك، عەجەم و عەرەبەکان ڕۆڵی نوێڵ (مانیولا) دەبینن. هەروەکو بڵێی سیاسەتی «سەگ بە گژ سەگەوە بنێ» پەیڕەو دەکات یاخود «بە بەردێك دەخوازێ لەچەند چۆلەکەیەك بدات». بەر لە هەموو شتێك لەگەڵ دەستدرێژکردن بۆیان کوردە بەکرێگیراوەکان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن. دووەم، بەڕێوەبەرە تورك و عەجەم و عەرەبەکان کە لەمە دەترسن، زیاتر پێیانەوە گرێدەدرێن. سێیەم، گەلی ئەرمەنی و ئاشووری کە لەلایەن کوردە دەرەبەگە بەکرێگیراوەکان تەنگەتاو دەکرێن، زیاتر ناچار دەبن پەنا ببەنە بەر سوڵتان و شێخ و پادشاکان. بەڕێوەبردنی ئەم گەمەیە لەمیانەی وانەی دووەمەوە بۆ خۆیان بەمەعریفەت دەزانن. واتە سیاسەتی بەگژەوەنانی یەکتری کە سەبارەت بەوان پەیڕەو دەکرێت، ئەوانیش لەئاستێکی ژێردا دژ بە ڕکابەرەکانیان بەکاری دێنن. هەرچی ئەو گەلانەی دەکەونە ڕەوشی قوربانی بوون، وەکو پێویستییەکی گەمەکە جگە لەجێ بەجێکردنی پێویستی فەرمانەکان نابن بەخاوەن ڕۆڵێکی دیکە.

هەرچەندە قوربانی لەپێشینەی تەڵەزگە کوردەکان بن، ئەوا هەروەکو پەندی «ئەگەر ماڵەکەت لە شووشە یە بەرد لە ماڵی خەڵکی مەگرە«، پێك دێت. تەواوی گەلانی ناوچەکە دەخرێنە نێو ئەم تەڵەزگەیە. کوردان لەبەرئەوەی

بەهۆی بێبەشییان لە تواناکاری ستراتیژی و پارچەبوونی بێ سنوور هێزی خۆیان نەکردووە بەیەك، هەرزانترین ئامرازی پیلانەکەن. هەرچەندە هەڵوێستی چاوچنۆکی سەرمایەداری بۆ بەدەست هێنانی قازانج کە هیچ سنوورێك ناناسێ فەلسەفەی گەوهەری پیلانەکە بێت، ئەوا بەکارهێنانێکی هاوشێوە کە بەدرێژایی مێژوو بەردەوام بووە، رێگای لەپێش ئەوە کردۆتەوە کە رەوشیان ببێتە رەوشی خراپترین گەل. دەشێ ئەمە بەسیاسەتی، «کەروێشك راکە، تاژی بیگرە«، ناوبرێت. بەمجۆرە تاوەکو دوایی ئەم لایەنانە بەکاردێنێ کە وەکو گرفت بۆ خۆی دەیانبینێ، ماندوویان دەکات و لەدواییشدا رۆڵی فریادرەس بەخۆی دەدات و تەنانەت ئەگەر پێویست بکات بۆ سەرلەنوێ بەکارهێنان خاوەندارێتییان لێ دەکات. کاتێك دەڵێین تەنی تاقیکردنەوە مەبەستمان ئەم راستینە پڕ لە ئێشەیە.

بێگومان کارەکتەری هەزاران ساڵەی بەکرێگیراوێتی چینی سەرووی کوردان فاکتەرێکی سەرەکی ئەم رەوشەیە. رەوشی گەل کە لەنێو نەزانیدایە پارچە پارچەیە و بەگژ یەکتردا دەهێنرێ، بەردەوام زەمینەیەکی لەبار دەڕەخسێنێ. ئەم پیلانانە دەرهەق بەتەواوی ئەو یاخیبوونانەی کوردان پەیڕەوکراوە کە لەسەدەکانی نۆزدەم و بیستەم لەسایەی سەرمایەداری ئەنجامدراون و سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. هۆکارە بەجێ و مافدارەکانی یاخیبوونەکان واتایەکی ئەوتۆیان نابێت. ئەوەی گرنگە لەئەنجامدا بەلایەنی کێدا شکاوەتەوە و زیاتر لەبەرژەوەندی کامە لایەندا بووە.

ئەگەر کوردان یاخی ببن و بەدوای مافەکانیاندا بگەڕێن، بەهەموو جۆرێك ئەنجامەکەی ئێش و ئازارە؛ ئەگەر بەدوای مافەکانیدا نەگەڕێت، لەجێگای خۆیدا دەستەوەستان بمێنێ، ئەنجامێکی خراپتری بەسەر دێت. کاتێك باس لەکەوتنە نێو تەڵەزگە دەکەین، مەبەستمان ئەمەیە، ئافاتی بەمجۆرە بەدەگمەن بەسەر هەندێ گەلان هاتووە. ئەگەر مێژووناسانی کورد بەکەڵك بێن

**عەرەبەکان خاوەنێکی نوێیان بۆ خۆیان دۆزیەوە، ئومێدێکی ساختە لای ئاشوریەکان سەریهەڵدابوو**

و کارێك بکەن، لەهەموو شتێك زیاتر پێویستە ئەم واقیعە شیبکەنەوە. ئەگەر هەندێ نموونە روون بکەینەوە، ئەوکاتە زیاتر دەرك بەم رەوشە دەکرێت.

کاتێك لەیەکەمین نیوەی سەدەی نۆزدەهەم بەهۆی رێگای هیندستان و ئەگەری دەوڵەمەندێتی کانزا و پەترۆڵ ئینگلیزەکان دەستیان بۆ ئێراق درێژ کرد، بەکارهێنانی کوردان، عەرەب و ئاشوریەکان بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی تورك و خراپتریش بەکارهێنانی دژ بەیەکتریان، کرد بەسەرەکیترین سیاسەت. سەرەتا بەکوردانی گووت: پشتگیریتان لێ دەکەم، بەمجۆرە کوردانی وروژاند. بەڕێوەبەرایەتی تورکان کە تەنگەتاوبوون زیاتر لەئینگلیزەکان نزیك بوونەوە. ئاشوریەکانیش بەهۆی مەسیحیەت وەکو هاوپەیمانێکی سروشتی لەقەڵەمیان دان. عەرەبەکان لەهەمووان زیاتر وەکو بەکرێگیراو پەنایان بۆ بردن. کاتێك گەیشتنە ساڵانی ١٨٥٠، دواجار لەمیانەی ئەو یاخیبوونەی بەڕێبەرایەتی بەدرخان بەگ ئەنجامدرا یەکەمین پەردەی لەیستۆکەکە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە تەواو ببوو، داگیرکاری ئینگلیز پەرەسەندنێکی مەزنی بەخۆیەوە بینیوە، بەڕێوەبەرایەتی تورك هێزێکی زۆری لەدەستدا.

عەرەبەکان خاوەنێکی نوێیان بۆ خۆیان دۆزیەوە. ئومێدێکی ساختە لای ئاشوریەکان سەریهەڵدابوو. هەرچی کوردەکانن کە قوربانیەکی پیلانگێڕیەکەن و لەهەمووان زیاتر ئێش و ئازار دەکێشن، رووبەڕووی سەرکوتکردن هێڵراونەتەوە.

لەدووەمین نیوەی سەدەی نۆزدەیەم و لەمیانەی یاخیبوونی نەهریەکان کە سەید تەها رێبەرایەتی کرد. ئەمجارە گەمەکە لەسەر ئێران پەیڕەوکراوە. ئەنجام هەمان شتە. شاهنشاهی ئێران لەبەڕێوەبەرایەتی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز نزیك کراوەتەوە. ئاشوریەکان کەوتوونەتە نێو رەوشێکی تەنگەتاوی. کوردەکان دیسان رووبەڕووی ئەنجامێکی پڕ لەئێش و ئازار دەبنەوە، هەم سەرکوت دەکرێن، هەم مۆرکی هۆڤێتییان لێدەدرێت و دەکەونە نێو رەوشی تاوانباریەوە.

بەئێش و ئازارترینیان یاخیبوونی ١٩٢٥ کە بەڕێبەرایەتی شێخ سەعید

بوو. بەهۆی پەترۆل ئینگلتەرا دەخوازێت موسڵ و کەرکوك لەدەرەوەی سنووری میساقی میللی بهێڵێتەوە. هەرچی کۆماری تورکیایە بەڕێبەرایەتی مستەفا کەمال وەکو پێویستییەکی پەیوەستبوون بە میساقی میللی دەست لەداواکردنی ناوچەکە بەرنادات. کوردەکان و تورکەکان داوای جێبەجێکردنی پێویستییەکانی میساقی میللی دەکەن. لەم هەلومەرجانەدا دیسان گەمە ناسراوەکەی ئینگلیزەکان دەکەوێتە گەڕ. ئامادەکاریەکان بۆ لێدانی چەند چۆلەکە بەبەردێك لەئارادایە. ئەو کوردانەی نزیکی خۆی دەبینێ رازی دەکات و سەرنجیان رادەکێشێ بەوەی یارمەتیان دەدات. تەنانەت ئومێدی ساختەی وەهایان نیشان دەدات کە لەئەگەری یاخیبووندا یارمەتیان دەدات. کاتێك یاخیبوون دەتەقێتەوە، لەگەڵ حکومەتی کەمالیستی رێك دەکەوێت. قووڵترین پارچەبوون لەچارەنووسی کورد و کوردستان دێنێتە ئاراوە. ئێراق بەبەر خۆی کەوتووە. لەسەختترین قۆناخدا تورکیای کەمالیستی نزیکی خۆی کردۆتەوە. کۆمار هانی هێرشکردنە سەر کوردان دەدات و بەمجۆرە دەیخاتە نێو هەڵدێرێکی مەترسیدار. واتە جارێکی دیکە لەمیانەی سیاسەتی «پەرتکە و زاڵبە» بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لەیستۆکی، «کەروێشك رابکە، تاژی بیگرە» بەڕێوەچووە، بەبەردێك چەند ئامانج پێکێنراوە. کۆمار کوردانی لەبیر کردووە کە تاوەکو دوێنێ لە سەختترین قۆناخدا هاوپەیمانی ستراتیژیان بوون، رێبەرەکانیان لەسێدارەدا، بەمجۆرەش وایزانیوە کێشەیەکی مێژوویی چارەسەر کردووە. لەمیانەی پەیڕەوکردنی شێوازەکانی سەرکوتکردن و نکوڵی، وەکو پێویستییەکی ئەم لەیستۆکە دەکەوێتە نێو سیاسەتێك کە زۆر لەهی عوسمانیەکان دواکەوتووترە، هەروەها دەکەوێتە نێو کێشەیەك زۆر بەخۆیەوە خەریك دەکات. نەك تەنیا کوردان بەڵکو بەمجۆرە تورکەکان و کۆماریش دەکەونە نێو لەیستۆکەکە. ئیمپریالیزم و داگیرکاری تەنیا یاری بەلایەنێك ناکات. رێساکەی

**دوا پەردەکانی ئەمجۆرە سیناریۆیانە، ئەوانەن کە دوای شەڕی دووەمی جیهانی تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان بەڕێوەچووە**

بەمجۆرەیە؛ بەردەوام یاری بەهەردوو لایەن دەکات، بەرژەوەندیەکەی زیاتر بەکام لایەندا بشکێتەوە بڕیار بەلایەنی ئەو دەدات.

لەم مێژووەدا واتە لەقۆناخی ١٩٢٠ . ١٩٢٥ هەمان سیاسەت و لەیستۆك لەڕێی ئێران و ئێراقیش تاقی دەکرێتەوە. لەکاتێکدا ئیسماعیل سمکۆ پێوانێکە و هەموو هێزێك تاقی کردۆتەوە، وا دەزانێ ئەو بەکاریان دەهێنێ. لەئەنجامدا سەرباری ئەو تواناکاریە مەزنانەی لەئارادان، بەڵام ئەو زهنیەتەی لەخۆیەوە دەگرێت، دەبێتە هۆکاری لەدەستدان و زیانی زۆر خراپ و مەزن. لەبەرئەوەی بەکارهێنان بەئامانجی تەکتیکی بەگوێرەی پێویست و لەکاتی خۆیدا بەشێوەیەکی راست هەڵناسەنگێنرێت، ئافاتی مەزن دێنێتە سەر کەسایەتی و جوڵانەوە و گەلان.

لەکوردستانی ئێراقیش بەڕێبەرایەتی مەحمود بەرزنجی ئەنجامەکە هەمان شت بوو. ئەگەر یەکتری بەکارهێنانی بەرامبەر لەبواری تەکتیکیدا پشت بەهێزی خۆی نەبەستێت و بەئەنجامێك نەگەیەنرێت، ئەوا رزگاربوون لەئەنجامی وونکردنێکی نیگەتیڤانە مەحاڵە. لەوەدا نابێ تەنیا تاوان بخرێتە سەر رێبەرایەتی سەرهەڵدان و رێکخەری ئەم پیلانانە و دوژمنەکانی گەل لەبیربکرێت. بەپێچەوانەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە پێویستە زۆر باش بزانین تەڵەزگەی کورد خاوەنی لۆژیکێکی چۆنی دامەزراندنە و بەمجۆرە هەنگاو بهاوێژێ.

دوا پەردەکانی ئەمجۆرە سیناریۆیانە، ئەوانەن کە دوای شەڕی دووەمی جیهانی تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان بەڕێوەچووە. ئەو پارتییانەی لەنێو ئەو هەلومەرجە خوازرا لەژێر ناوی PDK پێشبخرێن کە شەڕی دووەمی جیهانی رێگای لەپێش کردەوە، داردەستی باو و بەکرێگیراوێتی هاوچەرخی بەیەکەوە لەناویەکتردا بەڕێوەبرد، لەمیانەی پارتەکانی خۆیان نەك تەنیا بۆ ئەندام و لایەنگرەکانیان تەنانەت بۆ تەواوی گەلی کورد بوون بەخراپترین نموونە. لەکاتێکدا سەرکەوتن لەتێکۆشانی ئازادی لەسەرتاسەری جیهان ببووە رێسایەك سەرباری ئەوەی گەلی کورد بەدەستی ئەو پارتیانەی بە PDK ناو دەبران گەورەترین زیانی بەرکەوت، ئەم پارتانە نەیانتوانی خۆیان لەدەست یاری

کەرە تەکتیکیەکان دەربهێنن و لەڕەوشی پاشکۆیەتی رزگاریان بێت. دیاردەی کورد کە لەئاستی دەرککردن بەداگیرکاری رۆژئاوا پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەدیبوو، کەوتە نێو قۆناخێکی تاریکتر.

### قۆناخی میللیگەرای سەرەتایی دەرەبەگایەتی

ئەو جموجۆڵەی لەئەنجامی کاریگەریەکانی داگیرکەری سەرمایەداری لەکوردستان هاتە ئاراوە، رێگا لەپێش لێگەڕینی نوێ دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەی بۆرژوازی کورد پێکنەهاتووە، لەهەمان کاتدا لە بەرامبەر بەبۆرژوابوونی ئەرمەنی و سوریانیەکان و نەتەوەپەرستی بۆرژوا، کاردانەوە پێشدەکەوێت. لەبەرئەوەی بنەمای چینی بۆرژوا لاوازە و پێکهاتەی خێڵایەتی و دەرەبەگایەتی بەهێزە، دەتوانین ئەم کاردانەوانە لەچوارچێوەی میللیگەرای سەرەتایی دابنێین. زەقترین تایبەتمەندێتیەکانی ئەوەیە لەبنەمایەکی ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی بێبەشە، پشت بەکوردایەتیەکی سۆزداری و پێکهاتەی باوی کۆمەڵگا دەبەستێ. ئەم تایبەتمەندێتیانە دەرفەت بە پرۆگرام و رێکخستنێکی هاوچەرخ نادات. کاتێك خواستوویانە لەژێر ناوی کوردایەتی جموجۆڵ بکەن، ئەوا پەیوەندییە ئایینی و خێڵەکییە باوەکانیان بەبنەما وەرگرتووە. هەروەکو چۆن رێکخستنێکی نوژەن نییە، ئەوا ئەو ئامانجە سیاسیەی بەباوەڕیەوە پێیەوە گرێدراون بەشێوەیەکی واقیعیانە دەستنیشانیان نەکردووە. هەربۆیە پێکهاتەیەك دێتە ئاراوە کە هەموو کاتێك بۆ بەکارهێنان و خیانەتکردن لەبارە. کارەکتەری جولانەوەکانی یاخیبوونی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم لەسەر ئەم بنەمایە بوو. ئەم جوڵانەوانە گەورەترین زیانیان بەگەلی کورد گەیاندووە.

ئەم جۆرە رێبەرایەتیە دەرەبەگایەتی و میللیگەرا سەرەتاییانە کە لەهەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەی رەوش بێبەشن، ئامانجی سیاسی واقیعی دیار ناکەن، بەشێوەیەکی راست جیاوازی نێوان دۆست . دوژمن ناکەن، کات و شێوەی جولانەوەکان بەگوێرەی هەلومەرجی واقیعی بەرجەستە

> شتی خراپتر ئەوەیە هێزە دەسەڵاتدارەکان بنەماڵەکانیان بۆلای خۆیان راکێش کردووە و وەکو ئامرازێکی کۆنترۆڵکردنی گەل بەکاریان هێناون

ناگۆڕن و پێشی ناخەن، هەروەکو چۆن رێگایان لەپێش زیانی مەزن کردۆتەوە، بەهەمان شێوە نەبوونەتە خاوەنی هیچ دەسکەوتێکیش. شتی خراپتر ئەوەیە هێزە دەسەڵاتدارەکان بنەماڵەکانیان بۆلای خۆیان راکێش کردووە و وەکو ئامرازێکی کۆنترۆڵکردنی گەل بەکاریان هێناون. بابانیەکان بۆ یەکەمین جار لەهەرێمی سلێمانی لەساڵی ١٨٠٦ یاخیبوونیان بەواتا هاوچەرخەکەی دەستپێکرد، لەمێژووی دواتردا بوونە بنەماڵەیەك کە هەرە زێدە بەکرێگیراوی تێدا دەرکەوت؛ لەخزمەتکردنی تەواوی هێزە دەسەڵاتدارەکانی نەتەوەکانی دراوسێدا، هیچ سنوورێکیان نەناسیووە. هەمان شت لەرێبەرایەتی بەدرخان بەگ ی یاخیبوونی بۆتانی سەدەی بیستەمدا دەبینین. کاتێك بەهۆی کاریگەری زیاتری پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی و میللیگەرای سەرەتایی ئەم یاخیبوونەش لەشکست رزگاری نەبوو، وەکو بنەماڵە تاوەکو ئێستاش نەیانتوانیوە خۆیان رزگار بکەن و نەهێڵن بەکاریان بێنن. بەدرخانیەکان لەسەرووی ئەو بنەماڵانەوە دێن کە بەڕادەی هەرە زێدە ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوێتی هەرێمی پشتیان پێدەبەستن و بەئامانجی کۆنترۆڵکردنی کوردان بەکاریان هێناون. ئەو کوردایەتیەی پەیڕەویان کردووە سنوورەکانی میللیگەرای سەرەتایی تێپەڕنەکردووە، رەوتێکی نەتەوەیی و سیاسی جێگیریان نەخوڵقاندووە.

سەرەڕای ئەوەی لەسەردەمی شەڕی یەکەمی جهانی هەلومەرج لەبار بوو، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر دووربوون لەگەلاڵەکردنی پرۆگرامێکی دیموکراسی و دژە ئیمپریالیستی و ئاواکردنی رێکخستنێك جولانەوەکانی کورد لەئێران بەرێبەرایەتی سمکۆ شکاك، لەئێراق شێخ مەحمود بەرزنجی، لەتورکیا شێخ سەعید، لەبینینی رۆڵێکی شکست هێنەرانە رزگاریان نەبوو. زیاتر گەمە هەرزانەکانی سیخوڕەکانی ئیمپریالیزمیان بەپەیوەندی لەقەڵەمداوە و بوونەتە ئامرازی لەیستۆکەکانیان. ئەو هەمووو هەوڵەیان، نەبۆ خۆیان و نەبۆ گەل هیچ دەسکەوتێکی لێنەکەوتۆتەوە. تەنیا وەکو میراس بۆ بنەماڵەکانیان بەجێهێشتووە. هەرچی ئەو کۆنترۆڵەیە

که لەسەر ئەم بنەماڵانە دانراوە، دیسان لەچاودێری کردنی گەل بەولاوە هیچ واتایەکی دیکەی نەبووە. لەڕاستیدا ئەم جۆرە نزیکبوونەوانە بەدرێژایی مێژوو بەچڕی لەناو دەسەڵاتدارەکاندا پەیڕەوکراوە. بەکارهێنانی کەسێتییە لاواز و تێکشکاوەکان وەکو ئامرازێکی چاودێری سیاسەتێکی بەربڵاوە. بەڵام لەبەرئەوەی لەناو کورداندا بەئەنقەست لەولاوەتر، ئەم سیاسەتە لەناواخنیاندا جێگیر کراوە و فێرکراون، هەربۆیە خۆبەخشانە بەرامبەر بەخۆیان پەیڕەوی دەکەن.

لەقۆناخی PDK دا کە میللیگەرای سەرەتایی بەرەو پارتیبوون چوو، بووە بەدواترین و تێکدەرانەترین نموونەی ئەم تێڕوانین و هەڵوێستە. پێکهاتەی لەجۆری PDK بوونەتە بژاردەترین ئامرازی سیاسەتی هەرێمی هێزە دەرەکیەکان. بەهۆی پێشنەکەوتنی بنەمای بۆرژوازیەت و پێکهاتە دەرەبەگایەتیە . خێڵەکییە سنووردارەکانیان، بەردەوام لەبینینی ڕۆڵی مەترسیدار دژ بەهێزی خۆیی گەل دوودڵیان نەکردووە. لەپێناو ژیان و ئەو سامانەی بەدەستیانەوەیە، تاکە قۆزیان ئەوەیە بەرامبەر جولانەوەیەکی هاوچەرخی نەتەوەیی گەلی کورد بن بەباشترین داش. لەسەربنەمای بەرژەوەندییە بچووکەکانی بنەماڵێتی ئامادەیە مەترسیدارترین پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکانی ناوچەکە پێشبخات و ناکەوێتە نێو دوودڵیەوە. لەم لایەنەوە هیچ بەهایەکی ئاکاری یاخود پرەنسیپێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی نییە. ئەگەر هەشبێت لەهەراجکردنیاندا دوودڵ نابێت.

لەتەواوی ئەو وڵاتانەی کوردی لێیە، ئەو زیانەی لەمیانەی پارتەکانی بەناوی PDK دووچاری هاتوون، لەگەڵ هیچ قۆناخێکی دیکەی مێژوودا بەراورد ناکرێت. ئەوەی بواری مەترسی و خراپەکاریەکانی مەزن کردووە، ئەوەیە کە بەدەزگابوونە و پەنایان بردۆتە بەر خاوەنە بەهێزەکانیان. لەبەرئەوەی یاریکردن بەجولانەوەی هاوچەرخی ئازادی گەلی کورد لەناوچەکەدا پارەیەکی باش دەکات و پلەوپایە دێنێت، ئەوا بینینی ئەم ڕۆڵە بەشێوەیەکی دوولایەنەوە بە یارییەکی بەبەرهەم لەقەڵەم دەدرێت.

**پێکهاتە دەرەبەگایەتیە - خێڵەکییە سنووردارەکانیان، بەردەوام لەبینینی ڕۆڵی مەترسیدار دژ بەهێزی خۆیی گەل دوودڵیان نەکردووە**

بەڵام لەبەرئەوەی پێ بەپێ بوونەتە سەربازی بەمووچە و ئەو گەلەیان لەدەستدا کە لەمیانەی پەیڕەوە باوەکان بەخۆیانەوە گرێدابوون، ئەوا لەوە ڕزگاریان نابێت بەخێرایی ڕیسوا و گۆشەگیر بن. کاتێك سەرچاوەکانی پارە و ئەو هێزانە لەدەست بدەن کە دەستیان بەسەردا گرتوون، ئەوا لەڕەوشێکی بەمجۆرەدا نین تەنانەت بۆ یەك دانە ڕۆژیش بتوانن لەسەر پێیان بمێننەوە. هەروەکو زۆرجار بینراوە، کاتێك پشتگیری و یارمەتی خاوەنەکانیان لەدەست بدەن، تەنانەت لەیەك ڕۆژدا بەسەدان هەزار هێزی چەکدار بڵاوە پێدەکەن و ڕادەکەن. لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا مەترسیدارترین ستووندی تەڵەزگەی کوردانن. ئەو دووڕیانەی پێی گەیشتوون، یا ئەوەتا بەرەو هێزێکی دیموکراسی . نەتەوەیی بەپرەنسیپ و بەبڕیار وەرچەرخان ئەنجام بدەن، یاخود هەروەکو چۆن لەرابردوودا گەلێك نموونەی بینراوە دەکەونە ڕەوشی ئەو بنەماڵە ئاساییانەی دوورخراونەتەوە. ناشێ ڕەوشی ئێستایان لەگەڵ ڕێساکانی سیاسەتی دیموکراسیانە لێك بچوێنرێ.

سەرباری ئەو شکستانەی دووچاری هاتوون، هۆکاری سەرەکی بەردەوامبوونی میللیگەرای سەرەتایی ئەوەیە کە تاماوەیەکی درێژخایەن جولانەوەی نیشتیمانی . دیموکراسی گەلی کورد پێشنەکەوت، ئەگەر سەریان هەڵدابێت، ئەوا میللیگەرای سەرەتایی لەگەڵ ئەو هێزانەی پێیەوە گرێدراون بەسانایی پاکتاویان کردوون. بۆیەکەمین جار تەنگەتاوبوونیان بەرامبەر PKK، هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەگەلێك بوار و شوێندا ئەم گەمەیە پووچەڵکراوەتەوە. کاتێك PKK، ئەو سیاسەتەیانی ڕیسواکرد کە بەنهێنی دژی گەلیان پەیڕەو دەکرد و تێکیشکاند، کەوتوونەتە نێو خیانەتکارترین هەڵوێستی بەکرێگیراوێتی. کاتێك پێکدادانە درێژخایەنەکان ئەنجامی خوازراوی بۆ

بەدەست نەهێناون، زۆر بەباشی بۆیان روون بۆتەوە کە ناتوانن لەمیانەی سیاسەتی باوی بەکرێگیراوێتی مەودا ببڕن. شێوە و فۆرمە جیاوازەکانی میللگەرای سەرەتایی لەهەموو گۆڕەپانەکاندا بۆ ماوەیەکی درێژ چاوەڕوانی شکستی PKK بوون. کاتێك ئەمە بەدینەهات، بەشێکیان پەلاماری زیاتریان هێنا؛ بەشەکەی دیکەش دوورکەوتنەوەیان لەجولانەوەی سیاسی بەگوێرەی پێداویستی بەرژەوەندی خۆیان لەقەڵەمدا. لەو قۆناخەی کە نەبوونیان لەهەبوونیان باشتر بوو، هێز و باوەڕی ئەوەیان نەبوو سیاسەتی نەتەوەیی - نیشتیمانی پەیڕەو بکەن. ئەو جولانەوانەی لەسەربنەمای بەرژەوەندی تەسکی بنەماڵەگەرێتی و کەسێتی ئاواکراون، کاتێك ئەنجامی پێچەوانەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، لەپەرتەوازەبوون رزگاریان نەبووە.

ئەو رەوشەی لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا میللیگەرای سەرەتایی تێیدا دەژیت، لەدەروازەی ئەم رێگایەدایە. بۆ ئەوەی رێگا لەوە بگیردرێت کە مەترسیدارتربن، باشترین رێگا ئەوەیە بۆ نێو رێککەوتنێك راکێش بکرێن کە هەست بەمتمانە و ئاسایش بکەن، ئەوانەی نایەنەوە سەر رێگاش ریسوا بکرێن و دابڕێنرێن. کاتێك راستینەی رۆژبەرۆژ سنووردرابوون و پەرتەوازەبوونی بنەما چینایەتییەکەیان و بێبەشکردنی ئەم رەوتە و جولانەوەکەیان لەزەمینەی ماددی بێنینە بەرچاوان ، ئەوا ئەگەر بخوازن بژین، ناچارن پێویستی وەرچەرخانی دیموکراسییانە وەکو بژارێك لەپێش خۆیان دابنێن.

هەرچەندە ئەو بەرژەوەندیە کەسێتی و بنەماڵەگەرێتیە بەهێزەی فێری بوون، ئەوە نیشانبدات کە بە ئاسانی بەرەو پێوانە دیموکراسییەکان نایەن، لەجیاتی ئەوەی بەتەواوی ژیان لەدەست بدەن، ئەوا ئاواکردنەوەیان لەسەر ئەو بنەمایە، دەتوانرێ وەکو گونجاوترین رێگا لەپێشیان دابنرێت. هەربۆیە پێویست دەکات بەردەوام لەمیانەی رێککەوتنی دیموکراسیانەی بەرفراوان و بەرامبەر بە لایەنە مەترسیدارەکانی بەتەگبیر بێت، بەمجۆرە شیکردنەوەی ئەم بەڵا مێژوویيە و دەرخستنی لەڕەوشی کۆسپ نانەوە، بایەخێکی مەزنی هەیە.

> **"پێچکەیەکی دیکەی گرنگی ئەم پێکهاتە چینایەتیە، پێشکەوتنی خێرای وردە بۆرژوازیەتە هەم لەشار و هەم لەناوچە لادێیەکان**

### قۆناخی میللیگەرای بۆرژوازیەت

ناسیونالیزمی بۆرژوازیەت، مەیلێکە لەناواخنی میللیگەرای سەرەتاییەوە پێشکەوتووە. کاتێك دەوربەر و ناوەندی دەرەبەگایەتی چینی باڵادەستی کوردان پەیوەندییان لەگەڵ سەرمایەداری بەست، بەپێی تێپەڕبوونی کات رێگای لەپێش پێکهاتەی چینایەتی نیمچە . بۆرژوا کردەوە. ئەو توێژەی کە لەنێو گرێدانێکی چڕ بە بۆرژوازیەتی نەتەوەی سەردەستەوە پێشدەکەوێت، هەروەکو لەجولانەوەکانی بەنەتەوەبووندا دەبینرێ ئەمانە تایبەتمەندێتی شۆڕشگێڕی تەنانەت ریفۆرمخوازیشیان پێشنەکەوتووە؛ ئەم خەسڵەتەیان هێندە کەمە مرۆڤ دەتوانێ بڵێ نییە. دیاردەیەکە گۆڕانکارییە بابەتیەکان کردوویانە بەناچارییەك. تەنانەت بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆی سەبارەت بەبازاڕ تێکۆشانێك ئەنجام نادات. لە فۆرمێکدایە کە زۆر لەگەڵ پێناسەی چینی سیخوڕ گونجاوە. بەتایبەتیش ئەو شارانەی لەئاکامی پێشکەوتنی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری مەزنبوون، شوێنگەی ئەم چینە لەناو کۆمەڵگادا بەهێز دەکات. لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم تەواوی کوردستان گۆڕانکاری بابەتیانەی بەمجۆرەی بەخۆوە بینی.

پێچکەیەکی دیکەی گرنگی ئەم پێکهاتە چینایەتیە، پێشکەوتنی خێرای وردە بۆرژوازیەتە هەم لەشار و هەم لەناوچە لادێیەکان. بەرامبەر بەپێشکەوتنێکی سنووورداری بۆرژوازی مەزنی کۆمپرادۆر، بەشێوەیەکی فراوان و بەربڵاو چینی وردە بۆرژوا پێکدێت. لەناوچە لادێیەکاندا وردە بۆرژوازیەتی گوند مەیلێکی زۆر گرنگە، لەشارەکانیشدا چینی وردە بۆرژوا لەناو بیروکراسیەتی دەوڵەتدا خزمەت دەکات، مەزن دەبێت و جێگایەکی گرنگ دەگرێت. لەبەرئەوەی هەردووکیشیان لەوە بێبەشن کە لە دەوروبەری بازاڕێکی نەتەوەیی تێکۆشانی زمان و کولتووری نەتەوەیی بکەن و زیاتر لەسەربنەمای وابەستەبوون بەهێزە دەرەبەگایەتیەکانی بەکرێگیراوێتی باو و بیروکراسیەتی

دەوڵەت گوزەران دەکەن، لەژێر کاریگەری کارەکتەر و کەسایەتیەکدان کە هاوتەریبی بۆرژوازیەتی ناسیونالیزمی نەتەوەی سەردەست و نەتەوە پەرستیەکەیەتی و لەناویاندا تواوەتەوە. هێزی ئەوەیان نییە هەڵوێستێکی نیشتیمانی و وڵاتپارێزانە سەبارەت بەبەهاکانی زمان و کولتووری گەل نیشان بدەن. هەروەکو چۆن پێکهاتەکەیان و بەرژەوەندییەکانیان رێگا بە مەیل و هەڵوێستێکی بەمجۆرە نادات، ئەوا لەئاستی ئایدیۆلۆژی و ئاکاری پێویستیش بێبەشن.


رێبەرایەتییە چینایەتیەکانی ئەم پێکهاتانە کە ترسنۆکن، بێکاریگەرن، لەڕاستیەکان دوورن و تادواڕادە هەڵگری تایبەتمەندێتی تەسلیمکارانەن، ئەگەر دەرفەت ببینن رێگا لەپێش پەنابردنە بەر مەیلی ناسیۆنالیزمی ریفۆرمخوازانە دەکەنەوە. پێشکەوتنی شێوازێکی بەمجۆرەی نەتەوەپەرستی جێگای باسە. واقیعی بابەتی کە لەئارادایە ئەمە دێنێتە ئاراوە. دەرەبەگایەتی لە پشتیەوەیە، لە هەرچوارلایەوە هێزەکانی دەوڵەتی نەتەوەکانی سەردەست، هەبوونی گەلیش لەپێشیدا، بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەم مەیلە تایبەتمەندێتیەکی بەمجۆرەی هەبێت هاوتاکەی لەجیهاندا زۆر کەمە. فێڵبازی، هەڵپەرستی، پیلانگێڕی، دووڕوویی، خیانەتی لەناکاو، هەموو جۆرە ساختەکارییەك، بەردەوام گرنگیدان بەبەرژەوەندیەکانی کەسێتی، بێ پرەنسیپی، تاوەکو بڵێی قەرەبوو دەدات، هەروەکو حەربا رەنگ دەگۆڕێت، هێندەی لەناکاو دەبێت بەشۆڕشگێڕ لەناکاویش دەبێت بەدژە شۆڕش، بێباوەڕی بەگەل، بەردەوام لەخاوەن دەگەڕێ تاکو پشتیان پێ ببەستێ، سۆزداریەکی رادەبەدەر و بێ خەمی، هێندەی لە ئایدیۆلۆژیا بێبەشە تا بڵێی دیماگۆکیشە، بەهەمان شێوە لەبەها ئەخلاقیەکان بێبەشە، بەئەندازەی ئەوەی بەخێرایی یاخی دەبێت بەخێراییش دەبێتە تەسلیمکار، لەناکاو رێبازێك ئاوا دەکات و پەنادەباتە بەر ئایدیۆلۆژیایەك

> **بەبێ سڵەمینەوە بۆ هەموو جۆرە پەیوەندیەکی تەسلیمکاری و بێ پرەنسیپیانە لەگەڵ هێزە داگیرکارەکان و ئیمپریالیزم کراوەبوون**

بەهەمان خێراییش دەستی لێبەردەدات و بێ رێبازە، لەرووخساردا بەجموجۆڵ دیارە لەژێرەوە ماندوو بوون و تەمبەڵە، بەئەندازەی ئەوەی سەبارەت بەڕابردوو خاوەنی دۆگما و زانیاری لەقە، بەئەندازەی بێ ئومێدی سەبارەت بەئاییندە خەیاڵی پڕوپووچی هەیە؛ ئەمانە وەکو تایبەتمەندێتی گشتی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و کولتووری و کرداری مەیلەکانی ئەم چینە رووبەڕوومان دەبێتەوە.

سۆسیالیزمی بونیادنراو و رزگاری نەتەوەیی دژبە ئیمپریالیزم کە لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بایەخدار بوو، ئەم مەیلە کاریگەری کردە سەر تەواوی کوردستان، رێگای لەپێش ئەوە کردەوە چەپڕەوێتی وردە بۆرژوا ریفۆرمیستەکان بێتە ئاراوە. تایبەتمەندێتیە سواوەکانی نەتەوەپەرستی بۆرژوا، ئەوەیان لەبەرژەوەندی خۆیاندا بینی کە لەمیانەی ئەو مەیلەی رەواجی هەیە، تەنانەت لەمیانەی چەنەبازێتی مارکسیستی . لینینیستی خۆیان بخەنەڕوو؛ لەلایەکی دیکەشەوە بەبێ سڵەمینەوە بۆ هەموو جۆرە پەیوەندیەکی تەسلیمکاری و بێ پرەنسیپیانە لەگەڵ هێزە داگیرکارەکان و ئیمپریالیزم کراوەبوون. رێگرتنی لەپێش سۆسیالیزم و نیشتیمانپەروەریەکی شۆڕشگێڕی راستەقینە، لەنزیکەوە گرێدراوی ئەم هەڵوێستەیانە. سەرەکیترین هەڵسوکەوتی ئەم مەیلە و گروپەکانیان ئەوەبوو، لەروخساردا خۆیان وەکو لایەنگری مەیلی شۆڕشگێڕی نیشانبدەن و لەپشتەوەش خەنجەری لێبدەن.

ژمارەیەکی زۆری ئەو پارتی و گروپانەی وەکو هاوپەیمان و درێژەی پارتیەکانی بەناوی PDK و ئەو پارتە کۆمۆنیستیانە بوون کە هەڵگری تایبەتمەندێتیەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراو بوون، لەهەموو پارچەکاندا زۆر لەدواوەی نەتەوەپەرستی سەرەتایی دەرەبەگایەتی مانەوە و رێگایان لەپێش گەلێك خراپەکاری کردەوە. بەردەوام مەیلی ئازادیخوازی گەلیان شێواندووە. ئاژاوەچێتی و جێنەگرتنیان لەناو یەکێتی بەرەیی بەبڕیار، هەڵوێستێکی دیکەیانە کە نیشانیانداوە. لێرەشدا کاریگەرێتیەکی راستەوخۆی بەرژەوەندیەکانی بنەماڵێتی و کەسێتی و ئەو یارمەتیە



ماددیە هەبوو کە لەو دەوروبەرانەیان وەردەگرت کە پێیانەوە گرێدراو بوون. کارێکی دیکەی گرنگیان ئەوەبووە، ئەو کادیرە دڵسۆز و وڵاتپارێزانەی جێگای خۆیان لەناویاندا گرتبوو لەمیانەی هەموو جۆرە شێوازێکەوە بێکاریگەریان بکەن، لە کوشتنەوە تاوەکو لەڕێ لادان و گەندەڵ کردنیان بەکارهێناوە. کۆششێکی ڕێکخراوەیی، سیاسی و کولتووری و کرداری ئەوتۆیان نییە بەهەند وەربگیردرێت. دەستبەسەرداگرتنی دەسکەوتەکان و لاڕێکردنی و لەئەنجامیشدا پووچەڵکردنەوەی، مەسەلەیەکن لەنزیکەوە گرێدراوی ئەم مەیلەن. لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لەنێو بێچارەییەکی قووڵ و شوێنگەیەکی هەرە لاوازدا دەژین.

ئەوانە چاوەڕوانی ئەوە دەکەن، پێشەنگی گەل PKK لەناو بچێت و پەرتەوازە بێت. سەرەڕای ئەوەی ڕۆڵێکی گرنگیشیان لەدوا پیلانگێڕی ١٥ ی شوبات هەیە، بەڵام بەدینەهاتنی ئەم چاوەڕوانی و ئومێدەیان، ڕێگای لەپێش پووچەڵبوونەوەی خەیاڵەکانیان کردەوە. ئەو پەیوەندییە هەمە لایەنانەی لەگەڵ هێزە داگیرکەر و ئیمپریالیستەکان پێشیان خستووە، زیاتر ڕێگای لەپێش گۆشەگیربوونیان کردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەی وەکو چینێك زەمینە ماددیەکەیان بۆ پەیوەندی کراوەیە، بەڵام بەهۆی تایبەتمەندیەکانی پێکهاتەکەیان، بەردەوام پێویست دەکات ئەم مەیلە چاودێری بکرێت، دوژمنایەتییەکی (تەڵەکەبازانە بەرامبەر چارەسەری ستراتیژی برایەتی و یەکێتی ئازاد و پێوانە دیموکراسییەکان) دەکەن کە ڕێبەرایەتی گەل هەوڵدەدات لەگەڵ تەواوی کولتوور و گەلان پێشبخات، بەتایبەتیش لەگەڵ گەلان و نەتەوە دراوسێکان. هەوڵدەدەن ئەمە وەکو تەسلیمبوون و «فرۆشتنی کێشەی کورد» هەراج بکەن. تاوەکو دوایی بە تەگبیربوون و هەستیاری بەرامبەر بە نوێنەرانی ئەم مەیلە کە پیرۆزترین بەهای گەلی کوردیان لەخۆڕا هەراج کرد و لەمیانەی گلاوترین پیلانگێڕییەوە جێگای خۆیان لەپاکتاوکردنیدا گرت، گرنگیەکی مەزن لەخۆوە دەگرێت. نابێ بە رووخساری لاوازی و ساویلکەییان هەڵخەڵەتێن. هەم ئەوانەی پاشماوەی نەتەوەپەرستی سەرەتایی دەرەبەگایەتین، هەم ئەوانەی شێوەی جیاوازیان بەخۆیان داوە و خاوەنی روخسارێکی نەتەوەپەرستی بۆرژوازین و بەشێوەیەکی چالاکانە لەنێو هەڵوێستی مامەڵەکردن و هەراجکردن دان، بەئەندازەی ئەوەی ئەوانەی دڵسۆزن و دەخوازن بێنەوە سەر راستەڕێ، هەڵسەنگاندنیان لە میانەی هەڵوێستێکی رەخنەدانانە و قازانجکردنیان و لەخۆوە گرتنیان لەنێو یەکێتی و کۆمەڵەی گونجاودا، ئەوا پێویستە لەبوارەکانی ئایدیۆلۆژی، سیاسی، کولتووری و کرداریدا تەگبیری دیکە وەربگیردرێت و بێکاریگەر بکرێن، بەمجۆرەش بەلاوەنانیان وەکو کۆسپێکی پێش چارەسەری دیموکراسییانە، بایەخێکی گرنگی هەیە.

**کۆتایی**

+لە بەرگی دووەمی بەرگرینامەی «لە دەوڵەتی کاهینی سۆمەرەوە بەرەو شارستانێتی دیموکراتی» وەرگیراوە

# ئەوە راستیەکی نوێ نییە؛ حەقیقەتی رۆژهەڵاتی ناوینە



ئازادیی کۆمەڵگە
نەجیبە قەرەداغی

رۆژهەڵاتی ناوین جێیەکە بە درێژایی مێژوو بۆ هیچ هێزێکی دەرەکی و نێونەتەوەیی رام نەکراوە، رۆژهەڵاتی ناوین لە نێوان ململانێی خۆبوون و سەپاندنی ویستی دەرەکی دا، هەمیشە ریسی هەموو پلانێکی کە لەگەڵ راستینەی مێژوویی دا نەهاتۆتەوە، کردۆتەوە بە خوری. درەنگ یان زوو هەموو پیلانێکی هێناوەتەوە خاڵی سفر. هەرێمەکە هەمیشە ئاوس بووە بە ساتەوەختی چاوەڕواننەکراو. بۆ ئەوەش هەر پیلانێکی دەرەکی دارشتنەوە لەسەر مێژ کێشرابێ و قوربانی و کۆمەڵکوژی گەورەشی لێکەوتبێتەوە، دیسانەوە سەری نەگرتووە. هەرێمەکە کراسی دەرەوەی پێ تەنگە و بەردەوامیش لە لێگەڕێنی خۆبوون دا بووە. راستی مێژوویی هەرێمەکە بە زیادەوە زەمینەی خۆبوونی تێدایە، وەڵێ سەپاندنەکانی سیستەمی سەرمایەی نێونەتەوەیی لەماوەی سەدان ساڵەی رابردوودا هەمیشە ئەو دەرفەتەی لەباربردووە، بەڵام راستی مێژوویی رۆژهەڵاتی ناوینیش بە زیادەوە سەرگێژەی بۆ هێزی نێونەتەوەیی باڵادەست دروست کردووە.

دەوڵەت نەتەوە و سنوور، سەرکردەی کۆمپرادۆر و وابەستە، دزی و تاڵانی سەرچاوەی وزە، مردن و شەڕ و ئاژاوە وەک ئەوەی کە ناسنامەی ئەم هەرێمە بێت. ئەمە دیدی ئۆرێنتالیست و هێزی نێونەتەوەییە لەسەر ئەم هەرێمە. ئەوەی ئەلفوبێی سیاسەت بزانێ، لەوە بە ئاگایە کە دەوڵەت-نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوین لە سەد ساڵی رابردوودا بەدەستی ئینگلیز و فەرەنسا نەخشەڕێژکران و دامەزران و لە هەریەک لەو وڵاتانەدا دەسەڵاتداریەک ئەرکدارکرا کە بە ئاگر و ئاسن مامەڵەی لەگەڵ کەلتورە جیاوازەکان کرد، بەڵام بە ئێستاشەوە سەرکەوتوو نەبوون لەوەی کە ململانێی دەسەڵاتدارەکان و کۆمەڵگە بگۆڕن بۆ شەڕ و ململانێی نێو کۆمەڵگە خۆی. سیاسەتی زاڵ لە ماوەی ئەو سەدەییەی دواییەدا بەرێی ئەو دەوڵەت نەتەوە دەستکردانە، سیاسەتی تاکرەنگی ئەتنیکێک یان مەزهەبێک یان ئاینێک نەک تەنیا بەربەستی لەبەردەم ئازادی رادەبرین و مافی مرۆڤ و دیموکراسی دانا بەڵکو کۆمەڵکوژی گەورەی لەبەرامبەر گەلانی بێ پێگە و کەلتورە جیاوازەکان ئەنجام دا و هەمووشی بە بەرچاوی هێزە دامەزرێنەرەکانی سیستەم.

دوای سەدەیەک، سیاسەتی دارێژراو لەسەر بنەمای دەوڵەت نەتەوە، پرۆژەی دەرەکی جارێکی تریش دەستبەتاڵە و شکاندنی سنور و دارمانی دکتاتۆرەکان بەدەر لەوەی کە بێکاریگەربوونی دەسەڵاتە ناوەندی و تۆتالیتاریەکانی لێدەکەوێتەوە بەڵام لە ئەنجامی ئەو تێکۆشانەی کە گەلان و بزوتنەوە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی ناوین، لەسەرروویانەوە بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد، کۆڵەکەی سەرەکی ئەو دەوڵەتانەی هەڵتەکاندووە. کاردانەوەی ئەو دەوڵەتانە هاوتەریب لەگەڵ دارشتنەوەی بەرژەوەندیەکانی هێزی نێونەتەوەیی دۆخێکی هێناوەتە ئاراوە کە بە هەموو پێوەرێک شەڕی سێیەمی جیهانە. ئەو دەوڵەتانەی سەدەیەکە وەک سیخوڕی هێزی نێونەتەوەیی بەسەر کۆمەڵگەوە بوونەتە بارێکی گران، نەک هەر لە دژی کۆمەڵگەن بەڵکو وەک دومەڵێکی پێگەیشتووە هەر قۆناغەی یەکێکیان قێزەونیەکانیان بە رووی گەلانی هەرێمەکە بە تایبەتی ژنان دا دەتەقن. ئەم سەدەیە چەند لە ئاستێکی ترسناک دا

توند و تیژی بێ سنوری و وەحشیگەرانەی لە دژی کۆمەڵگە و بە تایبەتیش ژنان لێکەوتەوە بەهێندەی ئەوەش سەرەتای سەدەیەکە کە ئاوسە بە مۆدێلی نوێ. لە سایەی بزوتنەوەی ئازادی ژنی کورد کە تەواوی پایەکان و سێکۆچکەی دەوڵەت، پیاوسالاری و سەرمایەداری هەموو دەمامکەکانیان کەوتووە و رۆژ بە رۆژ هەم لە بەرامبەر یەک و هەم لە بەرامبەر کۆمەڵگە هارتر دەبن. هەوڵەکانی نیولیبرالیزم بۆ دارشتنەوەی سیستەم نەک تەنیا لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوین دا بەڵکو لە ئاستی جیهان دا بۆتە مایەی ئێش و ژانی گەورە بۆ مرۆڤایەتی.

شەڕ و پێکدادانی بەردەوام لە رۆژهەڵاتی ناوین، گۆڕانکاری رۆژانە لە هاوسەنگی هێز لە نێو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین و هێزە نێونەتەوەییەکان دا، هێرشەکانی داعش لە ئاستی جیهان دا بەتایبەتی تەقینەوە و پەلامارەکانی پاریس ، بروکسل، لەندەن و زۆر جێگەی دیکە، قەیرانی ئابوری، شەپۆلی کۆچبەری و قەیرانی پەنابەران و بەرزبونەوەی ئاستی نەژادپەرستی لە ئەوروپا، هاتنە سەر کاری ترامپ، تاقی کردنەوەی بۆمبی ئەتۆمی لەلایەن کۆریای باکور، قۆناغی دابڕانی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا و دەستپێکردنی سەردەمی ترێزا مەی، گەرمبونی گلۆبال، برسێتی، نەخۆشیە جۆربەجۆرەکان، ئاماژەی ترسناکن. جوگرافیای ململانێیان جیاوازە بەڵام وەک سەدەی رابردووش لە رۆژهەڵاتی ناویندا بەرژەوەندیەکان شێوە دەگرێتەوە.

لە تەواوی ئەمانەدا ڕاستیەکی حەشاهەڵنەگر دیارە کە رۆژهەڵاتی ناوین هەرگیز وەک رابردوو نابێت. هێزی جدی نادەوڵەتی ئازادیخواز لە پەرەسەندن دایە و بزوتنەوەی ئازادی گەلی کورد لە سەروو لیستی ئەو هێزانەوەیە و تەنانەت سەرکێشی هێزە ئازادیخوازەکانە. ئەم راستیە تەنانەت ئیدی راپۆرتەکانی هێزی نێونەتەوەییش دانی پێدا دەنێت. لە ماوەی رابردوودا دوو راپۆرتی گرنگ بڵاو کرایەوە.

یەکەمیان لە راپۆرتێکی ژمارەیەک سیاسەتمەدار، مامۆستای زانکۆ، شارەزایان و بەرپرسانی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئەمەریکی، بالیۆز و کاربەدەستانی پێشوی ئەمەریکی بە ناوی « لە پشت ئەفسانەی شەراکەت، چاوخشاندنەوە بە سیاسەتەکانی ئەمەریکا بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا» بە درێژی باس لە ستراتیژی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوین و کاریگەری پێگەی سیاسی تورکیا لەسەر ئەو ستراتیژیە و مەترسیەکانی سەردەمی ئەرۆدغان بۆ ئەمەریکا دەکات. ئەو راپۆرتە شیکاری ورد لەسەر هەڵەکانی ئەمەریکا دەکات کە مەرایی بۆ تورکیا دەکات و ئەو سیاسەتە پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە چونکە ئەردۆغان چەندە بیدرێتێ هێندەی تر داوا دەکات. تورکیا کاریگەر و بایەخی جیۆپۆلەتیکی نەماوە. راپۆرتەکە بە زمانێکی دیبلۆماسی داوای گواستنەوەی چەقی هێزی ئەمەریکا دەکات لە تورکیاوە بۆ جێگەی تر. راپۆرتەکە بە راشکاوی باس لە شکستی ئەمەریکا دەکات لەوەی تورکیا بیێتە مۆدێل بە تایبەتی ئاماژە بە نائارامی ناوخۆیی دەکات و رێنمایی دەدات کە دەبێ ناکۆکی تورکیا لەگەڵ کوردەکان لە سوریا و تورکیا سنوردار بکرێت. راپۆرتەکە نایشارێتەوە کە ئەمەریکا زۆر جار هاوکاری تورکیای کردووە بۆ لێدانی پەکەکە و گرتنی ئۆجالانیش بەنمونە دێنێتەوە و بە ئەرێنیەوە لە مامەڵەی تورکیا لە ئاست میدیا و خۆپیشاندەرانی ناوخۆدا، گرتنی بە تایبەتی پەرلەمانتارە کوردەکان ناڕوانێت.

راپۆرتێکی تر کە لە سەرەتای مانگی گوڵان دا لە لایەن ماڵی (خانە)ی لۆردانی بەریتانیاوە دەرکرا و لە ١١٦ لاپەڕە پێک دێت زۆر خاڵی گرنگ لە خۆدەگرێت، سەیرە کە ئەم راپۆرتە زۆر کەم ئاماژەی پێکرا و تیشکی نەخرایە سەر لەگەڵ ئەوەی کە ئەم راپۆرتە خاڵی ستراتیژی و ئاماژەی نەخشەرێیەکی نوێی تێدایە.

ڕاپۆرتەکە بەناوی « رۆژهەڵاتی ناوین: سەردەمی راستیەکی نوێ» و لێکدانەوەی وردی لەسەر دۆخی زۆرێک لە دەوڵەت-نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوین کردووە.

بەپێی راپۆرتەکە بێت پێکهاتە و قاڵبەکانی دەسەڵاتداری و نەریتی لە رۆژهەڵاتی ناوین لە دۆخێکی سەخت دایە، ئەگەری مانەوەی گێژاو و نائارامی رۆژهەڵاتی ناوینی نوێ زۆرە. رۆژهەڵاتی ناوین بە « سەردەمی وەرچەرخان» دا تێپەڕ دەبێت. سیستەم و سنورەکانی پێکهاتوو لە دوای شەڕی جیهانی دادەڕمێن و هەڵدەوەشێنەوە.

راپۆرتەکە باس لە کاریگەری « بەهاری عەرەبی » دەکات و بە قۆناغی هەژاندن بەناوی دەکات و لە درز کەوتنە سیستەمەوە « هەستی یەقینبوونی گۆڕانکاری « دەخاتە ڕوو.

بەپێی راپۆرتەکە پێکهاتەکانی دەرەوەی « دەوڵەت و دەسەڵاتی نەریتی « گەورە دەبێت کە جەخت لەسەر ئەوە

دەكاتەوە « كاتێ پەرە بە سیاسەت بدرێت لەو هەرێمە دەبێت مامەڵەی زیاتر لەگەڵ ئەم پێكهاتانە بكرێت». بە تایبەتی ئەو هێزانەی لە دەرەوەی دەوڵەت یان لە بونیادی خوارەوەی دەوڵەتدان.

بەپێی هەمان راپۆرت بێت، هاوسەنگی نوێ لە نێوان وڵاتانی رۆژئاوایی و دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوین دادەڕژرێتەوە، بەهۆی پاشەكشەی نەتەوە رۆژئاواییەكان، كاریگەر و باڵادەستیان بەسەر رۆژهەڵاتی ناوینەوە كەم بۆتەوە. بەهۆی كەمبوونەوەی كاریگەری وڵاتانی دەرەوە بە تایبەتی رۆڵی ئەمەریكا، رۆژهەڵاتی ناوین لە ژێر كاریگەری سێ هێزی سەرەكی دایە. ئاكتۆرە هەرێمیەكان زیاتر رۆڵی چالاكیان دەبێت. بە لاوازبوونی پێكهاتەی دەوڵەتەكان، ئاكتۆرە نوێیەكانی دەرەوەی وڵات گەشە دەكەن. دابەشبوونی هێزی دەوڵەت، دۆخێكی هەم ئاڵۆز و هەم هێزێكی پڕ مشتومڕی ئافراندووە.

بەپێی ڕاپۆرتەكەی خانەی لۆردانی بەریتانیا بێت، ئینگلیزەكان دەبێ مامەڵەیەكی نوێ لەگەڵ ئەو دۆخەكە بكەن كە لە رۆژهەڵاتی ناوین دێتە ئاراوە. بە ڕاشكاوی و بە پێی ئەو ڕاپۆرتە وا دیارە ئەوەی سەد ساڵ لەمەوبەر دایانڕشتووە هەڵدەوەشێتەوە، بۆ ئەوەی لە دەرەوەی كاریگەرییەكانی ئەلتەرناتیفی نوێ نەبن، داوا دەكەن كە بەریتانیا سیاسەتێكی نوێ و ورد بەڕێوەبەرن، بەڵام بەپێی هەمان راپۆرت بێت بەدڵنیاییەوە دەوڵەتی نوێ و سنوری نوێ لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژیەدا نییە، بەڵكو شكستێكی خشكەیی لە ستراتیژی سەدەیەكی رابردووی تیدایە و لە ژێر گوشاری ناوخۆ و بۆ هەرچی رادیكالیزەنەبوونی بزوتنەوەی ئەلتەرناتیف و دیموكراتی، هەندێكیش چاوی خۆیان لە گەشەسەندنی دیموكراسی خۆجێی دەنوقێنن.

وەڵامنەدانەوە و نائامادەیی هێزی نێونەتەوەیی بۆ قەوارەی نوێ لە ژێر ناوی دەوڵەت دا ( وەك لە دۆخی باشوری كوردستان) دا نەك تەنیا مەسەلەیەكی تاكتیكیە، بەڵكو ستراتیژییە، دەوڵەتانی هەژمۆنی و باڵادەست لەگەڵ ناوەندێكی لاوازدان كە هەڕەشە نەبێ بۆ سەر بەرژوەندیەكانیان لە هەرێمەكە و ، هەم لەگەڵ كرانەوەیەكی ڕێژەییدان لە ئاست ئەو گروپانەی كە لە سەد ساڵی رابردوودا سەركوتكراون و لەدركی ئەوەدان كە سەركوتكردنیان لە بەرژوەندی ئەوانیش دا نییە. چەند لە ئاستی نێونەتەوەیی دا هاوشێوەی شەڕی جیهانی یەكەم و دووەم ململانێی نێوان چەندین هێزی هەژمۆنی وەك ئەمەریكا، روسیا، چین، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئینگلتەرا هەبن، ئەو ململانێیە لە ئاستی هەرێمەكەش بەسەر دەوڵەتی جیاوازدا دابەش بووبێ بەڵام سیاسەتی نێونەتەوەیی و تەنانەت هەرێمی جێگیر نییە و بەردەوام گۆڕانكاری بەسەردا دێت و لە پرسی قەتەردا زۆر بە ڕاشكاوی بینرا.

ئەو ململانێیانە بێگومان دەرفەتی بۆ هێزی نادەوڵەتی لە هەرێمەكە كردۆتەوە كە گەشە بكەن، كە بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی كورد لە چوارچێوەی مۆدێلی كۆنفیدرالیزمی دیموكراتی دا پەرەی پێداوە و هەڵەیە كە ئەو مۆدێلە بە تەنیا لە شۆڕشی رۆژئاڤادا پێناسە و كورت بكرێتەوە. كۆنفیدرالیزمی دیموكراتی دارشتنەوەی تەواوی چەمك، تیۆری و پرەنسیپەكانی پەیوەست بە پرسەكانی رۆژهەڵاتی ناوینەوەیە، ئەو پرنیسیپانەی كە پەیوەستە بە نەتەوە و گۆڕینی بۆ نەتەوەیی دیموكراتی و دوور لە دەمارگیری ئەتنیكی و ئاینی و مەزهەبی، گۆڕینی پرنسیپی دەوڵەت-نەتەوە بۆ خۆبەڕێوەبەری دیموكراتی و نیشتمانی هاوبەش، گۆڕینی دەستورێكی تاكرەنگی و نكوڵیكار لە ماف و ئازادی و خۆبەڕێوەبەر بۆ هاوپەیمانیەكی كۆمەڵایەتی و دەستورێكی دیموكراتی، لە سوپایەكی ناوەندی سەركوتكار و هێرشبەر و قاتڵەوە بۆ دامودەزگای پاراستنی خۆیی گەلان، لە ئابوریەكی ناوەندی و وابەستە بە هێزی مۆنۆپۆلكار و دەرەكی و سەرمایەدارییەوە بۆ ئابوریەكی هەرەوەزی لەسەر بنەمای خودژێنی، لە سیستەمێكی نادیموكراتی، پیاوسالار و ناوەندی بۆ سیستەمێكی ئازادی ژێندەر، ئەكۆلۆژیيانە كە نەك تەنیا سەروەری مرۆڤ بۆ سەر مرۆڤ ناهێڵێ بەڵكو پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤ و مرۆڤ و سروشتیش هاوسەنگ دەكاتەوە بۆ پەیوەندیەكی خودژێنی و سەمبیۆتیك-هاوبەشی و یەكترتەواوكردن. حەقیقەتی رۆژهەڵاتی ناوین لەو مۆدێلە فرەنگەدایە و هیچ هێزێكی دیكە ناتوانێ لە ژێر ناوی راستیەیەكی دیكەدا شێوە بە رۆژهەڵاتی ناوین بدات. ئەو رۆژهەڵاتی ناوینە كە لە سوتماكی خۆی نوێ دەكاتەوە، راستی ئەو ژنانەی كە چارشێوەی ڕەش سەپێنراوی داعش لە رەقا، شەنگال، موسڵ، مەنبەج، هۆڵ و شەدادیە دەسوتێنن راستیەكی نوێ نییە، ئەو رەنگەی لە ژێر ئەو چارشێوە ڕەشەدایە و بە شۆڕشی رۆژئاڤا هەنگاوی بونیادنان دەنێت حەقیقەتی رۆژهەڵاتی ناوینە.

# بۆچی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی؟



ئازادیی کۆمەڵگە
دیارغەریب(هەڵمەت)

**بەشی یەکەم**

ئەمڕۆ جیهان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێراق و کوردستان بەقۆناخێکی هەستیار و چارەنووسسازدا تێپەڕ دەبن، سیستەمی سیاسی، ئیداری، ئابووری و کۆمەڵایەتی جیهانی لەقەیرانێکی قوڵدایە و ئەوەتا دەبینین هەموو هێز و لایەنە سیاسیەکان و گەلان و ئایدیا جیاوازەکانیش بەئایینی، چەپ، لیبراڵ و نەتەوەییەوە لەهەوڵی ئەوەدان کە چارەسەری ئەم کێشانە بکەن. ئەو ئاڵۆزییەی ئەمڕۆ کوردستان و ئێراقیش تێیدا دەژین هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەیرانانە. ئەمەش وادەکات کە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ هەموو هاوولاتیەکی کوردستانیش ببێتە ئەرکی سەرەکی. دیارە بۆ چارەسەری هەوڵی جۆراو جۆر هەیە. ئەوەتا دەبینین هەندێك لایەن دەخوازن بە تێزی چەپبوون، هەندێکی تر بەتێزی دەوڵەتی نەتەوەیی، کەسانێکی تر دەخوازن کە لەڕێگەی بەسیاسیکردنی ئایینەوە و گروپگەلێکی تر دەخوازن لەڕێگەی مۆدێلی لیبراڵیزمەوە ئەم پرسانە چارەسەر بکەن. ئاشکرایە ئەم تێزانە هەموویان خۆیان وەکو چارەسەری ناودێر دەکەن، ئەوەی دەشبینرێت ئەوەیە کە زۆربەی هەوڵەکان لەچوارچێوەی ئەو تێزانەدا دەسوڕێنەوە. لەگەڵ ئەم هەوڵانەدا هەندێك گومانیان هەیە کە ئەو تێزانە بتوانن پرسەکان چارەسەر بکەن و دەخوازن تێزی نوێ پێشبخەن لەپێناوی چارەسەریدا و دەخوازن لەدەرەوەی ئەو تێزانە کە سیستەمی دەوڵەت بەبنەما دەگرن بۆ چارەسەری بگەڕێن. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبنەوە کە ئایا کۆمەڵگە دەتوانێت بەبێ دەوڵەت بژی؟ یاخود کۆمەڵگە دەتوانێت بەبێ ڕێکخستن بژی؟ دیارە ئەمەش پرسیارێکی جددییە و بەبێ وەڵامدانەوەی ناتوانین لەسەر ئەم تێزە کار بکەین.

وەکو زانستی شوێنەوارناسی ئاشکرای کردووە تەمەنی مرۆڤی هۆشمەند نزیکەی نیو ملیۆن ساڵە و تەمەنی سیستەمی دەوڵەت لەنێوان (٥ . ٦)هەزار ساڵ دایە، واتە مرۆڤ لەسەدا یەکی هەتا دووی ژیانی خۆی لەناو سیستەمێکدا بەڕێوە بردووە کە دەوڵەتی تێدا بووە، بەشی زۆری ژیانیشی لەکۆمەڵگەیەکدا بەسەربردووە کە دەوڵەت نەبووە و بەشێوەیەکی سروشتی مرۆڤەکان ژیاون، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە مرۆڤ و کۆمەڵگە بەبێ دەوڵەت توانیویانە ژیانی خۆیان ڕێکبخەن و خۆیان بەڕێوە ببەن و پرسەکانی خۆشیان چارەسەر بکەن. بەواتایەکی تر کۆمەڵگە دەتوانێت بەبێ دەوڵەت بژی و خۆی ڕێکبخات، بەپێچەوانەوە ئەوە دەوڵەتە بەبێ کۆمەڵگە ناتوانێت بژی. ڕەنگە کەسانێك هەبن بڵێن کە لەو قۆناخەی ژیانی مرۆڤایەتیدا، مرۆڤ دواکەوتوو بووە یاخود ژمارەی مرۆڤەکان ئەوەندە نەبوون کە ژیان جەنجاڵ بکات، بۆیە توانیویانە بەبێ دەوڵەت خۆیان بەڕێوە ببەن، ئەگەر خوێندنەوەیەکی ورد و بە ویژدان بۆ ئەو قۆناخەی ژیانی مرۆڤ بکەین دەگەینە ئەو حەقیقەتەی کە بۆچوونێکی بەو ڕەنگە دوورە لە ڕاستییەوە، بەپێچەوانەوە ئەوەی وای لە مرۆڤ کردووە لەو قۆناخەدا بەو ڕەنگە ژیان بگوزەرێنێت ئەوەیە کە مرۆڤەکان تایبەتمەندی سروشتی خۆیان لەدەست نەداوە، پەیوەندییان لەگەڵ سروشت و لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندییەکی سروشتی بووە، لە پەیوەندییە سروشتییەکانیشدا سەردەست و بن دەست یاخود خاوەندار

و موڵکدارێتی بوونیان نییە. لە جێگەی ئەمە زیندەوەران لەناو خۆیاندا، هەروەها سروشت و دیاردەکانی بەگشتی لەناو پەیوەندییەکی هاوسەنگ و دادپەروەرانەدان. هەر ئەمەش وایکردووە کە کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن و خوڵقکار بێت. ئەوەتا لەو قۆناخەدا مرۆڤ خۆی بە بەشێك لە سروشت دەبینێت و جیاوازی بایۆلۆژیای ژن و پیاو وەك هۆکارێك بۆ باڵادەستی لایەنێك و بچووك بینینی لایەنەکەی تر نابینرێت. مرۆڤەکان یەکتری ناچەوسێننەوە و لە کۆمەڵگەدا چینایەتی بوونی نییە. هەر ئەم کۆمەڵگەیەیە ئامرازە سەرەتاییەکانی ژیان و بەرهەمهێنان دەدۆزێتەوە و دەیانخولقێنێت. واتە مرۆڤ لەم کۆمەڵگەیەدا فێری ژیان و بەرهەمهێنان دەبێت. لەبەرامبەر ئەمەدا ئەوەی لە قۆناخی دروستبوونی دەوڵەتدا دەیبینین کۆمەڵگە لەو ژیانە سروشتییەی کە دەیکرد دوور دەکەوێتەوە، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت، مرۆڤ و مرۆڤ، ژن و پیاو لە پەیوەندییەکی هاوسەنگ و سروشتییەوە دەگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی دروستکراو و لاسەنگ. مرۆڤ خۆی دەکاتە ناوەندی ژینگە و سروشت و ئیتر بۆخۆی بە ڕەوا دەبینێت کە سروشت و بەرهەمەکانی سروشت بخاتە خزمەتی خۆیەوە، لەهەمانکاتدا مرۆڤی سەردەست و دەسەڵاتدار مرۆڤی کەم دەرامەت و بێ دەسەڵات دەکاتە کۆیلە و خزمەتکاری خۆی و بەڕەوای دەبینێت کە خۆی لەسەر ڕەنجی ئەو بژێنێت. لەلایەکی ترەوە پیاو خۆی دەکاتە خاوەن ژن و ژنیش بە موڵکی خۆی و ئیتر وەکو موڵك یان کاڵایەك مامەڵە بە ژنەوە دەکات. بۆ پاراستنی ئەم لاسەنگیانەش کە دروستکراون دەزگاکانی دەسەڵات و دەوڵەت وەکو بژارێك لەلایەن چینی دەسەڵاتدارەوە ڕێکدەخرێن و دەخوازن ئەم بارودۆخە وەکو ڕاستییەکی ئەزەلی نیشانی کۆمەڵگە بدەن. زۆربەی بیرمەندە کۆمەڵناسەکان ئەمە وەکو لادانێك لە سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگە و ژینگە پێناسە دەکەن. بەڵام ئەو بیرمەندانەی کە وابەستەی دەسەڵاتن لەگەڵ دامودەزگاکانی دەسەڵاتدا لە هەوڵی ئەوەدان کە ئەمە وەکو حەقیقەت نیشان بدەن.

**دەوڵەتەکان دەخوازن مۆرکی نەتەوەیی یاخود ئایینی و ئایینزایی لەخۆیان بدەن، بەڵام تەنها دەوڵەتی بنەماڵەیەك یاخود چینێکی سەردەستن**

ئەگەر بە وردی مێژووی سیستەمی دەوڵەت و دەسەڵات شیبکەینەوە دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە دەڵێت دەسەڵاتەکان هەرچەندە لە ڕەنگ و ڕووخساردا جیاواز بن بەڵام لەناوەڕۆکدا وەکو یەکن، یاخود گومان دەخەنە سەر هەموو تێکۆشانێك کە دەسەڵات بە ئامانج دەگرێت. لەهەمانکاتدا ئەو حەقیقەتەش دەبینین کە قەیرانی ئەمڕۆی سیستەم و کۆمەڵگە سەرچاوەی خۆی لەو ئەقڵییەتە وەردەگرێت کە سیستەمی دەسەڵات و دەوڵەت وەکو چارەسەری دەبینێت، ناتوانێت لەدەرەوەی ئەوە بیر لەهیچ جۆرە چارەسەریەك بکاتەوە چونکە ئەمڕۆ ژینگە بەکارەساتە ژینگەییەکانی خۆی بانگی ئازادیی و ڕێکخستنەوەی ژینگە و پەیوەندییەکانی ژینگە دەکات لەسەر بنەمایەکی هاوسەنگ. کۆمەڵگە بانگی ئازادیی و یەکسانی دەکات و ناخوازێت ئیتر بەشێکی کۆمەڵگە سەردەست بن و بەشی زۆری کۆمەڵگەش لەژیانێکی نالەبار و ناشایستەدا بژین و ڕۆژانەش بێکاری زیاتر ببێت. ژنان و ئەوانەی لایەنگری ئازادیی ڕەگەزین ئیتر لەپێناوی بەلاوەنانی نابەرابەری نێوان ژن و پیاو بەرقەرارکردنی هاوسەنگی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا تێکۆشان دەکەن. نەتەوە و ئەتنیکە جیاجیاکانی کۆمەڵگەش دەخوازن لەناو پەیوەندییەکی سروشتی و هاوسەنگ و ئازاددا بەیەوەکەوە بژین و کۆتایی بەو چەوساندنەوە بێنن کە سیستەمی دەسەڵات لەژێر ناوی دەوڵەتی نەتەوەیی یان ئایین و مەزهەبیدا بەسەریاندا سەپاندویەتی، چونکە لەوە گەیشتوون کە هەرچەندە دەوڵەتەکان دەخوازن مۆرکی نەتەوەیی یاخود ئایینی و ئایینزایی لەخۆیان بدەن، بەڵام تەنها دەوڵەتی بنەماڵەیەك یاخود چینێکی سەردەستن. لەبەرامبەر ئەمانەدا سیستەمی دەوڵەت و دەسەڵات دەخوازن ناوەڕۆکی خۆیان بپارێزن و هۆکاری قەیرانەکان بە شێوازی سیستەمی دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتییەوە

دەبەستنەوە نەك پرەنسیپ و ناوەڕۆکی سیستەمەکە. لەم پێناوەشدا لە مێژووی دەوڵەتەوە هەتا ئەمڕۆ گەلێك شێوەی دەوڵەت و دەسەڵاتیان تاقیکردۆتەوە، هەر لە ئیمپراتۆرییەتەکانەوە هەتا دەوڵەتی نەتەوەیی، کۆنفیدراڵ، فیدراڵ، ناوەندی، سۆسیالیستی، سۆسیال دیموکرات، ئایینی، پاشایەتی و بنەماڵە. بەڵام دەبینین هەموویان لەئەنجامدا بوونەتە شێوەیەکی دووبارەی ئەوانەی پێش خۆیان. ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەو قەیران و ئاڵۆزییەیە کە سیستەمی دەوڵەت و دەسەڵات لەلایەك، کۆمەڵگە و تاك، ئابووری و ژینگە لەلایەکی ترەوە تیایدا دەژین. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین ئیتر ئەو پێوانانەی کە دەوڵەت و دەسەڵاتی لەسەر بونیادنراوە ڕەوایی خۆیان لەدەستداوە، نەك ناتوانن چارەسەری بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە بدۆزنەوە، بەڵکو خۆیان بوونەتە کێشەی سەرەکی کۆمەڵگە، واتا وەك ئەو کەسەیان لێهاتووە کە خۆی وەکو دکتۆر نیشانی نەخۆش داوە و نە نەخۆشەکەی چارەسەرکردووە و نە هێشتوویەتی نەخۆشەکە بەدوای دکتۆری تردا بگەڕێت، لە ئەنجامی ئەمەدا نەخۆشەکە حاڵی خراپتر بووە. تەنیا چارەسەریش بۆ نەخۆشەکە ئەوەیە بتوانێت لە دەرەوەی ئەو کەسە بۆ دکتۆر و چارەسەری تر بگەڕێت و ئیتر بە دەرمانە جۆراوجۆرەکان و ئسلوبە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەو کەسە فریو نەخوات. ئەمڕۆ دەتوانین سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی وەکو ئەو نەخۆشە بەناوبکەین کە دەرکی بەم ڕاستییە کردووە، واتا لەدەرەوەی ئەو دکتۆرە کە (دەوڵەت)ە بۆ چارەسەری دەگەڕێت.

مسۆگەر بۆ ئەوەی بتوانین ئەم پرۆژەیە گەڵاڵە بکەین و جێبەجێی بکەین پێویستە بەشێوەیەکی قووڵ لە ڕاستی دەوڵەت و کۆمەڵگە تێبگەین، ئەگەر نا ئەوا جارێکی تر ناتوانین کێشەکانمان چارەسەر بکەین و خۆمان لە دووبارە بوونەوە رزگار بکەین. بۆ نموونە ئەمڕۆ دەبینین کە سیستەم هەتا دوایی لەسەر

> **ئەمڕۆ دەبینین کە سیستەم هەتا دوایی لەسەر ڕەنجی کۆمەڵگە دەژی و بۆ خۆشی لە قەیرانی قووڵ دایە و بە وەستایانەترین شێوە کۆمەڵگە دەچەوسێنێتەوە**

ڕەنجی کۆمەڵگە دەژی و بۆ خۆشی لە قەیرانی قووڵ دایە و بە وەستایانەترین شێوە کۆمەڵگە دەچەوسێنێتەوە، بەڵام لەبن ناوی لیبراڵیزمدا (ئازادیی تاك) دەخوازێت خۆی وەکو فریادڕەسی کۆمەڵگە نیشانبدات. دیارە ئەم سیستەمە ئەمڕۆ کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەی ئێمەش هەیە، بەشێکی ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لاوان لە هەوڵی ئەوەدان خۆیان بگەیەننە ئەم سیستەمە و جێبەجێی بکەن. وای بۆ دەچن ئەم سیستەمە دەتوانێت کێشەکانیان چارەسەر بکات، بیر لەوە ناکەنەوە کە سیستەمێك لە ناوەندەکانی خۆیدا لەقەیراندا بێت چۆن دەتوانێت کێشەی گەل و جێگەی تر چارەسەر بکات. هەروەکو چۆن سۆسیالیزمی بونیادنراو لەناوەندی خۆیدا هەرەسی هێنا و هەرەسهێنانەکەیشی لەسەرتاپای جیهاندا بڵاوبوویەوە، ئەمڕۆ مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و لیبراڵیزمیش لە قەیراندان، لەهەوڵی ئەوەدان لەڕێگەی پەلهاویشتن بۆ دەرەوە قەیرانەکانی خۆیان چارەسەر بکەن و لەیەك کاتدا باری ناوخۆیی خۆیان سووك بکەن و سەرنجی دونیاش بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. بەمشێوەیە خۆیان لە داڕووخان ڕزگار بکەن. بێگومان وەها سیستەمێك چەندە کاتی خۆمانیان بدەینێ و وەکو مۆدێلێك هەڵیبژێرین لە ئەنجامدا خۆدووبارەکردنەوە و قووڵبوونەوەی قەیرانەکان لەگەڵ خۆیدا دێنێت. هەربۆیە چۆن ئەمڕۆ لەناو بەشێکی زۆری کۆمەڵگەدا سیستەمی دەوڵەتی سۆسیالیستی نەك وەکو چارەسەری، بەڵکو وەکو قووڵکردنەوەی قەیران و بنپێکردنی ئازادیی سەیر دەکرێت، پێویستە هەمان پێناسە بۆ دەوڵەتی سەرمایەداری و لیبراڵیزمیش بکەین. ئەگەر هەمان پێناسە بۆ سیستەمی لیبراڵیزمیش نەکەین ئەوە بەو واتایە دێت کە ئێمە ئەو کێشانەی لە ئەمڕۆدا ڕووبەڕووی لیبراڵیزم بۆتەوە یاخود لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی نایبینین و ئەمەش لەچارەسەریمان دوور دەخاتەوە. لێرەوە

دەتوانین بڵێین سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی و تێکۆشانی ئازادانەی هاووڵاتی ئازاد دەتوانێت وەکو بژارێکی جیا لەدەوڵەت کێشەکانی کۆمەڵگە و سیستەم چارەسەر بکات.

**پرەنسیپەکانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی**

**یەکەم:** سیستەمێکە خوڵقکارە و خۆی خۆی بەڕێوەدەبات.

**دووەم:** بەشداریکردن لەم سیستەمەدا خۆبەخشانەیە و خزمەتکردن بە بنەما دەگرێت.

**سێیەم:** بەرپرسیارێتی لەم سیستەمەدا ئەوەیە دەبێت مرۆڤ زیاتر خزمەتی گەل بکات و ئیمتیازی نییە.

**چوارەم:** ئەخلاق و زهنیەتی دیموکراتی ڕادیکاڵ(کۆميناڵ) بە بنەما دەگرێت.

**پێنجەم:** جیاوازییەکانی نەتەوە، فکر، سیاسەت، ڕەگەز، ئایین، ئایینزا، ئەتنیك، ڕەنگ و تەمەن وەکو دەوڵەمەندێتی سەیر دەکات و هاوسەنگییەکی دادوەرانە لەنێوانیاندا دروست دەکات و ناهاوسەنگی پەسەند ناکات.

**شەشەم:** لە بڕیاردانادا کەمینە و زۆرینە بە بنەما ناگرێت، ڕەزای گشتی بە بنەما دەگرێت.

**حەوتەم:** جەماوەر بۆخۆی جێی بڕیارە، کۆمین، ئەنجوومەن و دەستەکان میکانیزمەی خۆبەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی جەماوەرن. واتە لەخوارەوە بڕیار دەدرێت و لەسەرەوە جێبەجێ دەکرێت.

**هەشتەم:** هاوسەنگی ژینگە، کۆمەڵگە لە خۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و بەرهەمهێناندا بە بنەما دەگرێت.

**نۆیەم:** ژن و گەنج پێشەنگی ئەم سیستەمەن.

**دەیەم:** لە جێگەی سەروەریی یاسا، ئەخلاقی دیموکراتی بەبنەما دەگرێت.

**یازدەیەم:** سێ جۆر یاخود سێ پێوەری ماف هەیە؛ مافی نێودەوڵەتی، مافی دەوڵەتی و مافی گەلان.

> **ئێستاش پرۆژەی "خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی" هەوڵدەدات بەتەواوی کۆمەڵگە بکاتە خاوەنی خۆی**

**جیاوازی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی لەگەڵ دەوڵەتدا چییە؟**

دیارە کاتێك باس لەسیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی دەکەین، گرنگە کە ناوەڕۆك و شێوەکەی بەباشی شی بکەینەوە. چونکە ئەگەر باش شیی نەکەینەوە ئەوا ڕەنگە نەتوانین لەجادووی دەوڵەت ڕزگار ببین. کاتێك دەڵێین سیستەمی هاووڵاتی ئازاد و یەکسان پشت بەدەوڵەت نابەستێت و کار بۆ دروستکردنی دەوڵەت ناکات، ئەمە بەو واتایە نییە کە ژیان و کۆمەڵگە ڕێك نەخات و گرنگی بەڕێکخستنی جەماوەر و چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە نادات. بەڵکو بەپێچەوانەوە دەخوازێت بەباشترین شێوە کۆمەڵگە ڕێکبخات و چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگەکان بکات. دەتوانین بڵێین ئەم پرۆژەیە هاوشێوەی «پەیمانی کۆمەڵایەتی» ژانژاك ڕۆسۆ یە. چۆن پەیمانی کۆمەڵایەتی پرۆژەیەك بوو بۆ ئەوەی دەوڵەت لەبونیادێکی ژوور کۆمەڵگەوە بکاتە بونیادێکی ناو کۆمەڵگە و لەسەردەمی خۆیدا زەحمەتی زۆر بینرا هەتا ئەو پەیامە جێگیر کرا. ئێستاش پرۆژەی «خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی» هەوڵدەدات بەتەواوی کۆمەڵگە بکاتە خاوەنی خۆی و لەچەمکی دەوڵەت و شێوە ڕێکخستنی دەوڵەت ڕزگاری بکات و لەجێگەی ئەوە مۆدێلێکی نوێی ڕێکخستنی کۆمەڵگە پێش بخات، کە گەل تێیدا خاوەنی خۆی بێت و بوون و ناسنامە و مافەکانی بەخۆیەوە بەستراوە بێت نەك بەدەوڵەتێکەوە. لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی سیستەمێکە کە لە خۆ ڕێکخستندا پشت بە کۆمەڵگە دەبەستێت و پەیوەندی نێوان تاکەکان لەگەڵ یەکتردا، تاك و کۆمەڵگە، پێکهاتە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە، کۆمەڵگە و ژینگە ڕێکدەخات. خۆی وابەستەی جوگرافیایەکی تایبەت ناکات، ئەو لاسەنگییەی کە سیستەمی دەوڵەت لەسەری دروست بووە پەسەندی ناکات. سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی خزمەتی گەل بەبنەما وەردەگرێت و بەرژەوەندی تاك یاخود کۆمەڵەیەك ناخاتە پێش بەرژەوەندی گەل و ژینگەوە. ئەم سیستەمە سیستەمێکی بەرهەمهێن و داهێنەرە و بەکاربەر نییە. لەبەڕێوەبردندا پرەنسیپە ئەخلاقیەکان بەبنەما

وەردەگرێت نەك یاسا دارێژراوەکان. بەگشتی دەتوانین جیاوازییەکانی سیستەمی دەوڵەت و سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی بەمشێوەیەی لای خوارەوە باس بکەین:

١. لەسیستەمی دەوڵەتدا، دامودەزگاکانی دەوڵەت و تاکیش وەها فێر دەکرێن و پەروەردە دەکرێن کە هەمیشە لەکاتی ئەنجامدانی کارێك یاخود پرۆژەیەکدا بەرژەوەندی خۆیان بەبنەما بگرن و بیخەنە پێش خزمەتی گشتییەوە. ئەمەش بێگومان زەمینەی ململانێی ناڕەوا و بێ پێوانە دروست دەکات کە ئەمڕۆ سیستەمی سەرمایەداری پەیڕەوی لێ دەکات. بەڵام لەسیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا تاکەکان و کۆمەڵگە و دامودەزگاکان لەسەر بنەمای خزمەتکردن پەروەردە دەکرێن و فێر دەکرێن، بەواتایەکی تر لەکاتی ئەنجامدانی کار و پرۆژەدا تاك و کۆمەڵگە خزمەتی گشتی دەخەنە پێش بەرژەوەندی و قازانجی خۆیانەوە و لەو ڕوانگەیەوە هەڵسوکەوت دەکەن.

٢. لەسیستەمی دەوڵەتدا، لەکاتی بڕیارداندا سەبارەت بەئەنجامدانی کار و پرۆژە پشت بە دامودەزگاکانی دەوڵەت دەبەسترێت، لەوێنەی پەرلەمان، حکومەت، ناوەندە ستراتیژییەکانی دەوڵەت. واتە دامودەزگاکانی سەرەوە جێگەی بڕیارن و ئاراستەی خوارەوەی دەکەن. بەڵام لەسیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا پشت بە جەماوەر دەبەسترێت و جەماوەر بۆخۆی بڕیار دەدات و دامودەزگاکان ڕۆڵی جێبەجێکەر دەبینن، واتە لەسیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا هەرەمەکەی دەوڵەت هەڵدەگێڕدرێتەوە.

٣. لەسیستەمی دەوڵەتدا جوگرافیا دەکرێتە بنەما و لەسەر بنەمای جوگرافیا دەوڵەت ڕێکدەخرێت. واتە هەر دەوڵەتێك جوگرافیایەکی دیاریکراوی هەیە و ناکرێت دوو دەوڵەت لەسەر جوگرافیایەك هەبن. ئەمەش چەمکی یەك دەوڵەت و یەك وڵاتی درووست کردووە. لەسیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا

> **لەسیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا ناسنامەی نەتەوەیی بە دەوڵەتەوە نابەسترێتەوە**

پشت بە ڕێکخستنی کۆمەڵگە دەبەسترێت و تەنیا بەپێی سنووری جوگرافی کۆمەڵگە ڕێك ناخرێت و دەتوانرێت لەسەر یەك جوگرافیا چەندین کۆمەڵگە خۆی ڕێك بخات، کە ئەمەش لەگەڵ خۆیدا چەمکی وڵاتی هاوبەش دروست دەکات و لێرەوە ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی لەپەیوەستکردنیان بەبوونی دەوڵەتەوە ڕزگار دەکرێن.

٤. لەسیستەمی دەوڵەتدا، ناسنامەی نەتەوەیی بەبوونی دەوڵەتەوە بەستراوەتەوە، سیستەمی جیهانی لەسەر ئەم بنەمایە ڕێکخراوە، بۆ نمونە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەجێگەی ئەوەی نوێنەری نەتەوەکانی تێدا بێت، نوێنەری دەوڵەتانی تێدایە، سەرجەم دامودەزگا نێو نەتەوەییەکانی تریش لەوێنەی فیدراسیۆنە وەرزشی و هونەری و پەروەردەییەکاندا بەهەمان شێوە نوێنەری دەوڵەتانی تێدایە نەك نوێنەری نەتەوەکان. لەسیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا ناسنامەی نەتەوەیی بە دەوڵەتەوە نابەسترێتەوە، بەڵکو بەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی نەتەوەکانەوە دەبەسترێتەوە و دامودەزگا جیهانییەکانیش لەسەر بنەمای بەشداری نوێنەرایەتی نەتەوەکان ڕێکدەخاتەوە.

٥. لەسیستەمی دەوڵەتدا دوو چەمکی باو هەیە بۆ ئایین، یان دەوڵەتی ئایینی و ئایینزایی دروست دەکرێت یاخود لەڕوانگەی عەلمانییەتەوە ئایین لەدەوڵەت جیادەکرێتەوە. لەهەردوو حاڵەتەکەدا دەوڵەت و دەسەڵاتداران سوودمەند دەبن، لەحاڵەتی یەکەمدا، دەسەڵاتداران بەناوی ئایینەوە کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن و لەئەنجامدا هەموو کەموکورتیەکانی دەسەڵات لەسەر ئایین دەنووسرێت و ئایین ناشیرین دەکرێت، هەروەها زۆرجار هەوڵدەدرێت فۆرمی یەك ئایین یان ئایینزا بکرێتە بەری کۆمەڵگە کە ئەمەش کاردانەوەی خراپی لێ دەکەوێتەوە و زەمینەی فرەڕەنگی ناهێڵێت. لەحاڵەتی دووەمدا، ئایین لەدەوڵەت و کۆمەڵگە دوور دەخرێتەوە و تەنیا وەکو دیاردەیەکی تایبەت بەتاك سەیری دەکرێت، لێرەدا لایەنی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ئایینەکان پەردەپۆش دەکرێن و ئەمەش بەزیان بۆ ئایین و کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە. لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا

ئایین وەکو دیاردەیەکی کولتوری و کۆمەڵایەتی سەیری دەکرێت، ئایین تێکەڵاوی دەوڵەت ناکرێت بەڵام ئایین لەسیاسەت و کۆمەڵگە دانابڕدرێت و ئایین و ئایینزا جیاوازەکان دەتوانن لەچوارچێوەی پێکهاتەی خۆیاندا ئەنجومەنی ئایینی و ئایینزایی خۆیان درووست بکەن و دەتوانن بەشداری ئەنجومەنی گەل ببن و ڕۆڵی خۆیان ببینن، هەروەها دەتوانن ئەنجومەنی ئایین و ئایینزاکان بەیەکەوە دروست بکەن بۆ پێشخستنی دیالۆك لەنێوان ئایین و ئایینزاکاندا.

٦.سیستەمی دەوڵەت تاکێکی وابەستە دەخولقێنێ و هەتا ئاستێك وابەستە دەبێت کەپێی وایە لەدەرەوەی دەوڵەت ناتوانێت بژی، بەپێچەوانەوە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی لەلایەنی تاکی ئازادەوە بونیاد دەنرێت.

٧. سیستەمی دەوڵەت مرۆڤ دەکاتە ناوەندی ژینگە و گەردوون و پیاویش دەکاتە خاوەنداری ژن. سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی مرۆڤ وەکو بەشێك لەژینگە دەبینێت و ژن و پیاو وەکو دوو ڕەگەزی تەواوکەری یەکتر دەبینێت.

٨. سیستەمی دەوڵەت لەسەر ڕەنجی کۆمەڵگە دەژی و بەکاربەرە و شێوازی بەڕێوەبردنی ئیدارەکردنە، واتە سیستەمی دەوڵەت خولقێنەر نییە و بەرهەمهێن نییە، بەڵکو لەسەر خولقکارییەکانی کۆمەڵگە و ڕەنجەکەی خۆی دەژێنێ و ئیدارەی دەکات. سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی خۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بەبنەما دەگرێت و کۆمەڵگە دەکاتە خاوەنی ڕەنجی خۆی و بەرهەمهێنەر و خولقکارە.

٩. سیستەمی دەوڵەت بەناوی یاساوە خۆی دەسەپێنێ و پرەنسیپی سەروەری یاسا بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێنێ و لەم ڕێگەیەوە سەروەری دەسەڵات گەرەنتی دەکات. بەڵام لەسیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا پرەنسیپی ئەخلاقی و مافە دیموکراتیەکان بەبنەما

## سیستەمی دەوڵەت پشت بەسوپای ئامادە و هێزی سەربازی دەبەستێت بۆ پاراستن، سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی پشت بەمافی پاراستنی ڕەوا و بەکارهێنانی میکانیزمەی خۆپاراستنی گەوهەری دەبەستێت

دەگیرێت و ڕێساکان بەوێیە دەپێورێن و لێرەوە ڕێگە لەسەروەری دەسەڵات بەناوی یاساوە دەگیردرێت.

١٠. سیستەمی دەوڵەت چینایەتی و جیاکاری بەبنەما دەگرێت و لێرەوە چەمکی یەك میللەت، یەك زمان، یەك دەوڵەت، یەك ئاڵا، یەك وڵات، یاخود زمانی فەرمی و سەردەست و میللەتی سەردەست و میللەتی بن دەست یان وڵاتی داگیرکراو دەردەکەوێت. لەسیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا جیاکاری و چینایەتی بەبنەما ناگیرێت و گشتگیری بەبنەما دەگیرێت و زمان و ڕەنگ و پێکهاتە جیاوازەکان وەکو دەوڵەمەندی دەبینرێت.

١١. لەسیستەمی دەوڵەتدا، تاك و کۆمەڵگە چارەسەری هەموو کێشەکان لەلای دەوڵەت و دەسەڵات دەبینن، لەسیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا چارەسەری کێشەکان لەناو کۆمەڵگەدا دەبینرێت و پشت بەکۆمەڵگە دەبەسترێت بۆ چارەسەرکردنیان.

١٢.سیستەمی دەوڵەت پشت بەسوپای ئامادە و هێزی سەربازی دەبەستێت بۆ پاراستن، سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی پشت بەمافی پاراستنی ڕەوا و بەکارهێنانی میکانیزمەی خۆپاراستنی گەوهەری دەبەستێت. واتە بوونی سوپایەکی بەکاربەر پێویست نابێ بۆ خۆپاراستن، بەڵکو جەماوەر خۆی وا پەروەردە و ڕێکدەخات هەتا بتوانێت خۆی بپارێزێت و هەمیشە ئامادە بێت بۆ خۆ پاراستن و لە کاتی ئارامیشدا بەکاری خۆیەوە خەریك بێت، بەو شێوەیە کۆمەڵگە لە سوپایەکی بەکاربەر و مشەخۆر ڕزگار دەکات.

# ڕەنگەکانی فاشیزم



ئازادیی کۆمەڵگە
دارا مەحمود

فاشیزم، ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییە، کە بە کۆمەڵێک بنەما و، باوەڕ و خەسڵەتەوە لە ئایدیۆلۆژیاکانی تر جیادەکرێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە لە بواری کرداری و هەندێ خاڵی تیۆریدا فاشیزم ماهیەتی خۆی ئاشکرا و پێناسەی خۆی دەکات، لەهەندێ خاڵی تردا تا ئاستێکی زۆر خەڵەتێنەرە و دەبێتە هۆی گومڕاکردن و سەرلێشێواندن. هەر لەبەر ئەمەشە، زۆرجار ئایدیۆلۆژیای فاشیزم، ئاسانتر خەڵک لەدەوری خۆی خڕدەکاتەوە و پەرەدەستێنێت. تائەوەی ئەو ماهیەتە ئاشکرا دەبێت کار لەکار ترازاوە و کارەسات ڕوویداوە. لەبەر ئەمە دیراسەکردنی ئەم بابەتە و میکانیزمەکانی شناسایی فاشیزم، وەک کارێکی پێویست خۆی دەسەپێنێت.

لەئەدەبیاتی خۆرئاوادا کاتێک باسی فاشیزم دێتەگۆڕێ، باس لەو دیاردە دیرۆکییە دەکرێت کە لەنێوان دوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا سەریهەڵدا و پاشان لەشێوازی فاشیزمی ئیتالیایی نێوان ساڵانی ١٩٢٢-١٩٤٥، و نازیزمی ئەڵمانی نێوان ساڵانی ١٩٣٣-١٩٤٥ فۆرمی بەخۆیەوە گرت. هەرچەندە فاشیزم لەوڵاتانی تری وەک ئیسپانیا و لەم سەردەمەشدا شێوازێکی دیکە بەناوی فاشیزمی نوێ لە خۆرئاوا هەبوونی هەیە بەڵام بەکۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و شکەست و لەناوچوونی دەسەڵاتەکانی هیتلەر و مۆسۆلینی، بەگشتی فاشیزم و نازیزم بەکۆتایی پێهاتوو پێناسە دەکرێت.

بەڵام زۆر بەئاسانی دەتوانین ئەمە بسەلمێنین کە فاشیزم لەچەندان ڕەنگ و بەرگی جیاوازدا و لە چەندان شوێنی ئەم جیهانەدا و تا ئەم ساتەوەختەش بوونی هەیە. ئەوەش کە وا لەخۆرئاوا دەکات فاشیزم بە کۆتایی پێهاتوو لەقەڵەم بدات دوو هۆکارە. یەکەم: خۆرئاوا سەبارەت ئەم پرسە و تەواوی پرسەکانی تریش، باسی خۆی دەکات و لەخەمی ئەوەدا نییە لێرە و لەوێی جیهان چی دەگوزەرێت. تەنیا کاتێک دەکەوێتە ئەو خەمەوە کەمەترسی بەرۆکی خۆی بگرێت، یان بەرژەوەندییەکانی بکەونە مەترسیەوە. هۆکاری دووەمیش ئەمەیە کە دەسەڵاتە فاشیستەکانی ئەم سەردەمە یانیش پارت و بزووتنەوە فاشیستیەکان بەتایبەتیش بەرلەوەی بێنە سەر دەسەڵات، کە لەدەرەوەی سنووری خۆرئاوادان، بەحوکمی تایبەتمەندیی و هەلومەرجی ئەم قۆناغە، واقیعی خۆیان ئاشکراناکەن و لەژێر پەردە و دەمامکی ساختەدا خۆیان دەردەخەن. لەحاڵێکدا کە لاقێکیان لەناو فاشیزم دایە، لاقەکەی تریان بۆگومڕاکردن، و چاوبەستەکێنی، لەشوێنێکی ترە.

**هۆکارەکانی سەرهەڵدانی فاشیزم:**

زۆر لە بیرمەندان و شرۆڤەکارانی سیاسیی، ریشەی فاشیزم دەگێڕنەوە سەدەی نۆزدەهەم. یەکێک لەهۆکارەکانی پەیدابوونی ئەو ئایدیۆلۆژیا و بزووتنەوەیە، کاردانەوەیەک بوو دژی شۆڕشی فەرانسە و ئەو بارودۆخەی لەئاکامی ئەو شۆڕشەوە بەدیهاتبوو. چونکە شۆڕشی فەرانسە کۆمەڵە بایەخێکی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کە لەگەڵ بیر و باوەڕە نەریتییەکانی کۆمەڵگای ئەوسا نەدەگونجا و بۆ گەلێکان شیاوی تەحەمول و چاوپۆشی نەبوو. ئەمانەش وەک: عەقڵگەرایی، بەرابەریی، ئازادیی، پێشکەوتن... و فاشیزم کۆمەڵە بایەخێکی تری لەجیاتی ئەمانە هێنایە گۆڕێ وەک: دەسەڵات، جەنگ، قارەمانێتی... و

ديموكراسى بەديكتاتۆرى و تۆتاليتارى، و ئازادیی بەملكەچى بۆ دەسەڵات، پێشكەوتنيش بەململانێ و جەنگ... شوێنيان پڕكرايەوە.

هەرچەندە فاشيزم و نازيزم هەردوو وەک يەک دياردە، و بەناوى فاشيزمەوە، پێناسە و شرۆڤە دەكرێن، بەڵام هەندێ جياوازيش لەنێوانيادا و بەتايبەتيش هۆكارى دروستبوون و جياوازيى لە پلەبەخشين بەدوو پێگەى دەوڵەت و ميللەت، بەديدەكرێت.

لەشێوازە ئەڵمانيەكەيدا، نازيزم لەسەر بنەماى نەژادپەرستيى ئاريايى و دژايەتى جوولەكە پايەكانى دارێژرابوون. لەحاڵێكدا لەشێوازە ئيتالياييەكەيدا، نەک لەسەر بنەماى نەژادپەرەستى بەڵكو بنەماى دەوڵەتپەرستى دامەزرابوو.

هۆكارێكى ترى سەرهەڵدانى فاشيزم بە هەردوو مۆديلەكەيەوە، ئەو كاريگەريانەبوون كە لەئاكامى جەنگى يەكەمى جيهانيەوە لەسەر ڕووداوەكانى دواى جەنگ و بێهيوايى و شكەستە دەروونيەكان هاتبوونە كايەوە و هەوڵدانێک بوو بۆ زيندووكردنەوەى گيانى لاواز و مردووى نەتەوەيەكى شكەستخواردوو. لەبەر ئەمە فاشيزم بەردەوام جەختى لەسەر چەمكى (مرۆڤى نوێ) دەكردەوە.

بەگشتى فاشيزم كاردانەوەيەک بوو دژى ئەو بارودۆخەى پێشكەوتنە تەكنەلۆژى و سەنعەت و سەرمايەداريى و مۆدێرنيتە هێنابوويە كايەوە كە بە لەشيرازە دەرچوونى نەريت و پەيوەندييە كۆمەڵايەتييەكان، بوو. فاشيزم زۆر زوو لەناو كۆمەڵێكى زۆرى خەڵک ڕەواجى پەيدا كرد، كە هەستى ئارامى و ئاسايشى خۆيان لەدەستدابوو، و بانگەشەى ئەوەى دەكرد كە پەناگە و فريادڕەسى بێ نەوايانە و لەپێناو گێڕانەوەى شكۆمەندييەكان و پاراستنى نەريتەكانى خانەوادە و مەزهەب و كولتووری پياوسالارانە. تێدەكۆشێت.

بەمەبەستى شرۆڤەكرنى دياردەى فاشيزم و هۆكارەكانى درووستبوون و سەرهەڵدانى لەزۆر ديدەوە، كار و كۆشش ئەنجام دراون كە يەكێک لەو

## فاشيزم، لەگەڵ ئەوەدا كە بۆخۆى خاوەن ئايديۆلۆژيايە، بەڵام تەواوى تيۆريى و ئايديۆلۆژيا سياسييەكانى تر ڕەتدەكاتەوە

بوارانە بريتييە لەدەروونناسيى. فرويد لەم ڕووەوە دەڵێت: (لەديدى دەروونناسى كۆمەڵايەتييەوە، كەسانێک كە پەيوەندييە نەريتييەكانيان لەدەستدابێت و لەحاڵەتى سەرگەردانى و بێ بايەخيدا بەسەربەرن، بەدواى (منى نموونە) دا دەگەڕێن تا ئەو بۆشاييەى لەئاكامى هەستى سوكايەتى و سەرلێشێواوى بەدەستهاتووە، پڕكەنەوە)١

لەم جۆرە حاڵەتانەدا درووشمەكانى فاشيزم سەبارەت بە؛ گێڕانەوەى شكۆ، يەكپارچەيى نەتەوەيى، ڕێبەرى لێهاتوو... كاريگەريى خۆيان لەسەر هەست و عاتيفەى خەڵک دادەنێن و گۆشيان دەكەن.

سەرەڕاى ئەمە، ئەوروپا، بەتايبەتيش ئەڵمانيا لەبارودۆخێكدا بوو كە درزى گەورە كۆمەڵگاى دابەشكردبوو. لەقەيرانێكدا گيرى خواردبوو كە بە قەيرانى مۆدێرنيزمى سەرمايەداريى ناودەبرێت. بەشە نەريتييەكەى كۆمەڵگەبەسەختى لەژێر گوشاريى مۆدێرنيزمدا دەيناڵاند و فاشيزم خۆى وەک هاوار و فريادڕەسى ئەمانە خستە ڕوو. لەسەر ئاستى نێوان وڵاتانيشدا ركەبەرايەتى ناسيوناليستيى لەنێوان وڵاتانى پێشكەوتووى سەنعەتى و ئەوانەى دواكەوتووتردا، زەمينەى ململانێيەكى خۆشكرد كە لاوازەكان لەترسى لەناوچوون، پەرەيان پێدا و فاشيزميش قۆستيەوە.

**بنەماكانى فاشيزم**

١- دژە ئايديۆلۆژيا: فاشيزم، لەگەڵ ئەوەدا كە بۆخۆى خاوەن ئايديۆلۆژيايە، بەڵام تەواوى تيۆريى و ئايديۆلۆژيا سياسييەكانى تر ڕەتدەكاتەوە و دژايەتى هەموويان دەكات. بێگومان شتێكى ئاساييە كە تەواوى ئايديۆلۆژياكان، ئەوانى تر ڕەتكەنەوە و هەريەک خۆى وەک ئەلتەرناتيڤ پێشكەش بكات. بەڵام بەشێوازێكى جياواز ئەم كارە پەيڕەو دەكات. بەر لەهەر شت تەنيا فاشيزم، لەڕەتكردنەوەى ئايديۆلۆژياكانى تردا پەنا بۆ سڕينەوە و لەناوبردن و كوشتار و جەنگ دەبات. بەڵام ئايديۆلۆژياكانى

تر لەحاڵەتی رەتکردنەوەی یەکتریشدا توانای پێکەوەژیان و کارکردنیان لەتەک یەکترەوە هەیە و یانیش لانیکەم، لەهەوڵی لەناوبردنی یەکتردا تەنیا رێگای سیاسی دەگرنەبەر. هۆکاری ئەوەش ئەمەیە کە ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکان، جگە لە فاشیزم، چەندە لەیەکتریشەوە دووربن، کەم یان زۆر خاڵی هاوبەشیان هەیە و زۆربەشیان باوەڕیان بەدیموکراسیە.

هەروا فاشیزم نەک تەنیا دژە ئایدیۆلۆژیایە، بەڵکو دژە فەلسەفە و هەر بیروباوەڕێکی مەعریفیشە. هیتلەر لەتاکە بەرهەمەکەی خۆیدا (نەبەردی من) دەڵێت: (بیروباوەڕی فەلسەفی ئەگەر هەزارجار راست و تۆکمەش بێت و بتوانێت کۆمەڵێکی زۆر لەدەوری خۆی خڕکاتەوە، سەرئەنجام بۆ بەختەوەریی میللەت بێ بایەخە، مەگەر ئەوەی لەلایەن پیاوانی ئیماندارەوە پایەکانی داڕێژرابێت.)

فاشیزم لەتیۆرییدا و بەرلەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی بگرێتە دەست لەیەککاتدا هەم دژی سەرمایەدارییە و هەمیش سوسیالیزم، و هەمیشە مەیلی بەلای موحافەزەکاریی و راستگەرایی دایە. بەڵام هەرکات هاتە سەردەسەڵات، بەلای سەرمایەدارییدا دایدەشکێنێت. ئەمەش چ لەسەر ئاستی دوو نموونەی ئەڵمانیای نازی و ئیتالیای فاشستیدا و هەمیش نموونەکانی دواتردا شیاوی سەلماندنە. بۆنموونە ئەو سوود و قازانجە زۆرەی کۆمپانیا پیشەسازییە گەورەکانی ئەڵمانیا و بانکە مەزنەکان لە سیاسەتەکانی حزبی نازی دەستیان کەوت، لای کەس شاراوە و شیاوی نکوڵیکردن نییە. جگە لەمەش سیاسەتی شەڕخوازانەی فاشیزم وەک ئاکامێکی سروشتی بە زیانی چینی کارگەر و کەمکردنەوەی دەرامەدی خەڵک و دابەزاندنی ئاستی ژیانیان و لە بەرابەریشدا پەرەسەندنی پیشەسازیی قورس تەواوبوو.

> ”
> **فاشیزم هەر تاک و هێز و لایەنێک لە ژێر فەرمانی خۆیدا نەبێت، بە دوژمن ناوی دەبات**

٢- بێ بایەخی تاک: لە فاشیزمدا، لە تیۆری و پراکتیکدا، تاک بەرابەرە بە هیچ. تەنیا ئەو ئامراز و کەرەستەیە کە لەپێناو، بەشکۆگەیاندنی نەتەوەی شایستە و رەسەن و یانیش دەوڵەتی پیرۆز، کە هەردوو ئەمانە و تەواوی ئامانجەکانی تریش لەناو کەسایەتی پێشەوادا بچوک دەکرێنەوە، بەکاردێت. بێ بایەخی تاک لە فاشیزمدا بەواتای کۆمەڵگەرایی نییە. چونکە لە فاشیزمدا مرۆڤ بەگشتیی چ وەک تاک یانیش بەشێک لەکۆمەڵگەجگە لەوەی بەشێک بێت لەکەرەستەی شەڕ شتێکی تر نییە.

٣- میلیتاریزم: فاشیزم هەر تاک و هێز و لایەنێک لە ژێر فەرمانی خۆیدا نەبێت، بە دوژمن ناوی دەبات. بەواتایەکی تریش هەر شت لەدەرەوەی خۆیدا دوژمنە. لەم سۆنگەیەوە هەر لەسەرەتاوە خۆی بۆ شەڕێکی هەمەلایەنە ئامادەدەکات و باوەڕی بەشەڕی مەزن و بەردەوام و سەرتاسەری هەیە و لەمەوە رەواج بە بیروباوەڕی شەڕخوازیی و توندوتیژیی و میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگەدەدات و ئەگەر هیچ هەڕەشە و شەڕێکیش لەئارادا نەبێت، ئەو بۆخۆی وەک پێویستییەکی حەتمی و بنەمایەکی ئایدیۆلۆژیکی درووستی دەکات. ئەمە لەهەموو نموونەکانی فاشیزم لە ئەوروپا و دەرەوەی ئەوروپا لەرووی ئەزموونی دیرۆکیەوە سەلماوە.

٤- بێ بایەخبوونی یاسا. لە سایەی دەسەڵاتی فاشیزمدا. یاسا هیچ بایەخێکی نییە. تەنانەت ئەگەر دامودەزگاکانی وەک پەرلەمان بوونیشیان هەبێت تەنیا رۆڵی راوێژکارییان هەیە. لەجیاتی ئەمانە رێبەری فاشیستی دەکەوێتە سەرووی یاساوە، دەبێتە خاوەنی دەسەڵاتی رەها. ریبەری فاشیستی لەبەرانبەر هیچ کەس و لایەن و دامودەزگایەک و تەنانەت لەبارانبەر خواوەندیشدا بەرپرسیار نییە. ئەو رێبەرە مافی هەر گوفتار و رەفتارێکی هەیە و تەنانەت دەتوانێ درۆش بکات و خەڵکیش فریوبدات. چونکە لایەنگیریی فراوانی خەڵک یەکێک لە پێش مەرجەکانی دەوڵەتی فاشیستییە.

٥- نەژادپەرستیی: تەواوی بزووتنەوە فاشیستیەکان نەژادپەرستن و لەپرسەکانی وەک نیشتمانپەروەریی و نەتەوەپەرستی و نەژادگەراییدا، توندڕەویەکی وەها دەنوێنن کە ئیتر هیچ بزووتنەوە و بیروباوەڕێکی تر ناتوانێ شان لەشانی بدات. لەبەر ئەم خەسڵەتە بزووتنەوەی فاشیستی هەمیشە لەو پێگەیەوە کە لەبەراوردکردن لەگەڵ هەر غەیرەخودییەکدا خۆی بە باشتر و شایستەتر و رەسەنتر دەزانێت، هەوڵی لەناوبردن و تواندنەوەی

کەمەنەتەوەییەکان و فەرهەنگە بێگانەکان دەدات. بۆئەمەش پەنا بۆهەر رێباز و مێتۆدێک بە بەرپاکردنی جەنگیشەوە دەبات. هیتلەر لە (نەبەردی من)دادەڵێت: ( بەئەزموون سەلماوە کە رۆژگارێک دێت دانیشتوانی رووی زەوی جۆرێکی لێ دێت، کەنەژادی بەهێز رەگەزی لاواز لەناوبەرێت و ئەو نەژادە بەهێزەش تاماوەیەک لەبەرانبەر یاساکانی سروشتدا خۆڕاگری بنوێنێت، بەڵام پاشان قاڵتردەبێتەوە...)

### دکتاتوریی و فاشیزم

هەندێ جار، بەهەڵە دوو چەمکی دکتاتۆریی و فاشیزم تێکەڵ یەک و یانیش لەجیات یەکتر بەکاردەهێنرێت. هەرچەندە لایەنی لەیەکچوونیشیان هەبێت، بەڵام دوو چەمکی جیاوازن. زۆربەی جارەکان بەتایبەتی لە کولتوری سیاسیی رۆژهەڵاتیدا تەنانەت لەسەر بەرزترین ئاست، هەم فاشیزم و هەمیش دیکتاتوریی وەک جنێو یان سوکایەتی و یانیش تۆمەتبارکردنی دژبەران بەکاردێت کە زۆربەی جارەکان لەجێگای خۆیدا نییە. بەکارهێنانی ئەم چەمکانە بەشێوازێکی هەڵە و ناڕاست کارێکی وای کردووە کە دکتاتۆر و فاشیستە راستەقینەکان، بشاردرێنەوە و وەک پێویست تیشکی سەرنجیان نەخرێتە سەر.

دیکتاتوریی خاوەن دیرۆکێکی زۆر کۆنە. لە کۆماری رۆمدا پێگەیەکی دەوڵەتی بوو، لەکاتی قەیرانەکاندا بەشێوازێکی کاتی دەسەڵات رادەستی کەسێک دەکرا. بەواتایەکی تر، دەسەڵاتێکی یاسایی بوو. بەڵام پاشان دەسەڵاتدارانی وا هاتنەسەرکار کە بێ ئەو پشتیوانە یاساییە دەسەڵاتیان قۆرخ کرد. لەدیرۆکی کۆندا دەتوانین نموونەکانی وەک: ئیمپراتۆری رۆم یۆلیۆس سیزار (٤٤ پ ز-١٠٠پ ز)، سەرداری رۆمانی سۆلا لوسیوس (٧٨ پ ز-١٣٨پ ز). لەچەند سەدەی رابردووشدا ناپلیۆن بوناپارت، ئوتوفون بسمارک، ستالین، نیکولای چاوچیسکو. لەوڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینیش نموونەکانی وەک: ئاناستاسیو سۆمۆزا

> **گەورەترین جیاوازیی نێوان فاشزم و دیکتاتۆریی ئەمەیە کە فاشیزم سیستەمێکە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا بەڕێوەدەچێت،بەڵام مەرج نییە دیکتاتۆریی وەهابێت**

لە نیکاراگوا، ئوگستو بینوشە لە شیلی، فردیناند مارکۆس لە فلیپین، عیدی ئەمین لە ئوگەندا، ژان بیدل بوکاسا لە ئەفریقای ناوەڕاست، مۆبۆتۆ سیسی سیکۆ لە زائیر (کۆنگۆی دیموکراتیک)... هەروا زۆربەی هەرەزۆری رژێمەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاستی جۆربەجۆر و تا رابردوویەکی زۆر نزیک دکتاتۆربوون. هێشتاش نموونەیان هەرماوە، بەڵام وا بەرەبەرە، لەژمارە، یان ئاستی دەسەڵاتدارێتیان کەم دەبێتەوە. لەنموونە هەرە دیارەکانیش رژێمی دکتاتۆری فاشستی سەدام حوسێن بوو. تورکیاش کە پاشان باسی لێوەدەکەین.

بەڵام فاشیزم دیرۆکێکی زۆر نوێتری هەیە و تایبەتە بە سەردەمی مۆدێرنیتە و مۆدێلی حوکمڕانی دەوڵەت- نەتەوە.

گەورەترین جیاوازیی نێوان فاشزم و دیکتاتۆریی ئەمەیە کە فاشیزم سیستەمێکە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا بەڕێوەدەچێت. بەڵام مەرج نییە دیکتاتۆریی وەهابێت. بەڵکو هەر دەسەڵاتدارێکی ستەمکاری توندوتیژخواز و خۆسەپێنەر، بەبێ هیچ ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕێکیش دەتوانێ ببێتە دیکتاتۆر.

هەروا دیکتاتۆریی شێوازێکی دەسەڵاتدارێتییە تەنیا لەپەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵات و خەڵکانی تردا دەتوانێ بوونی هەبێت و بەرجەستە بێت. ئیتر ئەو دەسەڵاتە دەوڵەتیی ، حزبیی، یانیش هەر شێوازێکی تر دەتوانێ بێت. بەڵام فاشیزم هەم لەدەسەڵات و هەمیش لەدەرەوەی دەسەڵات و تەنانەت یەک تاکە مرۆڤیش بێ هەبوونی هیچ پەیوەندییەکی بە خەڵکانی ترەوە، تەنیا لەڕێگای فیکرەوە دەتوانێ فاشیست بێت. موسولینی دەڵێت: (فاشیزم تەنیا سیستەمێکی حوکمڕانی نییە بەڵکو سیستەمێکی فیکریشە).٢

هەروا دیکتاتوریی دەتوانێ لەشێوازی تاکەکەس یانیش گروپێکی دەسەڵاتداردا بێت، کە تاکی رێبەر بەشێک لەدەسەڵاتەکانی خۆی رادەستی نێوەند و کەسایەتیی تری ناو دەسەڵات کردبێت. وەک نموونەکانی: وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵاتی بەناو سۆسیالیستی سەردەمی

یەکیەتی سۆڤیەت، کۆماری ئیسلامی ئێران، یان وڵاتانی کەنداو... بەڵام لەفاشیزمدا هەمیشە رۆڵی تاکەکەسی رێبەر تۆخ و زاڵترە.

بەڵام لایەنی هەرەگەورەی لەیەکچوونی دیکتاتۆریی و فاشیزم، توندوتیژیی و سەپاندنی حوکم و دەسەڵاتی زۆرە ملێیانە و رێزنەگرتنی یاسایە. لەبەر ئەمە هەموو فاشستە دەسەڵاتدارەکان دیکتاتۆرن، بەڵام هەموو دیکتاتۆرەکان فاشیست نین.

## فاشیزم وەک ئایدیۆلۆژیایەکی خەڵەتێنەر

فاشیزم لەسەرەتای درووستبوونیدا و بەر لە هەڵگیرسانی جەنگ، شتێکی عەیب و مایەی شەرمەزاریی نەبوو. چونکە ئەوکات هێشتا ئاکامە زیانبەخشەکانی، لای کەس هێندە رۆشەن نەبوون. بەڵام بەهەڵگیرسانی جەنگ و ئەو وێرانیی و خوێنرێژییەی بەسەر جیهانیدا هێنا کارێکی وایکرد، ئیتر لەوەبەدوا هیچکەس بەئاشکرا بوێریی لایەنگیریی و پەیرەوکردنی فاشیزمی نەبێت.

بەگشتیی، فاشیزم، هەمیشە، واقیعی راستەقینەی خۆی ئاشکراناکات و لەژێر روخساری رەنگاورەنگدا دایدەپۆشێت و گوتاری فاشیزم پێچاوپێچ و ئاڵۆز و پڕ لەناکۆکیە، بەڵام لەناو ئەو ئاڵۆزی و ناکۆکیانەشدا ئەو چەمکانە دەجوێتەوە و بەکاردەهێنێت کە خەمی هەر مرۆڤێکە و سەرنجی هەرکەس بۆ لای خۆی رادەکێشێت. وەک: ئازادیی، ئەخلاق، ئابڕوومەندیی، شکۆمەندیی نەتەوە، سەروەریی خاک ... هەروا هەمیشە بانگەشەی ئەوەدەکات بەجێهێنانی خواستەکانی خەڵک تەنیا لای ئەو مەیسەر دەبێت.

> **ئەم زمانە خەڵەتێنەرە، سەرەڕای خەڵکی عەوام، ئەگەری خەڵەتاندنی هێز و لایەن و دەوڵەتانیش فەراهەم دەکات**

مۆسۆلینی ساڵی ١٩٣٢ وتارێکی لە ئێنسکلۆپیدیای ئیتالیادا بڵاکردەوە، لەهەندێ شوێنی ئەو وتارەدا باس لەکۆمەڵە چەمکێک دەهێنێتە ئاراوە کە ئەگەر مرۆڤ پێشتر نەزانێت ئەمە لەلایەن رێبەرێکی فاشستییەوە نووسراوە یان شارەزا و هۆشیارنەبێت، بەئەگەرێکی زۆر بەهەڵەدا دەچێت و بەشێوازێکی ئەرێنی هەڵیدەسەنگێنێت. لەم وتارەدا چەندان جار باسی چەمکەکانی وەک: ئەخلاق، ئازادیی، عەدالەت، هاوڵاتیبوون... دەکات و لێرەدا هەندێ رستە و دەستەواژەی ئەم وتارە بەنموونە دەهێنینەوە کە دەڵێت: (هیچ کردارێک لەدەرەوەی بازنەی داوەرە ئەخلاقیەکاندا نییە.). و (فاشیزم سەرنج نەک تەنیا بەتاک، بەڵکو بە خاک و نەتەوەش دەدات. ئەو تاک و نەفشانە کە پەیوەندی نێوانیان لەرێگای یاسا و ئەخلاق و نەریتە ئەخلاقیەکانەوەیە)، (دەبێ ئەمە قبوڵ بکرێت کە فاشیزم نموونەی ئازادییە. تاکە ئازادییەک کە بایەخ لە هەبوونیدا هەیە، واتا ئازادی دەوڵەت و ئازادی تاک لە باوەشی دەوڵەتدا) (تەسەوری فاشیستیی سەبارەت دەسەڵات و مەرجەعیەت هیچ پەیوەندییەکی بە دەوڵەتی پۆلیسییەوە نییە. دەوڵەت خەڵکی وڵات بەرەو هاوڵاتیبوون پەروەردە دەکات، لە پەیامەکەیان هۆشیاریان دەکاتەوە، بەرەو یەکیەتی ئاراستەیان دەکات. سەبارەت بە راگرتنی پارسەنگی بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکانیان عەدالەت پەیڕەو دەکات).(ژیان لەتەسەوری تاکێکی فاشیستدا، دەبێ جدیی، بێ فێڵ و راستگۆیانە، و مەزهەبی بێت)٣...

ئەم زمانە خەڵەتێنەرە، سەرەڕای خەڵکی عەوام، ئەگەری خەڵەتاندنی هێز و لایەن و دەوڵەتانیش فەراهەم دەکات. لەسەر ئاستی دیرۆکی، چەندان نموونەی لەمجۆرە لەئارادایە. (لەگەڵێک بوار و بۆنەدا، کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیا، هاوکاری نازیەکانیان دەکرد، کەدوژمنی هەرەگەورەی سۆسیالیزم و بزووتنەوەی کارگەریی بوون. تەنانەت لەسەردەمی دەسەڵاتداریتی هیتلەردا، کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیا، سۆسیال دیموکراتەکانیان بەدوژمنی بنەڕەتی خۆیان دەزانی. هەروا لە نەمساش کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتە کاتێک سۆسیال دیموکراتەکان رووبەڕووی رژێمەکەی دلفوس٤، دەبوونەوە لەتەک فاشستەکاندا ئەوانیان مەحکوم دەکرد)٥

هەروا دەبینین کە فاشستەکانی ئەم سەردەمەش لەژێر پەردەی رەنگاورەنگدا خۆیان دەشارنەوە. تەنیا ئەو خەڵکانەی قوربانی راستەوخۆی دەستی فاشیزمن

و ئێش و ئازارەکەی دەچێژن و دەزانن چی بەچییە. بەداخەوە هەمیشەش میکانیزمەکانی قەناعەتپێکردنی جیهان لەبەردەستاندا نییە. کاتی خۆی کاتێک کورد دەیگوت، سەدام حوسێن کەسایەتییەکی دیکتاتوریی فاشستییە! لە خۆرئارا دەیانگوت، کە رژێمێکی باشە، چونکە بەشەڕکردن لەگەڵ ئێران، مەترسیی ئیسلامی رادیکال لەسەر جیهان کەمدەکاتەوە. تەنانەت کاتێک کیمیاباران و ئەنفالیشی ئەنجامدا، تەنیا لەژێر لێوەوە، بۆڵەیەکیان بۆ مەحکومکردن لێوەهات و بەئاکامێکی چاوەڕوانکراو و سروشتیی جەنگیان لەقەڵەم دا.

تەنانەت ئەوەش کە لەهەمووان فاشیسترە، دان بە فاشیستبوونی خۆیدا نانێت، بەپێچەوانەوە نەیارەکانی خۆی پێ تۆمەتباردەکات. دیتمان ئەردۆگان چۆن ئەڵمانیا و هۆڵەندای لەسەر کێشەیەکی دیپلۆماتیکی سادە، کە رێگایان پێنەدا لەم دوو وڵاتەدا بانگەشە بۆ ریفراندۆمەکەی بکات، بە فاشیست، و نازیست ناوی بردن، ئیتر سەرەڕای ئەوەی کە ئەردۆگان بەم رەفتارەی نزمیی ئاستی خۆی وەک سەرۆکی وڵاتێک و سیاسەتمەدارێک سەلماند، ئەوەشی ئاشکراکرد کە ئەو لەکاریی سیاسییدا چ دیماگۆگیەت و درۆ و خەڵەتاندنێک پەیڕەودەکات.

لەبەر ئامانە زۆر گرنگە کە پەسەندکردن یان رەتکردنەوەی چەمک و بایەخەکان نابێ لەسەر ئەو بنەمایەبێت، کە فاشیزم مامەڵەی روخساریان لەگەڵدا دەکات. بەواتایەکی دیکە، فاشیستێک تەنیا بەمەندە لە فاشیزم ناشۆرێت کە بۆخۆی بڵێت دژە فاشیزمە. هەروا دیسان بەمجۆرەش نییە کە ئەگەر کەسێک، یان ئایدیۆلۆژیایەک، پەیڕەوی لەبایەخ و بنەمایەک کرد کە فاشیزمیش دەیکات، ئیتر ئەو کەس و لایەنە یەکسەر ببنە فاشیست. بۆنموونە کاتێک فاشیزم دژە عەقڵگەرایە، ئیتر نابێ وا لێکبدرێتەوە، هەرکەس دژە عەقڵگەرایی بێت، ئەوە فاشیستە.



پۆستەرێکی ئەردۆغان؛ فاشیزمێکی نوێی تورکیا

فاشیزم دژە دیموکراسیە، بەڵام نەک بە شێوازی ئانارشیزم. دژە تاکگەراییە، بەڵام نەک بەشێوازی سوسیالیزم. کۆنسێرفاتیستە، بەڵام نەک بەشێوازی کۆنسێرفاتیستی عەقڵانی هێگڵگەرا، راستڕەوە بەڵام نەک بەشێوازی لیبرالیزم ... فاشیزم هیچکام نییە و لەهیچکامیان ناچێت. لەجێگای هەموو ئەمانە و تاکە ئەلتەرناتیڤێک پێشکەش دەکات کە بریتییە لەخواستی رێبەر (duce - دوچە)، یان (fuhrer - فوهرەر). زۆربەی خواستەکانی رێبەری فاشستیش بریتییە لە ئەفسانە و خەون و خەیاڵ. لەبەر ئەمەیە کە بەشێک لەبیرمەندان لەگەڵ ئەوەدانین کە فاشیزم بریتی بێت لەئایدیۆلۆژیایەک. چونکە هەرکات پێیخۆش بێت، دەم لەهەر چەمکێکی ئایدیۆلۆژیکی وەردەدات. جارهەیە بانگەشەی پەیڕەوکردنی دەکات، و جارێکی تریش رەتیدەکاتەوە. لەبەرئەمە فاشیزم بیروباوەڕێکی پراگماتیستیە و ئەوەی کە لەقۆناغێکدا وەک ستراتیژ ناوی دەبات، لەپڕ لەقۆناغێکی تردا دەبێتە تاکتیک. (بەرنامەی پارتە فاشیستیەکان، بەشێکی زۆر لەپروپاگەندەی حزبی ئەوان پێکدەهێنێت، کە بەشی هەرەزۆری

**”یەکێک لە مێتۆد و ئامرازەکانی تری هەڵخەڵەتاندن، بەکارهێنانی مەزهەبە، ئەمەش بەتایبەتی کاتێک کۆمەڵگەمەزهەبی بێت**

خەسڵەتی تاکتیکی هەیە، ئەرکی بەناو تیۆرسێن و ئایدیۆلۆگەکانی فاشست (لەناویاندا ئالفێرد روزنبرگی ئەڵمانی) بەر لەهەر شت نووسینەوە و رێکوپێککردنی ئەو بڕیارانە بوون کە پێشتر رێبەری حزب دەستنیشانی کردبوون)٦

یەکێک لە مێتۆد و ئامرازەکانی تری هەڵخەڵەتاندن، بەکارهێنانی مەزهەبە. ئەمەش بەتایبەتی کاتێک کۆمەڵگەمەزهەبی بێت. تێکەڵکردنی

بیروباوەڕی فاشیزم لەگەڵ مەزهەبدا دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی مەزهەبگەرایان و تەنانەت خاوەن باوەڕانی سادەی ئایینی. هیتلەر لە (نەبەردی من) دا دەڵێت: ( ئێمە باوەڕمان وایە ئەگەر هەستە مەزهەبییەکان لە نەتەوەیکدا بەهێزبن، لانیکەم دەتوانێ ئەو نەتەوەیە بەرێتە بەرزترین پلەی مرۆڤایەتیی، چونکە باوەڕهێنان بەشتێک، بناغەی ئازادی هزر و ڕزگاربوون لەکۆتوبەندی دیلێتییە).

### ئاکەپە فاشیزمی تەواو عەیار

لەگەڵ هەر ناوهێنانێکی فاشیزم لە تورکیادا، مرۆڤ یەکسەر چەند ناوێکی وەک ئەلپ ئەرسەلان تورکەش، موحسین یازجی ئوغلو، عەبدولکەریم دوگرو، دەولەت باهچەلی... بەمێشکدادێت، بەڵام ئەمانە لەو ناوە دیارانەن کە بیروباوەڕی فاشیستی خۆیان بێ پەردە ڕاگەیاندووە، لەحاڵێکدا لەرابردوو و ئەمڕۆشدا سەدان و هەزاران فاشیستی لەمانە بچوکتر و گەورەتر لەسەر شانۆی سیاسیی لەژێر دەمامکی جۆربەجۆری، وەک چەپ، ڕاست، سکولار، و ئیسلامییدا کار و چالاکیان نواندووە و دەنوێنن.

کۆماری تورکیا، هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە، ساڵی ١٩٢٣ تا ئەمڕۆ، هەمیشە زەمینەی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی فاشیزم، چ لەسەر ئاستی دەوڵەت، یانیش دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت، تاک، یاخود پارت و گروپی سیاسی، لەئارادا بووە. هەمیشە ڕەنگوبۆی فاشیزم بەسیاسەتی دەوڵەتیەوە دیاربووە. ئیتر جار هەبووە ئەو ڕەنگە تۆخ و جارێکی تریش کەمێک کاڵتر. و بەگشتیش هەبوونی فاشیزم و کاریگەرییەکەی لەسەر سیاسەت لەم وڵاتەدا لەئاکامی کۆمەڵێک هۆکار بووە، کە لەگەڵ هەلومەرجی دروستبوونی فاشیزمی ئەوروپیدا شیاوی بەراوردکردنە. گەورەترین هۆکاریش ئەمەبوو کە دوای ڕوخان و لەناوچوونی ئیمپراتۆریای عوسمانی و دامەزراندنی کۆمار، بۆ گەلێکان بەواتای بچووکبوونەوەی خاکی تورکەکان و سنووردار بوونی هەژموونگەراییەکەی

> ئەو ئاکامە فیکریە بەدیهات کە لەبەراوردی نێوان تورک و غەیرە تورکدا، تورک باشتر، باڵاتر و شایستەترە و ئەمەش کرۆکی بیروباوەڕی فاشستییە

و لەدەستچونی شکۆمەندیەکەی و بەگشتی بەواتای شکەستێکی گەورە بوو کە کاریگەریی دەروونی لەسەر ناسیۆنالیستەکان دانا. بەتایبەتیش کە ڕێکەوت بوو لەگەڵ سەردەم و قۆناخێک کە برەوی ناسیۆنالیزم لەئارادا بوو. دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەش هەربۆخۆی لەسەردەستی ناسیۆنالیستە تورکەکان بوو. هەمیشە حەسرەتی لەناوچوونی ئیمپراتۆریا ئەو هەستەی دروستکرد کە تورکەکان شایستەی زۆرترن لەوەی هەیانە، ئەو هەستی خۆ بەشایستە زانینە، بەرەبەرە وەرگەڕایە سەر، خۆ بەراوردکردن لەگەڵ غەیرە خودی و، ئەو ئاکامە فیکریە بەدیهات کە لەبەراوردی نێوان تورک و غەیرە تورکدا، تورک باشتر، باڵاتر و شایستەترە و ئەمەش کرۆکی بیروباوەڕی فاشستییە. هیتلەر لە (نەبەردی من) دا دەڵێت: (ئەرکی بەهێزتر ئەمەیە کە فەرمانڕەوا بێت و خۆی بەلاوازترەوە هەڵنەواسێت و لەو ڕێگایەوە گەورەیی و مەزنایەتی خۆی نەکاتە قوربانیی و شتێکی وەها تەنیا لاوازەکان نیگەران دەکات و بەزاڵمانەی لەقەڵەم دەدەن، بەڵام لەهەموو حاڵێکدا ئەگەر وەها یاسایەک نەبووایە تەکامول بەرەو قۆناغەکانی باڵاتر ڕووی نەدەدا و لاوازەکان لەم حاڵەشدا دیسان هەر مەحکوم بەلەناوچوون دەبوون). سەرەڕای ئەمە لەبەر ئەوەی ئیمپراتۆریا نوێنەرایەتی خەلافەتی ئیسلامی دەکرد، لەناوچونەکەی نەک تەنیا لەسەر ئاستی ڕەهەندە ناسیۆنالیستیەکەی، بەڵکو ڕەهەندە مەزهەبیەکەشی هەر شکەستی بەدیهێنا. ئەمەش نەک تەنیا لەچوارچێوەی سنووری دەوڵەتە نوێیەکەی تورکیادا، بەڵکو بۆ بەشێکی زۆر لە موسوڵمانانی جیهان، و یەکێکیش لەکاردانەوەکانی ئەم شکەستە و هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی شکەست دروستبوونی بزووتنەوەی ئیخوان ئەلموسلمین بوو. دیسان هۆکارێکی گرنگی تریش ئەمەبوو کە دروستبوونی کۆماری تورکیا، لەقۆناغی نێوان دوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا

بوو. ئەمەش قۆناغی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی فاشیزم بوو لە ئەوروپا، کاتێکیش جەنگی دووەمی جیهانی بەرپابوو، تورکیا مەیلی پتر بەلای ئەڵمانیا و ئیتالیادا بوو و رەوتە فاشیستیەکەی لەگەڵ ئەواندا یەکیدەگرتەوە، بەڵام لەترسی ئەوەی نەکەوێتە بەر پەلاماری هاوپەیمانان، بەتایبەتیش کە سنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەتدا هەبوو، ئەو مەیلەی خۆی زێدە ئاشکرا نەدەکرد و ماوەیەک بەرارایی مایەوە، تائەوەی گڵۆڵەی فاشیزم کەوتە لێژی و سەرکەوتنی هاوپەیمانان مسۆگەر بوو، ئەمجار بەشەرمێکەوە هەڵوێستی خۆی کە گوایە لەگەڵ هاوپەیمانان دایە ئاشکرا کرد. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، دەبێ دان بەم راستییەدا بنێین کە هەرچەند فاشیزم لە تورکیادا بەردەوام بە ئاستی جۆربەجۆر بوون و کاریگەریی هەبووە، بەڵام هیچکات هێندە گشتگیر نەبووە کە بەسیستەمبوونی خۆی بسەلمێنێت. ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکیی:

١- تورکیا هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە، بەدەستپێشخەری کەمال ئەتاتورکی رێبەر و دامەزرێنەرەکەی، رووی لە خۆرئاواکرد و خۆرئاوایيبوون بە دروشمێکی هەرە سەرەکیی و ستراتیژیک کە هەتا ئێستاش، بەردەوامە و ناکۆکی و پارادۆکسێکی سەیری لەنێوان درووشمی زیندووکردنەوەی نەریتی عوسمانی و خۆرئاوایيبوون هێناوەتەکایەوە. هەرچۆنێک بێت، کۆماری تورکیا، بۆئەوەی بتوانێت بەرگی خۆرئاوایيبوون لەبەر بکات دەبووایە نەریتە دیموکراسیەکەشی قبوڵ بکات. هەرچەندە تورکیا هیچکات، هێندە دیموکرات نەبووە کە بتوانێت شان لەشانی نموونە ئەوروپاییەکان بدات، بەڵام بەشی ئەوەندە هەبووە کە لەلایەن ئەوروپیەکانەوە بەچاوی هیواوە بۆی بڕواندرێت. لەبەر ئەوەش کە فاشیزم لەگەڵ نەریتەکانی ئەوروپای دوای جەنگی جیهانی یەکناگرێتەوە، دەبووایە تورکیاش بوون و پەرەسەندنی فاشیزم بەشاراوەیی یان لەبەرگی جۆراوجۆری چەپ و راستدا بهێڵێتەوە.

> **دابەشبوونی سیاسی تورکیا، بەسەر پارت و گروپ و بەرژەوەندیی جۆربەجۆر هەلومەرجێکی وەهای هێناوەتە کایەوە، کە ئەم وڵاتە سەقامگیریی سیاسی بەخۆیەوە نەبینێت**

٢- دابەشبوونی سیاسی تورکیا، بەسەر پارت و گروپ و بەرژەوەندیی جۆربەجۆر هەلومەرجێکی وەهای هێناوەتە کایەوە، کە ئەم وڵاتە سەقامگیریی سیاسی بەخۆیەوە نەبینێت، دەسەڵاتی دەوڵەت زوو زوو دەستاودەست بکات و هیچ لایەنێک هێندە لەسەر دەسەڵات نەمێنێتەوە کە فریای چەسپاندنی بەرنامە سیاسییەکەی خۆی بکەوێت و تەنانەت روودانی سێ کودەتای سەربازی و چەندانی تری سەرنەکەوتووش هەرچەندە کوشتار و ستەم و چەوسانەوە و بەگشتیی دیکتاتۆریی لەسەر ئاستی هەرە فراوان پەیڕەوکراوە، بەڵام نەیانتوانیوە بەئاستی بەسیستەمکردنی فاشیزمی بگەیەنن.

بەڵام بەهاتنە سەرکاری پارتی دادوگەشەپێدان (ئاکەپە) و رێبەرەکەی رەجەب تەیب ئەردۆگان، قۆناغێکی نوێی سیاسیی لە تورکیا هاتە کایەوە. سەرەتا خۆرئاوا باوەشی بۆ ئەم قۆناغە گرتەوە و وەها شرۆڤەکرا، کە هاتنەسەرکاری پارتێکی ئیسلامی میانەڕە و بۆسەر دەسەڵات لەوڵاتێکی گەورە و کاریگەری وەک تورکیا، ئاکامی باشی لێدەکەوێتەوە، چونکە دەتوانێ ببێتە نموونەیەکی باش بۆ وڵاتانی تری ئیسلامی لەئایندەدا و کەمکردنەوە توندڕەوی ئیسلامی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەتایبەتیش کە لەسەرەتادا ئەردۆگان زۆر جەختی لەسەر پەیڕەوکردنی سکولاریزم دەکردەوە و لەدوای سەرکەوتنی ئیخوانەکان لە میسر یەکەمین ئامۆژگاری ئەردۆگان بۆ محەمەد مرسی سەرۆکی لەسەرکار لابراوی ئەو وڵاتە، کەدەبێ سکولاریزم پەیڕەوبکرێت، بۆ پشتیوانی ئەم رژێم و سیستەمە نوێیەش خۆرئاوا، بەتایبەتی ئەمەریکای خولی یەکەمی سەرۆکایەتی باراک ئۆباما، مەرایيەکی زۆر بۆ ئەردۆگان و رژێمەکەی لەزۆر بوار و بۆنەدا و بەتایبەتیش لە دژایەتیکردنی کورد و بزووتنەوە ئازایخوازییەکەیدا کرا، بەڵام بەرەبەرە دەرکەوت کە ئەردۆگان سکولار نییە و لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی

(العربية) دەڵێت: (سکولاریزم لای ئێمە بەواتای ڕێزگرتن لەئایینەکانی تر)، جا ئەگەر سکولاریزم ئەمەبێت هەموو وڵاتانی جیهان بە ئێران و عەرەبستانی سعودییشەوە سکولارن، ئەوەش کە زۆرتر تورکیا و ئەردۆگانی بە واقیعی خۆی ئاشکرا کرد، ڕاپەڕینەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی و بەتایبەتیش شەڕی ناوخۆی سوریا و لەویش تایبەتی تر پەلاماری داعش بە هاوکاریی تورکیا بۆسەر کۆبانێ بوو. کە هەر ڕۆژە خەسڵەتێکی نوێی ڕاستەقینەی خۆی لە نەژادپەرستیی، فراوانخوازای و عەسکەرتاریی، خنکاندنی دیموکراسی هەر دەنگێکی بەرهەڵستکار... پەیڕەوکرد، تاگەیشتە ئاستێک کە تەنانەت نووسینی کۆمێنتێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دژی ئەردۆگان بەدواداچوونی یاسایی بەدواوەدەبێت. ئیتر ئەمجارەیان فاشیزم لەبەرگی ئاکەپەدا بە گوڕوتین و بەشێوازێکی سیستەماتیکیانەتر هاتە گۆڕەپانی سیاسەت و فەرمانڕەوایی. ئیتر بوارێک نەمایەوە لەپێناسەکردنی ئەم سیستەمەدا کە ببێتە هۆی نواندنی دوودڵی لەوەی ئایا ئەمە سیستەمێکی فاشستییە یان نا. بە چاوپێخشاندنێکی سادە و خێرای ئەم چەندساڵەی دواییەدا دەدردەکەوێت کە ئاکەپە و سەرۆکەکەی هەڵگری تەواوی خەسڵەت و بنەما فاشیستیەکانن کە دەکرێ بۆ ئاسانکاریی لەچەند خاڵدا هەندێکیان خڕ بکەینەوە:

١- ڕێبەری لێهاتوو: هەروەک پێشتر لەنموونەکانی فاشیزمی ئەڵمانی و ئیتاڵیدا ئاماژەمان پێکرد، ڕێبەر ئەو پێگەیەیە کە ئەلتەرناتیڤی هەموو دامودەزگاکان و یاسایە. ئەردۆگان. تەنانەت بەرلەوەی ریفراندۆم بۆ ئەرێکردنی سیستەمی سەرۆکایەتی بەڕێوە بچێت، ئەو سەرۆکە بوو کە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی خستبووە ژێر دەستی خۆی و تەواوی دامودەزگاکانی وەک پەرلەمان، سەرۆکایەتی وەزارەتەکان، دەزگای دادوەریی، سوپا، موخابەرات، هەموو لەهەموو بچووکبوونەوە و بەیەک پەتەوە گرێدرران و سەری ئەوپەتەش ئەردۆگان خستییە دەستی خۆی. کاتی خۆشی گەورە فاشستی تورک ئەلپ ئەرسەلان تورکەش کە دامەزرێنەری پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی (مەهەپە) یە لە بەرنامە فاشستیەکەیدا کە بە

## جگە لەمانە ڕێبەریی فاشستی کۆمەڵە خەسڵەتێکی هەیە کە پێشتر هیتلەر ئاماژەیان پێدەکات و گشت ئەم خەسڵەتانەش لە ئەردۆگاندا بەدیدەکرێن

(٩تیشک) ناسراوە، گوتبووی: نەتەوەی تورک لەهەموو سەردەمەکاندا کە خاوەن ئیمپراتۆریای مەزن بووە، سیستەمێکی پەیڕەوکردووە کەخاوەن خەسڵەتەکانی هێز و عەدالەت و خێرایی ڕاپەڕاندن و پراکتیکبوون بووە. هێنانەکایەی وەها سیستەمێک تەنیا کاتێک دەبێت کە تەواوی دەسەڵاتەکانی ڕاپەڕاندن بکەوێتە دەستی یەک مەرجەعەوە، لەبەرئەمە ئێمە پشتگیریی لە دامەزراندنی سیستەمی سەرۆکایەتی دەکەین چونکە باشتر لەگەڵ دیرۆک و نەریتەکانماندا دەگونجێت)٧. لەبەرئەمە نابێ پێمان سەیر بێت کە بۆچی مەهەپە پشتیوانی ئەردۆگان دەکات و لەریفراندۆمدا بەبەڵێ بەشداری کرد. بەڵام دەبێ ئەمەش بڵێین کە سیستەمی سەرۆکایەتی لەزۆر وڵاتی تری دیموکراسی پەیڕەودەکرێت، لەبەرئەمە بەتەنیا نابێتە خەسڵەتێکی فاشیستی و تەنیا کاتێک ئەم خەسڵەتە بەخۆیەوە دەگرێت کە لەگەڵ خاڵەکانی تردا یەکبگرێتەوە.

جگە لەمانە ڕێبەریی فاشستی کۆمەڵە خەسڵەتێکی هەیە کە پێشتر هیتلەر ئاماژەیان پێدەکات و گشت ئەم خەسڵەتانەش لە ئەردۆگاندا بەدیدەکرێن. تەنانەت هیتلەر درۆکردنیش بە ڕەوا دەزانێ بۆ ریبەرێک کاتێک ئەمە پێویست بێت. دەڵێت: (تایبەتمەندیی و بلیمەتی ڕێبەرێک ئەمەیە کە بتوانێت هەموو دوژمنە جۆراوجۆرەکانی خۆی لەتەک یەکەوە دابنێت و وای نیشان بدات کە هەموویان پەیوەندییان بەیەک شتەوە هەیە تا مرۆڤە لاواز و ڕاڕاکان، کاتێک هەست بەهەبوونی دوژمنان لێرە و لەوێ دەکەن لەحەقانیەتی خۆیان دوودڵی نەکەن). ئەمەش هەمان کارە کە ئەردۆگان دەقاودەق پەیڕەوی دەکات و دەڵێت جیاوازی نێوان پەکەکە و داعش نییە.

هەروا ڕێبەری فاشیستی بەوجۆرەی

هیتلەر ئاماژەی پێدەکات، پێویست نییە شارەزا و زانا بێت و ئەوەندە بەسە بتوانێت لە شێوازی وتارداندا کاریگەری خۆی لەسەر خەڵك دابنێت و دەڵێت: (رێبەر دەبێ گوتاربێژێکی بەرجەستەو و راگەیەنەرێکی مەزن بێت. لەحاڵێکدا زانست و دەرکی تیۆری گرنگی پلەدوویان هەیە، رێبەر دەبێ ئارەزووکانی خەڵک بێدارکاتەوە. لەهەمان کاتدا خامۆشیشیان کاتەوە). دەبینین ئەردۆگان کەبەڕاستی پێناسەی هێتلەری بەسەردا تەتبیق دەبێت، کە رێبەرێکی ناشی، نەزان و تەنانەت گەوجیشە. بەڵام بۆ لایەنگرانی خۆی کە بەزمانی ئەوان دەپەیڤێت و لەژێی ناسکی خەیاڵیان دەدات، هێندەی نەماوە ببێتە پەیامبەر.

٢- نەژادپەرستی: سیستەم لە تورکیا بەگشتی نەژاد پەرستانەیە. لەمڕووەوە بەقۆناغی جۆربەجۆر لەهەڵکشان و داکشاندا تێپەڕیوە. پێوەری ئەم نەژادپەرستییەش مامەڵەکردن بووە لەگەڵ کێشەی کورد. سەردەمەکانی حوکمی کەسایەتییەکانی وەک: کەنعان ئێڤرین، سلێمان دیمیرێل، تانسۆچیلەر... لەهەڵکشان و قۆناغی تریش وەک سەردەمی دەسەڵاتدارێتی کەسایەتییەکانی وەک: تورگوت ئوزال، و بلند ئەجەوید.. لەداکشاندا بووە. بەڵام لەسەردەمی هاتنەسەرکاری ئاکەپە، لەمڕۆژگارەدا بەلوتکەی هەرەبەرزی خۆی گەیشتووە، ئەمەش نەک تەنیا لەسەر ئاستی سیاسیی، بەڵکو کۆمەڵایەتی، ئابووریی، فەرهەنگی، دەروونناسیی. ئەمڕۆ ئەوەی لە تورکیا دژی کورد پەیڕەودەکرێت، لەگەڵ رەفتار و گوفتارەکانی هیتلەر دژی جولەکە شیاوی بەراوردکردنە. ئەگەر هیتلەر جوولەکەی بە پیس، دواکەوتوو، نزم... ناودەبرد. ئەمڕۆ ئەردۆگان، تەواوی ئەم چەمک و دەستەواژە فاشستانەیە دژی کورد بەکاردەهێنێتەوە. دەمێک دەڵێت: لەبەرئەوەی زمانی کوردی تەنیا لە٣٠٠ وشە پێکهاتووە، بە زمان دانانرێت. دەمێکی دیکەش دەڵێت کورد توانای بەڕێوەبردنی دەسەڵاتیان نییە... سەرەڕای ئەمە سیاسەتێکی سیستەماتیکیانە

**توتالیتاریزم سیستەمێکی گشتگەرای دەسەڵاتدارێتیی سیاسییە، کە لەناوبردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژیانی تایبەتی خەڵکە**

بۆ تێکوپێکدانی ژینگە، کەلەپور، و هەرئاسەوارێکی دیرۆکیی کوردی و سڕینەوەی هەر ئاماژەیەک بە کورد و دیرۆکەکەی لەبەرنامەکانی خوێندن و پەرتوک و راگەیاندندا، پەیڕەو دەکات. کەم رۆژ دەگوزەرێ کە بەشێوازێکی نەرێنی و خراپ ناوی کورد نەهێنێت. تەنانەت ئەو هەموو مەرایی و ملکەچکردنەی (پەدەکە) بەس نەبوون بۆ رەتکردنەوەی هەر شێوازێکی دەسەڵاتدارێتی کورد بە باشووری کوردستانیشەوە.

٣- توتالیتاریزم: توتالیتاریزم سیستەمێکی گشتگەرای دەسەڵاتدارێتیی سیاسییە، کە بەسوودوەرگرتن لە ئایدیۆلۆژیایەکی دەستکارییکراو، تێرۆر و توندوتیژیی، تەواوی دەسەڵات لەرێگای بەسیاسییکردنی گشت جومگە کۆمەڵایەتیی و تاکە کەسییەکان بەدەستدەخات. ئەمەش بەواتای لەناوبردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژیانی تایبەتی خەڵکە. سی،جی، فرێدریش. و برژینسکی، تۆتالیتاتیزم لە شەش تایبەتمەندیدا پێناسە دەکەن: ١- هەبوونی ئایدیۆلۆژیایەکی فەرمی. ٢- حکومەتی تاک حزبیی، کە یەک رێبەر هەموو دەسەڵاتەکان لەدەست خۆی دەگرێت. ٣- سیستەمێکی جاسوسیی تێرۆریستیی، ٤- کۆنترۆڵکردنی دامودەزگاکانی راگەیاندن. ٥- پەرەسەندنی توندوتیژیی. ٦- کۆنترۆڵکردنی گشت لایەنە ئابوورییەکان، لەلایەن دەوڵەتەوە.٨

لەپەیوەندیی نێوان ئەم شەش خاڵە بە تورکیاوە دەبینین جگە لەخاڵی شەشەم، کە هێشتا گشت لایەنە ئابوورییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵنەکراون، ئەوانی تر ئەوە دەسەلمێنن کە لە تورکیا حکومەتێکی تۆتالیتاری رەها لەسەر کارە، هەروا بەردەوامیشە لەسەر هەرچی تۆکمەترکردنی توتالیتاریزم.

٤- سیاسەتی عەسکەرتارێتی و فراوانخوازیی: عەسکەرتارێتیی، یاخود میلیتاریزم، ئایدیۆلۆژیایەکە لەوێدا بیروباوەڕو بایەخە سەربازییەکان بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنرێن و لەمجۆرە رژێمانەدا هەمیشە ستایشی سوپا و هێزی چەکدار و پێداهەڵگوتنی جەنگ..

بەوپێیەی مێتۆد و ئامرازی سیاسییە، ڕەواجی پێدەدرێت.

تورکیای ئاکەپەیی، سەرەڕای جەنگی ناوخۆیی دژی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، دەستی لەهەڵگیرساندن و بەردەوامبوونی چەندان جەنگی هەرێمیشدا هەیە، بەپێی ئایدیۆلۆژیای میلیتاریزم هەموو ئەم جەنگە ناڕەوایانە بە ڕەوا لەقەڵەم دەدات. ئەردۆگان، بەپشتیوانی کردنی تیرۆریزم، و بەشدارییکردنێکی کاریگەرانە لە تێکوپێکدانی وڵاتانی وەک سوریا، لیبیا، عیراق، میسر... دەستی هەڵنەگرت و کاتێک زانی ئەمانە بەرنامە فراوانخوازیی و داگیرکارییەکەی جێبەجێ ناکەن، کەوتە دەستدرێژی ڕاستەوخۆی سەربازیی و هەرجارەی بەبەهانەیەک، هێزی شەڕکەری ڕەوانەی سوریا، و عیراق، قەتەر.. کرد و دیارە پێشتریش هێزی سەربازی داگیرکەری لە قوبرس، و چەندان وڵاتی تریشی لەژێر چەتری ناتۆدا هەبووە. خۆئەگەر خۆڕاگری و بەرخۆدانی قارەمانانی کورد، بەتایبەتی ڕۆژئاوای کوردستان نەبووایە، هەلومەرجە جیهانییەکەش ڕێگای بدایە، هیتلەر چی بەسەر ئەوروپادا هێنا، ئەردۆگان خراپتری بەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەهێنا. تاکە جیاوازیی نێوان هیتلەر و ئەردۆگان سەبارەت بە ئەم خاڵە، تەنیا توانین و نەتوانینە. ئەوەی لەتوانای هیتلەردا بوو لەتوانای ئەردۆگاندا نییە.

٥- خەون و خەیاڵ: سیستەمی حوکمڕانی لە تورکیا بە هەردوو باڵی سکولار و مەزهەبییەوە هەمیشە و بۆیەک لەحزەش لەخەونی زیندووکردنەوەی ڕابردووی شکۆمەند هۆشیارنەبۆتەوە، و جیاوازی ئەم دووباڵەش لەگەڵ یەکتر ئەمەبووە، کە سکولارە کەمالیستەکان، ئۆباڵی داڕمانی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەخەنە ئەستۆی جیهانی عەرەب و ئیسلام، پێیانوایە تورکیا بەمەبەستی پێشکەوتن و سەرکەوتنی چیای شکۆمەندیی دەبێ لەجیهانی دواکەوتووی عەرەب و ئیسلام دووربکەوێتەوە، ببێتە بەشێکی چالاک لەخۆرئاوا. بەڵام هەم ئاکەپە، هەمیش مەهەپە لەو باوەڕەدان کەدەبێ تورکیا بگەڕێتەوە سەر نەریتە کۆنەکانی خۆی و هێز و توانا و شکۆمەندییەکەی نەک لەخۆرئاوا، بەڵکو لەناو جیهانی عەرەب و ئیسلامدا بەدیی بهێنێتەوە. لەمەوە هەمیشە خاکە لەدەستچووەکەی ئیمپراتۆریای عوسمانی بەخاکی خۆیان دەزانن و بەزمانی پێچاوپێچ و ئاڵۆز خەونەکانی خۆیان تەعبیردەکەن، هێندە لەمێژیش نییە کە ئەردۆگان، گوتبووی: حەڵەب و موسڵ و کریما هەمیشە لەعاتیفەی ئێمەدان. هەر ئەمە بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی ناسراو بەبەهاری عەرەبی، تورکیا هەموو هێز و توانا جۆربەجۆرەکانی خۆی خستەگەڕ تا خەونەکانی لەودا بهێنێتە دی. بەڵام کارێکیان کرد کەتەواوی ئەم ڕاپەڕینانە لەباربران و بەشی هەرەزۆری ئۆباڵی ئەو هەموو خوێن و وێرانییەی وڵاتانی وەک لیبیا، سوریا، میسر، یەمەن... دەکەوێتە ئەستۆی تورکیا و هاوپەیمانەکانی و بەتایبەتیش وڵاتی قەتەر.

بەگشتیی خەون و خەیاڵ و ئەفسانەپەروەریی، بەشێکە لە خەسڵەتەکانی فاشستیی. ڕێبەرە فاشیستەکان هەمیشە پێیانوایە، خواوەند، یان دەستێکی شاراوە، لەپشتیانەوەیە، لەگەڵ هەر شکەستێکیشدا ئەوان دڵی خۆیان بەوە دەدەنەوە کە لە ئاکامدا موعجزەیەک ڕوودەدات و تێکشکانەکان دەبنە سەرکەوتن. دەبینین داعش و نوسرە و ئەلقاعیدەش بەهەمان مۆتیف، کە خواوەند لەپشتیانە شەڕدەکەن. ئەردۆگانیش لەشێوازی ئەوان هەمیشە ئەو پشتیوانەیە بۆ ڕەفتارەکانی خۆی دەهێنێتەوە کە لەسەر بنەمای شەریعەتن. ئەمەش هەمان قسەکەی هیتلەرمان بیردەخاتەوە کەدەیگوت: (ئەگەر من ڕۆژێک لەدژی جوولەکە ڕاپەڕم، ڕاپەڕینی من جیهادێکی گەورەیە کە خواوەند فەرمانی بە من داوە).

٦- خەڵەتاندن: تورکیای ئاکەپەیی و کەسایەتی ئەردۆگان، لەسەرەتای دەسەڵاتدارێتیەکەیاندا، لەشێوازی تەواوی بزووتنەوە فاشیستیەکانی جیهان، سیاسەتێکی خەڵەتێنەری وەهایان پەیڕەوکرد، کە زۆر لەحکومەت و لایەن و کەسایەتییەکان لەسەرتاسەری ناوچە و جیهان فریویان خوارد. لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیا هەرچی خواست و ئارەزووی خەڵک بوو ، لەسەر هەموو ئاستەکان ئەوان بەڵێنی جێبەجێکردنیان دا. تەنانەت تا ئەو جێگایە ڕۆیشتن کە لەڕێگای چەند هەنگاوێکی ڕووکەشیانەوە گوایا چارەسەریی کێشەی کورد دەکەن. لەمڕووەوە سیاسەتێکی دیماگۆگیانەی وەهایان پەیڕەوکرد، کە جگە لەڕێبەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان و بزووتنەوە ئازادیخوازییەکەی هەموو لایەنە کوردییەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەردۆگان پیاوی ئاشتیی و چارەسەرییە. لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و

جیهانی ئیسلامیشدا خواستی ڕۆڵی ریش سپیەتیی و براگەورەیی بگێڕێت و بەر لە ڕوودانی ڕاپەڕینەکانی ناسراو بەبەهاری عەرەبی، هەوڵی میانجیگەریی نێوان سوریا و ئیسرائیل، دوو بزووتنەوەی فەلەستینی فەتح و حەماس، ئێران و عەرەبستانی سعودی، ئەرمەنستان و ئازربایجان... و دوای بەهاری عەرەبیش لەو هەوڵەی خۆیدا هەربەردەوام بوو، بەڵام زۆر زوو بۆ هەمووان دەرکەوت، ئەو ڕۆڵەی تورکیا دەیگێڕێت میانجیگەریی نییە، بەڵکو خۆسەپاندنێکە لەبەرگی براگەورەیەکدا کە هەرچی خواستی دەبێ برا بچووکەکان بەقسەی بکەن. لەبری بێلایەنیش لەگشت ئەو هەوڵانەیدا لایەنگری تێرۆریستان و شەڕخوازان بووە، هەرلەبەرئەمە ئەردۆگان ئیتر نەک هەر براگەورە بەڵکو بەبرابچوک و زڕبراش جگە لە قەتەر لای هیچکەس قبوڵ نەکرا. ئیتر ئەمجار کە گشت پرۆژەکانی ئەردۆگان شکەستیان خوارد ڕووی ڕاستەقینەی خۆی دەرخست و لەڕێگای پشتگیریکردنێکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی بزووتنەوە تیرۆریستییەکانی وەک داعش، و نوسرە، و ئیخوان المسلمین خوێنڕێژیی و وێرانکارییەکی وەهای دەستپێکرد کە بێوێنە بووە.

بەڵام دەبینین تورکیا چ کارێکی بەسەر خۆی هێناوە! ئەمڕۆ لەخۆرئاوا لەهەر ناوهێنانێکدا وەک دیکتاتۆر ئاماژە بەئەردۆگان و ڕژێمەکەی دەکرێت. ئەمەش کە جارێ باس لە فاشیستبوونەکەی ناکرێت، تەنیا ڕاگرتنی ئەو هیوا لاوازەیە کە بەڵکو نەهێڵن تورکیا لەمە زۆرتر ڕۆبچێت.

تورکیا بۆتە ئەو وڵاتە گۆشەگیرە کە لەسەر ئاستی فەرمی جگە لە وڵاتێکی وەک قەتەر هیچ دۆست و هاوپەیمانێکی نییە و ئەو دۆستایەتییە رووکەشیانەش کە لەگەڵ ئەم یان ئەو وڵات هەیەتی کاتیی و تاکتیکیی و لەرووی ناچاریەوەیە. لەسەر ئاستی نافەرمیش دۆست و هاوکاری گروپە تێرۆریستەکان و پارتی دیموکراتی کوردستانە، لەمەشیاندا هێندە سەرکەوتوو نییە و تەنانەت بزووتنەوەکانی ئیخوان ئەلموسلمینیش هەموو قبوڵیان نییە. بەڵام گشت ئەم قسانە بەم واتایە نییە کە پەتی پەیوەندییەکانی تورکیا بە جیهانی دەرەوەی خۆی هێندە باریکە کە خەریکە دەپسێت. تورکیا وڵاتێکی گەورەیە و خاوەن پێگەیەکی سیاسیی ستراتیژیکە. خۆرئاوا و تەواوی وڵاتانی تریش لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا توانای سەبر و تەحەمولکردنێکی زۆریان هەیە. بەڵام ئەم سەبرە چەندە زۆریش بێت، سنوورێکی هەر هەیە. پرسیار لێرەدا ئەمەیە کە ئایا ئەردۆگان، تاسەر ئەو بوارەی لەبەردەمدا دەبێت کەوەک هەر فاشیستێک چارەنووسی خۆی و وڵاتەکەی بەرەو هەڵدێرانێکی حەتمی بەرێت؟ یانیش عاقڵمەند و هێزە دیموکراتخوازەکان و گوشارە نێودەوڵەتییەکان لەتوانایاندا دەبێت جڵەوی سەرکێشیەکانی توندکەنەوە و پێش بە سەرەڕۆییەکانی خۆی و بزووتنەوە فاشیستییەکەی بگرن؟

پەراوێزەکان

١- S.Freud, Group Psychology and the Analysis of the Ego. (New York, ١٩٦٠)

٢- عزت الله فولادوند. خرد در سیاست. انتشارات طرح نو-١٣٧٧ ص٢٣٣

٣- بۆزۆرتر ئاشنابوون وبەدەستخستنی وەرگێردراوی تەواوی ئەم وتارەی مۆسۆلینی، بڕوانە: عزت الله فولاتوند، سەرچاوەی پشوو، ل٢٣٣-٢٣٨

٤- ئینگلبێرت دلفۆس، ساڵی ١٩٣٢ بووە سەرۆک وەزیرانی نەمسا و دەسەڵاتێکی فاشستی بەشێوازی خۆی پیادەکرد و هەرلەو ساڵەشدا بەدەستی نازیستەکانی سەر بە ئەڵمانیا تێرۆرکرا.

٥- تاریخ اندیشەهای سیاسی در قرن بیستم، حسین بشیریە، نشر نی ١٣٧٦، ص١٢٤

٦- سون اریک لیدمن. مترجم: سعید مقدم. تاریخ عقید سیاسی. حز افلاطون تا هابرماس نشر دانش-١٣٧٩ ص٢٨١

٧- فاطمة ازگان، الحركة القومية التركية.. التقاطع بين التعديلات الدستورية، و ادبيات الحزب- لە (ترک برس)ەوە.

٨- اندرو هیوود، مفاهیم کلیدی در علم سیاسەت. مترجمان:حسن سعید کلاهی و عباس کاردان. شرکت انتشارات علمی و فرهنگی ١٣٩١ ص١٩٦

# حەقیقەت «شۆڕشی نێو شۆڕش»



ئازادیی کۆمەڵگە
جەیلان باغری یانیک

گەیشتن بە حەقیقەت بە هەنگاوە پتەوەکان ناکرێت، ئەگەر لە میانەی شۆڕشێکی ژنەوە پێینەگەین، بەو پێیەی کە ژن دایکی هەموو چارەسەریەکانە، ئەوەندەی کە دایکی کێشە و پرسەکانە...

لەکاتێکدا کە نەک بەتەنها پرس و قەیرانە کۆمەڵایەتیەکان لە رۆژهەڵاتی ناوین و لە سەرانسەری جیهان بە گشتی قوڵتر دەبنەوە، بەڵکو هاوکات خواست و چالاکی گەڕان بە دوای چارەسەریە ریشەییەکاندا چڕتر بوونەتەوە.راستینەی دژە شۆڕشیش کە لە سەر بنەمای دژایەتیکردنی ژن لە مێژوودا بونیادنراوە، بەلێکەوتە و کاریگەریەکانیەوە راڕەوی مێژووی مرۆیی تا رۆژگاری ئەمڕۆمان دەست نیشان کردووە.

هیچ کێشەیەکیش ناتوانرێت پێناسە بکرێت، ئەگەر لە سەرچاوە و بنەچەکەی نەکۆڵدرێتەوە، هەروەها گەڕان بە دوای ئازادییشدا ناکرێت، جگە لەو شوێنە نەبێت کە لەوێ لە دەستدراوە و ونکراوە. تیۆری «شۆڕش و دژە شۆڕش» کە رێبەری گەلی کورد و تێکۆشەری حەقیقەت ڕێبەر ئاپۆ پێشکەشی کردووە، ڕێگای تێکۆشانی ئازادیی ژنی بەشێوەیەکی بەرچاو رووناک کردووە». لە چوارچێوەی دەستنیشان کردنەکەیدا کاتێک دەڵێ: پرسی ئازادیی ژن سەرچاوەی هەموو ئەو ناکۆکیانەیە کە لە پرسە کۆمەڵایەتیە هەڵواسراوەکان دەکەونەوە». ئاماژەی بەوە کردووە کە پێویستە گەڕان بە دوای چارەسەریدا لە چوارچێوەی ململانێی رەگەزیدا بکرێت.

بۆیە پێناسەکردنی راستینەی ژنی سەرکوتکراو و چەوساوە کە لە رووی مێژوویەوە یەکەمین و کۆنترین کۆڵۆنییە، دەربڕی ناوەڕۆکی راستەقینەکەیەتی، چونکە سەرچاوەی هەموو جۆرەکانی قۆرخکاری سەپاندن بە سەر ژندا بووە، لە ئابووریەوە بگرە تا دەگاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەوانیتر، کە خۆی لە ئایدیۆلۆژیای نێرسالاریەوە دەنواند. بەو شێوەیە، دژایەتیکردنی ژن کارێکی ئایدیۆلۆژی و بەرنامەدارێژراو بووە. زۆرێک لە تیۆری و لێکۆڵینەوە مێژووییەکان هەن لەو بارەیەوە کە پشتگیری لەو دەستنیشانکردنە دەکەن. لەسەر ئەو بنەمایە، پێناسەکردنی زانستیی تەواو بۆ پرسەکە، ئازادیی ژنیش بە دوای خۆیدا دێنێت. ئەمە و هەموو قەوارەیەکی کۆمەڵگەبوون کە لە مێژوودا بەدەر کەوتووە و لە دەوری ژن کۆبووتەوە و پەرۆشی ئازادیی بووە، توانیویەتی شۆڕشی ژنیش بە ئەنجام بگەیەنێت، بۆ نمونە، ئێمە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا هێشتا شوێنەوارەکانی شۆڕشی سەردەمی بەردینی نوێ دەبینین کە ژن ناوەندەکەی بووە. هەرێمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە شۆڕشی ئازادیی ژنی بە خۆیەوە بینیوە، هەمان جوگرافیایە کە یەکەمین دژە شۆڕشی ژنیشی بە خۆیەوە بینیوە. بۆ ئەوەی لە رووی شێوەوە ئاسانکاری بکرێت، دەتوانین بە دوو قۆناخ لێکۆڵینەوە لە سەر راستینەی دژە شۆڕشەکە بکەین کە لە بەرژەوەندی پیاودا تەواوبووە یان جێبەجێکراوە:

١- زهنیەتی باوکسالاری کە پێنج هەزار ساڵ بەر لە زایین باڵادەست بوو، یەکەمین هەڵمەتەکەی بۆ دژایەتیکردنی ژن بەوە دەستی پێکرد کە بونیادی سیستەمە سەرکوتکراو سەپێندراوی هەرەمی «هیرارشی» و دەوڵەت ئاساکەی بۆ دژایەتیکردنی نرخە رێکوپێکەکانی کۆمەڵگەبوون تەرخان کرد کە لە دەوری ژن دەخولانەوە. هاوتەریب لە گەڵ ئەو هەڵمەتە، دەبینین کە موڵکیەتی تایبەت و جیاوازی چینایەتی و قۆرخکاری، راستەوخۆ لە سەر ژن

جێبەجێکرا و راستینەی ژن لە رووی کۆمەڵگەبوونیشەوە یەکسەر سەرەوژێر کرا.

ئەو رەوتەی کە بە دەستێوەردانی دەرەکی لە سروشتی کۆمەڵگەبوون پەرەیسەند، هاوکات سەرچاوەی جەنگەکان و پاوانخوازی سەرمایە پێک دێنێت. ئەو رەوتە کە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو لە دەوری دامەزراوەی دەوڵەت رێکخراوە، بوو بە مەیدانی پچڕاندنی پەیوەندیەکانی کۆمەڵگە لە گەڵ نرخە ئەخلاق و سیاسیەکانی لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە پەلاماری ئەو کۆمەڵگەیە دەدات تا بخاتە ژێر رکێفیەوە. بەو شێوەیە و هاوکات لە گەڵ مێژووی شاردا، دەسەڵاتی زهنیەتی نێرایەتیش زاڵ بوو کە نرخە کۆمەڵایەتیە گەشەسەندووەکانیشی بە تاڵان برد، لەوانەی کە لە دەوری ژن چڕ ببوونەوە و خۆی دەکات بە خاوەنیان و باڵادەستی و دەسەڵاتەکەی خۆی بەپشتبەستن بە کوێلایەتی ژنەوە دەیانسەپێنێت. زۆر گێڕانەوەی ئەفسانەیی «میتۆلۆژیای» و فەلسەفی لە سەرچاوەکانی رۆژهەڵاتی ناویدا هەن کە ئاماژە بەو راستیە دەکەن «ئەفسانەی ئینانا و ئەنکی، ئەفسانەی تیامات و ماردوک».

٢- ڕەوتی دووەم کە درێژەپێدەری ڕەوتی یەکەمە، دەتوانین بە لوتکەی سیستەمی فەرمانڕەوایی نێرایەتی پێناسە بکەین، ئەویش ڕەوتی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریە، کە بە سیستەمێکی دژبەری ئازادیی ژن لە قەڵەم دەدرێت، ژنیشی گەیاندووتە سنووری نامۆبوون بە خودی خۆیەوە و، تا ئاستێکی زۆر هۆشیاری ئازادییەکەیشی شێواندووە.

ئەم وتەیەی ڕێبەر ئۆجەلان پەردە لە سەر زۆر شت هەڵدەداتەوە کاتێک وتەیەکی هیرۆدێت بەنمونە دێنێتەوە « هەموو جەنگەکانی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا بە هۆی ژنێکەوە بوون» ، راستیەکی دیاریکراو بە درەوشاوەییەوە دەخاتە روو. ئەویش ئەوەیە کە ژن نرخەکەی وەکو کۆڵۆنی بە دەستخستووە، بۆیە جەنگەکان بە هۆیەوە هەڵدەگیرسێن. مێژووی شاریش بە هەمان شێواز بووە. سەردەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریش کۆلۆنیکردنی ژن تا ئاستێک دەنوێنێت کە جۆرە رەهەندێک لە خۆدەگرێت هەزاران جار توندتر و جۆراوجۆرترن. ئیدی کۆلۆنیالیزم ناسنامەی ژنی شێواند. هەروەها لیستەی کۆلۆنیکردنی ژنیش درێژ دەبێتەوە هەر لە کردنی بە دایکی هەموو رەنجەکان بگرە تا دەگاتە خاوەنی رەنجی خۆڕایی، کرێکاری رەنجخوراو، بێکارترین کەس، سەرچاوەی ئارەزووی»سێکسی» و توندوتیژی بێسنوور بۆ پیاو، ئامرازی وەچەخستنەوەی نمونەیی بۆ سیستەم، دایەنی نمونەیی، ئامرازێکی ریکلامکردن، ئامێرێکی وروژاندنی جنسی «پۆرنۆگرافی»و سێکس و ...هتد.

ئەوەش تیشک دەخاتە سەر ئەو کارەساتەی کە ژن لە چوارچێوەی راستیە تاڵەکەیدا دەچێژێت. لە بەر ئەوەیە کاتێک ژن بە کۆیلەی کوێلەکان وەسف دەکەین، یان وەکو رێبەرایەتیە داناکەمان بە «شاژنی کاڵاکان»ی پێناسە کردووە؛ دەبینین کە سەرچاوەی هەموو شێوەکانی جیاکاری و نایەکسانی لێرەدا شاردراوەتەوە.

بەرامبەر بەوەش، هەرێمی رۆژهەڵاتی ناوین هاوکات نوێنەرایەتی مێژووی تێکۆشانێکی سەرسەخت دەکات دژ بە سیستەمی باڵادەستی نێرایەتی بەهەموو هەڵمەتەکانیەوە، کە کۆمەڵگەبوون و ناسنامەی ژن و هەموو ناسنامەکانی تری کردووە بەئامانج، کە دوورخستنەوە و بێبەشکردن و پەراوێزخستن باڵی بەسەریاندا کێشاوە. بەو پێیەی لەگەڵ لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەکەمان بە یەکەوە ئاسۆکانمان سەبارەت بەو هۆیانەوە بەرفراوانتر دەبن، کە نەیانهێشتووە راڕەوە شۆڕشگێڕیەکان، ببنە سیستەمێکی جێگرەوەی سەقامگیری، کە بزووتنەوەکانی دژ بە سیستەمە دامەزرێندراوەکان پەرەیان پێداوە. بە واتایەکی دیکە، وێڕای هەبوونی بەرخۆدانی و بەرهەڵستی شۆڕشگێڕیی بەردەوامی جوڵانەوە جێگرەوەکان، لەبەرچی سەرکەوتنیان بە دەست نەهێناوە؟

گەیاندنی تێکۆشانی ژن بەشێوەیەکی خێرا بۆ ئاستی چارەسەریە ریشەییە شۆڕشگێڕیەکان، وەکو پێویستیەکی دەستبەجێی ئەو قۆناخە خۆی دەسەپێنێت. هەر وەکو لە ئەزموونەکانی پێشتریش تێبینی کراوە، دانەڕشتنی پێناسەیەکی تیۆری تەواو بۆ پرسە کەڵەکەبووەکانی ژن، دوای ئەویشەوە بۆ پرسە کۆمەڵایەتیە گرژبووەکان لە سەردەمە ئاژاوەگێڕەکاندا، دانەڕشتنی چارەسەریە ریشەییەکان بۆیان؛ بەردەوامی بارگرانی ئەو کێشە و پرسانەیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە، سەرئەنجام راستی و حەقیقەتیان لە نێو تاریکیەکی خەستدا هێشتووتەوە. لە کاتێکدا تیشک خستنە سەر پرسە کۆمەڵایەتیە هەڵواسراوەکان

لەهەموو لایەکەوە، کارێکی مەحاڵە بەبێ تیشکخستنە سەر پرسی ژن بە شێوەیەکی بەرفراوان. هەموو ئەزموونە مێژوویەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەر نزیکبوونەوەیەکی پێچەوانە و جیاواز لەوە، لە ڕووی فیکر و شێوازەوە، هەرگیز ناتوانێ ڕاستی و حەقیقەتی ئازادیی وەدەرخات.

وێڕای ڕۆڵی کاریگەر و پێشەنگی ژن لە هەموو تێکۆشانە شۆڕشگێڕیەکاندا، کەچی پرسی ژن وەکو پرسێکی سەرەکی و چارەنووساز هەڵسوکەوتی لە گەڵدا نەکراوە، کە پێویستی بە چارەسەرێکی بەرفراوان و خێرا هەیە. بۆیە ژن بێبەش بووە لە چارەسەری ریشەیی بۆ کێشەکانی و دیدگای شۆڕشگێڕی بەرفراوان بۆ تێکۆشانەکەی لە پێناو ئازادیی خۆیدا.

کەچی نزیکبوونەوە لێیان تەنیا بە ریفۆرمە ڕێژەییەکان بەستراوەتەوە، یان دواخراون بۆ دوای تەواوبوون و کۆتایهاتنی شۆڕش، بەڵام هەموو ئەزموونەکان بە شێوەیەکی لێبڕاوانە دەریان خستووە کە هەر شۆڕشێک خۆی نەسپێرێتە ئازادیی ژن، لە کرۆکی خۆیدا شۆڕشێکی ڕاستەقینە نەبووە. لەسەر ئەو بنەمایە، ئەو تێکۆشانانەی کە ژن بە ڕەنجێکی زۆر گەورەوە بەشداریان تێدا کردووە و قوربانی بە نرخیان لەو پێناوەدا داوە، نەیانتوانیوە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگەبوون بۆ ئازادییە چاوەڕوانکراوەکان تەرخان بکەن. بۆیە لەو بڕوایەدایین کە کێشە بنەڕەتیەکە لەوە دایە کە پێناسەیەکی تەواو بۆ دیاردە و پرسی ژن نەکراوە «کە بە بۆچوونی ئێمە ئەو پرسە پرسی پیاویشە» لە چوارچێوەی ڕاستینەی خۆیدا. ئەگەر پێناسەکە بە شێوەیەکی تەندروست داڕێژرابووایە، ئەوە بەو ئەنجامە دەگەیشت کە یەکەمین دژە شۆڕش لە مێژووی شاردا، ژنی کردووە بە ئامانج، بەوەش گەورەترین پەرەسەندن و دەرکەوتنی شۆڕشگێڕی لەو بوارەدا جێبەجێ دەکرا، چونکە ناتوانین پێناسەیەکی تەندروست بۆ کۆمەڵگە

> **ڕێبەرایەتیمان هەر لە سەرەتاکانی بزووتنەوەکەوە پرسی ئازادیی ژنی بە دیدگایەکی ستراتیژیەوە گرتە دەست**

داڕێژین، بێ ئەوەی لە ژن تێنەگەین کە سیماکان و ئەدگارەکانی لە نێوان بەرداشی هەردوو دیوی مەنگەنەی چەوسانەوە و قۆرخکردندا و لە چوارچێوەی کۆنترین و چڕترین شێوەکانی کۆمەڵگەی دەوڵەت ئاسا و پلەبەندیدا «هیرارشیدا» کێشراون. بەدەربڕینێکی دیکە، تێگەیشتنی تەواو بۆ کۆیلایەتی ئەتنیکی و نەتەوەیی و چینایەتی، لە پێناسەکردنێکی تەندروستدا تێپەڕ دەبێت، کە بۆ ژن و کێشەکانی دەکرێت.

چارەسەریەکان و پێناسە چینایەتی و ئایینی و میللیگەرایی داڕێژراوەکان، نەیانتوانیوە مۆدێلێکی کردەیی» پارادیمایەک» پێشکەش بکەن کە زهنیەت و سیستەمی نێرایەتی خۆسەپێنەر تێپەڕێنێ، کە ڕێکەوت لە گەڵ مێژووی شاردا هەڵکشاوە، بەڵکو ڕەگ داکوتان و پتەوکردنی «سیستەمی دامەزرێندراوی دەسەڵاتگەرایی و سەرکوتکاری لێکەوتەوە و، بە ڕێبازێکیش «مێتۆدۆلۆژیەکیش پەردەپۆش کرا کە ئەزموونە جێگەرەوە دیارەکان خرانە خزمەتیەوە.

ڕێبەرایەتیمان هەر لە سەرەتاکانی بزووتنەوەکەوە پرسی ئازادیی ژنی بە دیدگایەکی ستراتیژیەوە گرتە دەست و کردی بە چەقی هەموو چالاکیەکانی دیکە. ئەو نزیکبوونەوەیە کرا بەزەمینەیەکی پتەو بۆ بەکردەییکردنی هەنگاو بە هەنگاوی ئەو دیدگایە لە واقیعی ژیاندا، چ لە سەر ئاستی تیۆری و فیکریەوە یان لەسەر ئاستی جێبەجێکردنە کردەییەکاندا. ئەو ئایدیۆلۆژیانەی کە بە درێژایی مێژووی شار دەرکەوتن، سەرچاوەی بیرۆکەکانیان لە دەمارگرژی نەتەوەیی یان ڕەگەزی یان ئایینی هەڵقوڵاوە، کە نەک تەنیا ئازادیی ژن لە ناوەڕۆکەکەیاندا جێی نەکراوەتەوە، بەڵکو بە بەردەوامی گۆڕدراون بۆ ئەو ئایدیۆلۆژیانەی کە دژایەتی ژنیان کردووە. بۆیە هۆشیاری پێکهاتووی تایبەت بە ژنەوە، بە درێژایی قۆناخە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو دامەزراوانەی کە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراون، گەشتەکەیان بە شێواندن و بەلابردنێکی ترسناکی زهنیەت کۆتایی هاتووە.

لە بەر ئەو هۆیە بوو، کە پارادیگمای دیموکراتی و ژینگەیی، کە ڕێبەرایەتیمان پێشکەشی کردووە و لە دەوری ئازادیی ژن دەخولێتەوە، چەندە جۆش و ژیانەوەی گەورەی بە ژن بەخشی، ئەوەندەشی بە

کۆمەڵگەی بەخشی. ئەمەش بوو بەهۆی جێبەجێکردن و بەرپابوونی قەڵەمبازە شۆڕشگێڕیە نمونەییەکان. بۆیە پێناسەکردنی بزووتنەوەی سەرکەوتوو و هەڵکشاوی ئازادیی کورد کە هاوکات بزووتنەوەی ئازادیی ژنە، هەر لە سەرەتاوە سروشتی دیموکراتی ئەو بزووتنەوەیەی بە دەرخست. بەو جۆرە ئەو دەستنیشانکردنە کە دەڵێ: کۆمەڵگە رزگار نابێت، ئەگەر ژن ئازاد نەبێت لەسەر نزیکبوون و هەڵوێستی دواخستنی ئازادیی ژن بۆ دوای کۆتاییهاتنی شۆڕش دامەزراوە. بەتایبەتی ئاماژە بەوە دەکەین کە دامەزراندنی پارادیما و سیستەمی ئەو بزووتنەوەیە لەو شیکارە هەڵقوڵاوە کە خۆی بە سیستەمێکی دژبەری سیستەمی نێرایەتی خۆسەپێنەر لە قەڵەم دەدات.

ئەوەبوو بەهۆی ئەوەی کە شۆڕشێکی زهنی گەورە لە بەرژەوەندی ژندا بەرپا بکات، تا تۆڵە لە زهنیەتی پیاوسالاری نێرایەتی بکاتەوە کە تەمەنەکەی بۆ پێنج هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە. ئەو شۆڕشەی کە لە سەر ئاستی زهنی بەرپا کراوە، بوو بە راستیەکی بنەڕەتی کە بزووتنەوەی ئازادیی لە هەموو بزووتنەکانی دیکە جیا بکاتەوە. دەربڕینی رێبەراتیمان لەبارەی ئەو راستیانە تا دوایین ئاست، روون و براوەن، کە لە بەرگرینامەکانیدا هاتووە و لە هەلومەرجەکانی گۆشەگیری توندکراودا تۆماری کردوون، لە زیندانی تاکەکەسی دوورگەی ئیمراڵیدا، کە دەتوانین لە رووی ناوەڕۆکەوە وەکو بەرگرینامەکانی داکۆکیکردن لە هەبوونی ژنیش پێناسەیان بکەین.

ناتوانرێت ئازادیی ژیان جێبەجێ بکرێت، بەبێ بەرپاکردنی شۆڕشێکی ریشەیی ژن، بەبێ جێبەجێکردنی وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕکردنێکی پێویست لە ژیان و زهنیەتی پیاودا. لەبەر ئەوە، بەبێ ئازادیی ژن وەکو رەگەزێکی سەرەکی لەدەوروبەری ژیاندا، بەڵکو خودی ژیانەکەیە، ئەو ژیانە وەکو تراویلکە و سەراب و تەمومژ دەگوزەرێت. بەبێ بەرقەرارکردنی ئاشتەوایی و سازان لە نێوان ژن و پیاودا لەلایەک و لە نێوان ژیان و ژندا لەلایەکی دیکەوە، ئیدی بەختەوەری دەبێتە خەیاڵێکی فریودەر و پووچ. راستیە کۆمەڵایەتیەکانی پەیوەست بە ژن و ژیانی ئازادەوە، جۆرە راستیەکی بێسنوورن. کۆمەڵگە و ژن لە رۆژهەڵاتی ناوین لە رووی مادی شارستانێتی و ئەو هێرشە مۆدێرنیتەی کە تووشی هاتوون، تا دوا رادە لە ژێر باری تیکچوون و داڕووخان و پووکانەوەدا دەناڵێنن، لەهەبوونی خۆیان تا ئاستی نامۆبوون بێبەشکراون و کراون بەکاڵا. وەک بابەتێکی ئۆبژە سەیرکران، بۆیە راسترین شێواز، کە خۆی لە شیکردنەوەی پرسە کۆمەڵایەتیەکاندا بەرجەستە دەکات، لە دیاردەی ژنەوە دەست پێبکرێت و لەوێشەوە هەنگاو بەرەو چارەسەریەکان بنرێت. گەیشتن بە حەقیقەت بە هەنگاوە پتەوەکان ناکرێت، ئەگەر لە میانەی شۆڕشێکی ژنەوە پێینەگەین، بەو پێیەی کە ژن دایکی هەموو چارەسەریەکانە، ئەوەندەی کە دایکی کێشە و پرسەکانە.

رێنمایەکانی رێبەرایەتیمان سەبارەت بە شۆڕش و ئازادیی ژن لە هەر چوار پارچەی کوردستان بڵاو بۆتەوە، مەودای ئازادیی بۆ ژن لە نێو ریزەکانی بزووتنەوەی ئازادیی کورددا فەراهەم کردووە. ئەو بزووتنەوەیەی کە لە ساڵەکانی حەفتاوە هەنگاو بەرەو هەڵکشان دەنێت. بەتایبەتیش باسی تێکۆشانی ژنی کورد لە سەر لوتکەی چیاکان لە پێناو دامەزراندنی قەوارەکانی نیمچە سەربەخۆ و تایبەت بەخۆیانەوە دەکەین. ئەمەش لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەوە دەست پێکراوە و لە شارەکان و لە نێو کۆمەڵگەشدا پێشوازیەکی گەرمی لێکراوە، بووە بەسەرچاوەی ئاوات و بڕوابوون و متمانەکردن بە شۆڕش لە مەیدانەکانی تێکۆشانی کۆمەڵایەتیشدا.

بە پشتبەستن بەو هێزە پتەوە کە لە ئەزموونە مێژووییەکان و شۆڕشی هەنووکەیی زهنی کەوتووتەوە، تێکۆشانێکی شکۆمەند و گەورە لە تورکیا و باکوری کوردستان، چ لە ناو ریزەکانی بزووتنەوەکەدا یان بەرامبەر بە رژێمی باڵادەست، لە ژێر توندترین و سەخترین هەلومەرجدا تا رۆژگاری ئەمڕۆمان بەڕێوەدەچێت. تێکۆشانێکە دژ بەهەموو ئەو کوشتار و قڕکردنانە کە دەوڵەت دژ بە گەل و ژن ئەنجامی داون و ئەنجامیان دەدات، هەروەها میکانیزمەکانی رێکخستنی ژنان داڕێژراون و، تێکۆشانی پاراستنی هەبوونی ژن لە هەموو مەیدانەکان و بوارەکانیشدا گەورەتر بووە. بۆیە باشترە کە بەشداری لەو ئەزموونانەدا بکەین کە لە ژیانی واقعیدا هەن، لەوانە قەوارە جێگەرەوەکان کە لەم دواییدا بەدەر کەوتن و، چۆنیەتی دەرکەوتنیان و، ئاشنابوون بە ناوەڕۆکەکەیان.

هەبوونی ژن لە میانەی رێکخراوە تایبەت و نیمچە سەربەخۆکانی ژنانەوە، گۆڕدراوە بۆ خودێکی کاریگەر. بەوەش وەڵامی ئەو نزیکبوونەوانەی سیستەمی

باڵادەست دەداتەوە کە لە پلەوپایەی ژنی خستووە و گۆڕیوە بۆ بابەتی کاڵا «ئۆبژە»و لە ئیرادەکەی بێبەش کردووە. بەو جۆرە ژن توانی خۆی بەڕێوەببات و، بڕیار لەسەر کاروبارە تایبەتیەکانیشی بدات، هەروەها گۆڕدراوە بۆ هێزێکی پێشەنگ لە پرۆسەی بونیادنانی کۆمەڵاتیشەوە. بەو شێوەیە ژن توانی لەگەڵ خودی خۆی ئاشنا بێتەوە و بە ئەرزشەوە سەیری هەبوونەکەی بکات و، ببێتە خودێکی بەتوانا و کاریگەر لە جێبەجیکردنی وەرچەرخان و گۆڕانکاری لە نێو ریزەکانی کۆمەڵگە و بەرقەرارکردنی دیموکراتیزەکردنەکەی. لەسەر ئەم بنەمایە لەزۆر رەهەندی ژیاندا گوڕی دایە شۆڕشی ئازادیی کۆمەڵگە کە ئەگەر بەخێرایی بیانخەینە بەرباس ئەمانەن:

رەهەندی سیاسی، مەیدانی تێکۆشانە بۆ ژن، تا سیاسەتی داڕێژراو بە گوێرەی زهنیەتی نێرایەتی دیموکراتیزە بکات. مەبەستەکەشی بەجێکردنی نوێنەرایەتی یەکسان و چەمکی بەڕێوەبردنی هاوبەشە لەنێو هەموو میکانیزمە سیاسیەکاندا، بە بچووکترین شانەکانی کۆمەڵگەیشەوە کە خێزانە. لە سەر ئەو بنەمایە، ژن لە تورکیا و باکوری کوردستان شۆڕشێکی راستەقینەی لە سیاسەتی کۆمەڵگەبوونیدا جێبەجێ کردووە، هەر لە بەشداریکردنی لە هەموو میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنەوە بگرە، تا تێکۆشان لە پێناو بەدەستهێنانی رێژەی ژن و بەرقەراربوونی جیاکاری ئەرێنی لە بەرژەوەندی ژندا، تا دەگاتە نوێنەرایەتی یەکسان و جێگیرکردنی سیستەمی هاوسەرۆکایەتی.

رەهەندی کۆمەڵایەتی، ئەو بوارەیە کە ژن دامودەزگا جیاجیا جێگرەوەکانی لە رووی کۆمەڵایەتیەوە بونیاد دەنێت دژ بە سیستەمی باڵادەست، کە کراوەیە بە سەر قۆرخکردن و هەموو جۆرەکانی جیاکاری و جیاکردنەوەدا. لە چوارچێوەی ئەو رەهەندەدا ژن لە هەموو بوارەکانی ژیان لە رووی دەروونی و رۆحی و جەستەییەوە بە شێوەیەک پەرە بە خۆی دەدات، کە دژی هەموو جۆرە توندوتیژی و جیاکاری

> ”
> # رەهەندی ئابووریش، ئەو بوارەیە کە رەنجی ژن بە شێوەیەکی دیاریکراو بەدەر دەکەوێت

و جیاکردنەوەیەک تێبکۆشێت و لەناویان ببات و، وەکو بەربەستێکی پتەو بەرامبەر بە فرەژنی و هاوسەرگیری لەتەمەنی بچووک، و دیاردەکانی دیکە کە ستەمکاری لە ژن دەکەن و مافەکانی پێشێل دەکەن. بەو جۆرە، ژن تێدەکۆشێت و سوورە لەسەر تێکۆشانەکەی لە نێو ریزەکانی زیاتر لە ٤٠ رێکخراو و دامەزراوەی تایبەت بە خۆیەوە، وەکو ناوەندەکانی پشتیوانیکردنی ژنان، خانەکانی راوێژکاری ژنان، خانە و ماڵەکانی ژیانی ژنانە و ناوەندەکانی راوێژی حقوقی ژنان و ...هتد.

رەهەندی ئابووریش، ئەو بوارەیە کە رەنجی ژن بە شێوەیەکی دیاریکراو بەدەر دەکەوێت و، ئابووری هاوبەشی ژنان لێرەدا پەرە دەسەنێت، بەپێچەوانەی ئابووری مۆدێرنیتەی سەرمایەداری قۆرخکارەوە. چەندین مۆدێلی کاری ئابووری کە هەرەوەزیەکانی ژنان بە پێی تایبەتمەندیە خۆجێییەکانی هەموو هەرێمەکان، بەشێوەیەک گەشە دەسێنن کە ژن کەرتەکانی بەکارهێنان و ئەرکدارکردنی ژنان بەڕێوە دەبات و سەرپەرشتیان دەکات.

ئەوەی پەیوەندی بە رەهەندی خۆپاراستنەوە هەیە، بوارێکە کە میکانیزمەکانی بەرگری لە خۆکردن دادەرێژێت بەرامبەر بەهەموو شێوەکانی هێرش و مەترسیەکان، کە هەبوونی ژن دەکەنە ئامانج. بەو پێیە ژن پەرە بە هۆشیاری خۆپاراستنی خۆی دەدات و، سیستەمی بەرگری تایبەت بە خۆیەوە بونیاد دەنێت، نەک تەنیا لە سەر ئاستی جەستەییەوە، بەڵکو لە رووی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هەموو رەهەندەکانی ترەوە. تێکۆشانی بەرگری لە خۆکردن کە لە باکوری کوردستان بە گوڕ دەبێت و بە تایبەتی دژ بە هێرشەکانی دەوڵەت و پیاو، بە پشتبەستن بەو ئیلهامەی کە لە بەرخۆدانی رۆژئاوا پێدەبەخشرێت، هەروا بەردەوامە و لە بەرزبوونەوە دایە.

هەروەها رەهەندی ئایدیۆلۆژی، ئەو بوارەیە کە ژن بە تایبەتی خۆی لەوێدا لە مەیدانەکانی راگەیاندن و رۆشبیری و هونەری و ئاکادیمیەکان و ژنۆلۆژی «زانستی ژن» رێک دەخات. ئەکادیمیەکانی ژن، هێمایەکن بۆ بزووتنەوەی رووناکبیری و هۆشیارکردنەوەی بەرزی ژنان. ئەوانە ناوەندەکانی زانیاری و فێرکاری

جێگرەوەن بۆ چەمکی ئەکادیمیەکانی سیستەمی نێرایەتی زاڵ. چاویشیان لەوەیە کە هۆشیاری و مەعریفەی تایبەت بە ژنەوە بیانگەیەننە کۆمەڵگە، هەروەها ئەو چالاکیانەش بەڕێوەدەبەن کە لە سەر ئاستی خۆجێییەوە، دەرفەت بۆ گرتنەخۆی ئایدیۆلۆژیای ئازادیی ژن لە سەرجەم ناوچەکاندا برەخسێندرێت.

ئەوەی تایبەتە بە ژنۆلۆژیەوە، ئەو زانستە، زانستی ژنە بەرامبەر بە زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کە ژن بێبەش دەکەن و پەراوێز دەخەن لە سایەی سیستەمی باڵادەستدا. وێڕای ئەوەی کە ژنۆلۆژی لە سەرەتای قۆناخەکانی دامەزراندنێتی، کەچی بە گەرمی و بەجۆشێکی گەورەوە لەلایەن ژنانەوە پێشوازی لێکرا، وەکو گۆڕپانێک وێنا دەکرێت کە نزیکبوونەوە زانستیەکانی تایبەت بە ژن، لەوێ پەرە دەسێنن، هەر لە پێناسەکردنی ژنەوە بگرە، تا تۆمارکردنی مێژوو و دارشتنی تیۆرە کۆمەڵایەتیەکانیەوە تا دەگاتە پێکهێنانی دامەزراوە تایبەتیەکان بە ژنەوە. مەبەستیش لەوەدا ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە تیۆریەکانی، لە رێگای گۆڤارێکەوە بگەیەنێت بە سەرجەم کە بە ناوی «ژنۆلۆژیا «یە.

بەهەمانشێوە رەهەندی دیپلۆماسی، ئامانجەکەی پەرەسەندنی دیپلۆماسی کۆمەڵگەبوونی ژنە بەرامبەر بە چەمکی دیپلۆماسی پشتبەستوو بە قۆرخکردن، کە دەسەڵاتەکانی سیستەمی زاڵ دەچەسپێنێت. چالاکیە دیپلۆماسیەکانیشی لە سەر ئاستی جیهان و رۆژهەڵاتی ناوین بەڕێوەدەبات، بۆ ئەوەی بەشداری و هاوبەشی لە ئەزموون و بەسەرهاتەکانی تێکۆشانی بزووتنەوەکانی ژناندا بکات، کە لە میانەی ژمارەیەک چالاکی لە جۆری کۆنگرەی ژنانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە درێژە بە کارەکانی دەدات و زۆرێک لە ژنانیش دەزانن.

ئەوەی پەیوەندی بە رەهەندی گەلان و باوەڕییەکانەوە هەیە، لەو بوارەدا ژنان لە ناسنامە و باوەڕییە جیاجیاکان بەشێوەیەک ریزەکانی خۆیان رێک

> **سەردەمەکەمان دەبێتە سەردەمی ئازادیی ژن، کە سەرئەنجامی هەموو تێکۆشانەکان و بەرخۆدانەکانە**

دەخەن، کە بتوانن پارێزگاری لە فرەڕەنگی و جیاوازیەکانیان بکەن. لەو بوارەدا ئەو چالاکیانە ئەنجام دەدرێن، کە ژیانی هاوبەش و فرەڕەنگی بەرقەرار دەکەن کە دژبەری سیاسەتە باوەکانی دەوڵەت – نەتەوەن. بەو جۆرە هەموو ناسنامەکان خۆیان لە چوارچێوەی ئەو ئەنجومەنانەدا رێک دەخەن و، خۆشیان بەڕێوەدەبەن کە کێشەکانیان چارەسەر دەکەن و ئیرادەیان نیشاندەدەن.

خۆپاراستن و تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی و چالاکیەکانی بونیادنەوەی خود، کە ژنی کورد لە کوبانێ دژبە هێزە کۆنەپەرستەکان بەڕێوەیان برد و دەیبەن، بوو بە پاڵنەرێک بۆ پەیوەستبوونمان بە شۆڕش، بە جۆش و خرۆشێکی زیاتر و زیاترەوە. هەروەها تێکۆشانی هەڤاڵە ژنەکانمان، لەوانەی کە لە شەنگال خۆراگریان کرد و سیستەمی نیمچە سەربەخۆی تایبەت بەخۆیان دامەزراند، دژ بە قڕکردن و جینۆساید کە بەسەر گەل و ژنی ئێزدیدا سەپێندرا. ئەوەشیان بوو بە هاندەرێک بۆ سوربوون و پێداگریمان لەسەر ئازادیی و وابەستبوونمان بەو ئازادییەوە. هەمانکات بوو بە سەرچاوەی ورە و بەهێزبوونی ئیرادە.

لە کۆتاییدا دەمەوێ هەلومەرجی گۆشەگیری توندکراو بە بیربێنمەوە، کە هێشتا بە سەر رێبەراتیمان دەسەپێندرێت، ئەو رێبەرایەتیەی کە رێکخستنبوونمانی وەکو ژن دەستبەر کردووە و سەرچاوەی رێنوێنیەکان و دامەزراوەی پتەوی ئازادیی ژن پێکدێنێت. هەرچیەکی لەدەستی هاتووە کردوویەتی، هەرگیز لەوە پاشگەز نەبووتەوە کە بەشداری لە هەموو ململانێیەکدا بکات. لە پێناو ناساندنی هەبوونمان و دەرفەتی رەخساند بۆ دانپیانان بەو هەبوونەوە. جەختیش لەوە دەکەمەوە کە ئێمە پێشەنگایەتی ئەو دەستنیشانکردنە دەکەین کە رابەرایەتیمان وتوویەتی: « سەدەی بیست و یەکەم دەبێتە سەدەی ئازادیی ژن». دەشڵێم: سەردەمەکەمان دەبێتە سەردەمی ئازادیی ژن، کە سەرئەنجامی هەموو تێکۆشانەکان و بەرخۆدانەکانە کە تا رۆژگاری ئەمڕۆمان بەشداری تێدا کردووە.

# سیستەم و ڕەوشی ئابووری لە وڵاتانی جیهانی سێهەم



ئازادیی کۆمەڵگە
د. محمد امین

ئابووری هەر وڵات و دامەزراوەیەک بە سیستەمی ئابوورییەکەی پێناسە ئەکرێت، ئەمە سیستەمی ئابوورییە، کە ئەتوانێ هەیکەلی ئابووری کارایی ئابووری دیاری بکات.هەڵبەتە فەلسەفەی هەر سیستمێکی ئابووری پەیوەندی بە ئاستی چالاکی ڕێکخستن و تەندروستی هە یکەلی ئابووری وڵات و دامەزراوەکانە هەیە لەگەڵ بەهرەمەندبوونی زۆرترینی هاوڵاتیان، ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی وە تەندروستی و ژینگەیی.

ئەگەر ئابووری بە ماناکەی ئیدارەکردنی سەرچاوەی داهاتی وڵات بێ، بە سامانە سروشتییەکانەوە تا ئەگاتە بەرهەمی بەرهەم هاتوو بەهۆی سامانە مرۆییەکانەوە وەک هێزی کاریی بەکارهاتوو لەگەڵ هێزی فیکریی و زانستیی و شارەزایی لە بەرهەم هێنان، ئەوا سیستەمی ئابووری دروستکردنی هەیکەلی ڕێکخستن و ئەرکی ئۆرگەنەکان و چالاکی ئابوورییە، کە ئەبێ ئامانج لێیی فەراهەمکردنی داهاتوی ئابوریی بێ بۆ زۆرینەی چینەکانی، هەرە زۆری تاکەکانی کۆمەڵ وە بەهێزکردنی زیاتری ئابووری نیشتیمانی.

سیستەمی ئابووری پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە فەلسەفەی دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتدارانی سیاسی و خاوەن بەرژەوەندیە ئابوورییەکانەوە هەیە، کە لەخاوەنداریەتی سەرچاوەکانی ئابووری دا بەرجەستە ئەبێ، وەک خاوەنداریەتی شوێن، سەرچاوەکانی سروشتی وە ئامێرەکانی بەرهەمهێنان، لە ئەنجامدا ئەمە دەسەڵاتداریەتی سیاسیە، کە سیستەمی ئابووریی دیاری ئەکات بە لەبەرچاوگرتنی خاوەن بەرژەوەندیەگەورەکانی ئابووری، بەتایبەت لە ئەمرۆمانا، کە خاوەنداریەتی تایبەت وە بازاڕی ئازاد بۆتە بنەماو سیستەمی ئایین بۆ ئابوری مۆدیرنی جیهان. سیستەمی سیاسی لە هەر شوێنێ پەیوەندی بە ئاستی وشیاری و ئاگایی سیاسی و فەرهەنگی هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەکەوە هەیە، پێوەرە بۆ ئاستی پێش کەوتنی ئابوری هەر کۆمەڵگەو جڤاتێک. تا ئێستا زیاتر لە دوو هەزار ساڵ لە مێژووی بورژوا هەموو سیستەمە ئابوورییەکان تا ڕۆژی ئەمرۆ جگە لە دەورانی دەسەڵاتی کۆمەنستەکان لە ساڵی ١٩١٧ – ١٩٨٩ لەسەر بنەمای خاوەنداریەتی تایبەت بنیات نراون.

لە ئەمرۆدا کە دیاردەی گڵۆباڵیزم هەموو شوێن و کونجێکی گرتووە، بە جۆرێک لە جۆرەکان هەموو تاکێ لە دووررترین گوندی دونیا تا مۆدێرترین شاری دنیا بەشداری لە سیستەمی ئابووری جیهانی دا ئەکات کە لەسەر بنەمای سەرمایەداری بنیاد نراوە، کە بازاڕ و کێبڕکێ ئازادە (لەگەڵ زۆر تێبینی)، بەڵام بەشداریی هەرە زۆری تاکەکانی دنیا کە تەنها وەک بەکاربەر بەشدارن لە بازاری ئازادیی جیهانی، نەک بەشدار لە بەرهەمهێنان و قازانجدا. بۆ نموونە ئەمرۆ هەموو خەڵکی دنیا وەک بەکاربەریی ئینتەرنێت و مۆبایل بەشدارە لە بازاڕکردنی تەکنۆلۆجیای زانیاریی، بەڵام خاوەنداریەتی ئەم تکنۆلۆجیایە تەنها بۆ کەسانێکی کەمە بە هەمانجۆر کەرتەکانی وزەوە خۆراک و دەرمان و کانزاکان. هەر لەبەر ئەمەشە، ئەمرۆ ئەبینێ ژمارەی ئەوانەی، کە بوونەتە ملیاردێر یان ئەبنە ملیاردێر ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوندایە بە پێچەوانەوەی ئەمەش ژمارەی هەژاران لە زۆربوونی بەردەوامدایە. لە ئەنجامی ئەمە جیاوازیەکی گەورەی چینایەتی دروست بووە بە هۆی کەمبوونەوەی بەردەوامی ڕێژەی چینی ناوەڕاست بە تایبەت لە وڵاتانی خوارو/جهانی سێ، کە خەڵک پەراوێز

خراون وە بێ بەش کراون لە هەر بڕیارێکی ئابووریی و سیاسی چارەنووسساز، بە هۆی نەبوونی ئازادیی و نەبوونی دیمکراسی سیاسی و ئابوریەوە، هەروەها نەبوونی بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدارانا. بۆ نموونە لە شوێنی کەسێ یان چەند کەسێ بە هۆی بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسیەوە بازارو ئابووری مۆنۆپۆل/ قۆرخ ئەکەن، لە پڕێکا ئەبنە خاوەنی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و مۆبایل و سەرچاوەکانی وزەو خۆراک و کەرتی نیشتەجێ بوون/ عقارات و گواستنەوە، زۆرینەی خەڵک تەنها ئەبنە بەکاربەر، کە هەتا وەک بە کاربەریش هیچ ماف و بڕیارێکی نیە، بەڵام ڕۆژانە بەحوکمی پێویستی ژیان ناچارە هەموو ئەم شتانە بەکاربێنێ، کە لە سەرەوە باسمان کرد، وە ئەبێ هەموو داهاتی خۆی بۆ فەراهەمکردنی کاڵا قۆرخ کراوەکان تەرخان بکات، هەم بەناو باج/ سەرانەش بدابە قۆرخکاران.

پاش رووخانی بلۆکی سۆسیالیزوم، ڕەواج بوونی بازاڕیی ئازاد وەک تاکە مۆدیل و سیستەم و سیاسەتی ئابووری لە جیهانا گەورەترین تاڵانی لە مێژووی ئابووری دا ئەنجامدرا بە تایبەت لەوڵاتانی جیهانی سێ، ئەوڵاتانەی، کە لە سۆسیالیستیەوە بوون بە پەیڕەوکەریی سیستەمی سەرمایەداریی و بازاڕی ئازاد. بەوەی کە هەرچی کەرتەکانی ئابووری گشتی هەبوو لەلایەن قۆرخکارانی سیاسیەوە بە ناوی کەرتی تایبەت داگیرکران.

واتە خەڵک لە سایەی بەناو بازاڕیی ئازادا کە بەخراپترین شێوە بەکاردێ و خراپ کەڵکی لێ وەرئەگیرێ، ناچار بوون، ناچارن بەشداربن کە کەسێ یان گروپێکی بچوکی بێ باک بەئاسانی لەماوەیەکی کورتا ببنە ملیاردێر لەسەر حیسابی ژیان و گوزەرانی خۆیان. لە وڵاتانی جیهانی سێ کە لەحاڵی گەشەدان یاساکانی بەرهەمهێنان و ئابووری و بازاڕ و بازرگانی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی خەڵک و وڵات دانەنراون، هەتا ئەگەر بە ناو ئەم یاسایەنەش هەبن، ئەوا گەندەڵ کراون. قۆرخکاران تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان دێنن. جگە لەمەش، لەزۆربەی وڵاتەکانی جیهانی سێهەم

> **نەپۆتیزم :واتە بەشی هەرەزۆری خەڵک نەدارو هەژارو داماو تا حاڵی مردن وە کەمینەیەکی زۆر کەمیش ملیادێر**

هیچ چاودێریەکی یاسایی نیە لە سەرچالاکی ژیانی ئابووری، بۆیە ئەبینرێت لەم شوێنانە جیاوازی چینایەتی بە شێوەیەکی ترسناک بوونی هەیە بەهۆی دروست بوونی چینێکی تازەی پێ گەیشتوی سەرمایەدار لە هیچەوە لە ڕێگەی قۆرغکردنی بازاڕەوە بەپشتیوانی دەسەڵات و هێزی سیاسی، بێ ئەوەی کە کەمترین هەستی نیشتیمانی و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و ژینگەیی و تەندروستی لە ئەستۆ بگرن. هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێی دا، بەهۆی بازاڕی ئازادیی بێ کۆنترۆڵ و بێ یاسای گونجاو، نەبوونی هەلی یەکسان بۆ هەموان، بەهۆی گەندەڵی و قۆرغکاریی سیاسی و ئابووری و خزم خزمێنە/ نەپۆتیزم لە هەموو بوارەکانی ئابووری و ژیان لە وڵاتانی جیهانی سێ هەم و وڵاتانی خوارووە، واتە بەشی هەرەزۆری خەڵک نەدارو هەژارو داماو تا حاڵی مردن وە کەمینەیەکی زۆر کەمیش ملیادێر. ئەم حاڵە بۆ خۆی نمونەی دیکتاتۆری، فاشیەتی ئابووریە لە وڵاتانی جیهانی سێ، کە رەنگ دانەوەی سیستەم و فەرهەنگی ژیانی سیاسیە کەپێناسەکەی دیکتاتۆریە هەم دیکتاتۆری سیاسی هەم دیکتاتۆری ئابووری. لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێ دەسەڵاتی سیاسی واتە دەسەڵات و ئیمتیازی رەهای ئابووری، چونکە بێ دەسەڵاتی سیاسی دەسەڵاتداران ئەم داهاتووە ئابوریەیان نابێ، کە ئیستا بێ رکابەر و بێ بەرپرسیاریەتی و لێ پرسینەوە لە رێگەی قۆرخی دەسەڵاتی سیاسیەوە بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە.

لە هەر شوێنی کارو خولیای سیاسی لە بری هەوڵ بۆپیادەکردنی فیکرو فەلسەفەی سیاسەت بۆ بەرژەوەندی گشتی ببێتە رێگاو سەرچاوە بۆ بەرژەوەندی و ئیمتیازی ئابووری و بژێوی ئەوا هەم کایەی سیاسی هەم کایەی ئابوری بەرەو ویرانی و بێ سیستەمی و داهاتویەکی نادیار ئەروات، کەلەئەنجاما وڵات و هاوڵاتی ئەبنە فوربانی، ئەمەش هۆکاری رەنج و ئازاری بێ کۆتایی زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهانی سێیە.

بەهۆی نەبوونی سیستەمی سیاسی ئابوری و تەندروست لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نیشتیمانی و نەتەوەیی و دادوەری تەندروست لەگەڵ بێ بەشکردنی خەڵک لە بڕیاری سیاسی و ئابووری، هەروەها بە میلشیاکردنی ئابووری نیشتیمانی، وڵاتەکانی جیهانی سێ هەم

کەوتونەتە ژێر هەڕەشەی جارێکی تری گەڕانەوەی دەورانی کۆلۆنیالیزم بۆ هێزە مۆنۆپۆل خوازە ناوچەیی و جیهانیەکان، بەهۆی قەرزدارکردنیان بە ناوەندەکانی دراویی جیهانی و کۆمپانیای وڵاتەکانی بێگانە. ئەمەی کە لێرەدا جێگەی خەمە بۆ خەڵکی وڵاتانی جیهانی سێ، هەرەشەیە بۆ داهاتوویان. ئەمەیە، کە بەشی هەرە زۆری ئەم سەرمایەی کە لەسەر حسابی ژیانی گوزەرانی خۆیان بە ڕێگەی جۆراوجۆری نا شەرعی لەلایەن دەسەڵاتدارو قۆرغکەرانی بوارەکانی سیاسی و ئابوری کۆکراوەتەوە و کۆی ئەکەنەوە، هیچی لە وڵاتەکانی خۆیان دووبارە سەرمایەگوزاری ناکەن تا هەلی کار و پێشکەوتنی ئابووری تیا دروست ببێت، بەڵکو بەشی هەرە زۆریی ئەم سەرمایە ئەبرێتە دەرەوەی وڵاتەکانی خۆیان. ئەم سەرمایەدارە تازە بەسەرکەوتوانە، تەنها بەشێکی کەم لەو پارەو سەرمایەی لە وڵاتان دەستیان کەوتوە سەرمایەگوزاریی ئەکەن، تا بتوانن سەرمایەی زیاتر بە دەست بێنن لە ڕێگەی هەندێ پرۆژەی خزمەتگوزاری و کاڵای پێویست و خێرا بەکار هاتوو، تا زوو پارەکەیان بێتەوە دەست بەقازانجی چەند بەرامبەر. هەروەکو هەر لەسەرەتاوە ناومان هێنان، کە بریتین لە کەرتەکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت و مۆبایل و قۆرغی بواری وزە و خۆراک و دەرمان و کەرتی نیشتەجێ بوون و گواستنەوە لەگەڵ خەستەخانەو قوتابخانەو زانکۆی تایبەت.

به شێوەیەکی گشتی، ئەگەر نیوەی کەمتری ئەم سەرمایەی کە لەوڵاتانی جیهانی سێهەم کە بەدەست کەمینەکەوە هەیە لەوڵاتەکانی خۆیان بەکاربێتەوە و سەرمایەگوزاری تەندروستی پێ بکرێ، نەک هەر ئازاد نەبێ لە قەرزی دەرەکی، بەڵکو ئەتوانن ئابووریەکی تەندروستیش پێ بنیاد بنێن. بەڵام وەک باسمان کرد، ئاراستەکردنی سیاسەت و سیستمی ئابووری پەیوەندی بە سیستەمی سیاسی هەر وڵاتێکەوە هەیە لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیری و هەروەها ئاستی بەرپرسیاریەتی. هەر بۆیە ئەبینین لەوڵاتانی ڕۆژئاوا کە کولتورێکی دێرینەیان هەیە لە دامەزراوەی دەوڵەت، دەوڵەتی یاسا و سیستمی دیموکراتی و پەرلەمانی و هەروەها بەشداریی چالاکانەو هوشیارانەی خەڵک لە بڕیاردان، سیستمی بازاڕی ئازاد بۆتە مایەی ئەوەی، کە بواری گونجاو هەبێ تا تاکی بەرهەم هێنەر و داهێنەر زیاتر بەرهەمی هەبێ لە گەشەی سەرمایەی زیاتر کە لە ئەنجاما ئەخرێتە خزمەتی ئابووری نیشتیمانی و پێ گەیەندنی نەوەی تازەی بەتواناتر بەهۆی بونی یاساو هەستی بەرپرسیاریەی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی . لە هەمان کاتا، لە ڕۆژئاوا بازاڕی ئازاد واتە کێبڕکێ ئازادە بۆ هەمووان بەیەکسانی، قۆرغکاریی یاسا تا هەمووان بتوانن تواناکانیان بەکار بێنن، کە ئەمەش بۆ خۆی سوود بەخشە بۆ گەل وڵات، هەروەها تا ئێستا کەرتەکانی گرینگی ژیان راستەوخۆ لەژێر چاودێری حوکمەت و یاسادان. لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم دا ئەمەنیە، بۆیە تووشی دەیان گرفتی بەردەوامی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی ئەبنەوە لەبەرئەوە، بۆئەوەی سیستمی ئابووری لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد تەندروست بێ پێویستە:

١. خەباتی هەمە لایەنە و مەدەنی هەبێ بۆ کۆتایی پێ هێنانی قۆرغکاری سیاسی کە سەر چاوەی هەموو گەندەڵی و ویرانیەکانە لەجیهانی سێ هەم و هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی یاسا، کە لە سەر بنەمای بەژەوەندی گەل و وڵات کار بکات و پە یوەندیە ئابووریەکان لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە ڕێک بخات.

٢. دوورخستنەوەی هەموو ئەم کەسو گروپانەی ڕۆلیان هەبووە لە تاڵانی سامانی گشتی بە ناوی بازاڕی ئازاد و ویرانکردنی کایەکانی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی.

٣. کەرتە گرینگەکانی وەک پەروەردە، تەندروستی، وزە، خۆراک و لایەنە کۆمەڵایەتیەکان لە ژێرچاودێری حکومەت و یاسادابن، هەڵبەتە حکومەتێکی نیشتیمانی راستەقینەو هەڵبژێردراویی خەڵک نەک ئەم حکومەتە میلشیایانەی کە ئیستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێ بە ناڕەوا دەسەڵاتداریی ئەکەن.

٤. دروست کردنی شورای ئابووری سەربەخۆ و خاوەن بڕیارو دەسەڵات بۆ دانان و ئەنجام دان و چاودیری کایەکانی ئابووری.

٥. به یاسا لەسەر بنەمای توانا و هەلی یەکسان و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی تەندروستی و بازاڕیی ئازاد ڕێک بخرێ، هەروەها بوار فراوان بکرێ لە گەڵ ئاسانکاریی و کەمکردنەوەو نەهێشتنی بیرۆکراسی تا هەموو تاکەکان بتوانن تواناکانیان نیشان بدەن و کەڵک لە بە هرەکانیان وەربگرن لە بواری جۆراوجۆرا، کە لە ئەنجامدا ئەبیتە سەرمایە هەم بۆخۆیان هەم بۆ وڵات.

٦. دروستکردنی شورای پەروەردەو خویندن و بازاڕیی کار تا قۆناغەکانی خوێندن ئامادە بکرێن بۆ بازاڕیی کار بە پێی پێویستیی بازاڕ و ئابوری هاوچەرخ.

# میوزیکی پەکەکە؛ ئەندازیاری شۆڕشی کۆمەڵایەتیە

ئازادیی کۆمەڵگە
ئا: باهۆز حەمۆ. بۆ سایتی ئۆپن دیموکراسی و ئەن تۆلد سیریەن
لە ئینگلیزیەوە: سەرتیپ دلێر

لە ١٩ی جێنیوەری ٢٠١٣دا یەکینەی پاراستنی گەل «یەپەگە»، شەهیدبونی لاوەند قامیشلۆی سەرکردەیەکی بەرەکانی جەنگی لە سەرێکانی ڕاگەیاند، کە ئەوکات دژی سوپای ئازادی سوریا و جەبهەتولنوسرە دەجەنگان. کەمتر لەهەفتەیەک گروپی میوزیکی بۆتان، یەکێکە لەگروپە میوزیکەکانی لایەنگری تەڤگەری ئاپۆیی، بەرهەمێکیان ئامادەکرد بۆ شەهید بونی ئەو شەڕڤانە، بەناوی «شەهید لاوەند».

ئەمە کارێکی چاوەڕواننەکراو نەبو بۆ ئەم گروپە، کە بە شێوەیەکی زۆر خێرا وەڵامی ئەم ڕووداوەیان دایەوە، ئەم گروپە بەردەوام گۆرانی لەناو جەماوەردەچڕن، لەبارەی فەلسەفەی پەکەکە و هەروەها بەرزنرخاندنی بەرگری شەڕڤانان و گەریلاکان، زۆرێک لە گۆرانیەکان لە پارادیگمای پەکەکەوە بەرهەم دەهێنرێن، تارادەیەک ئەمە بناغەی فیکری ئەم پارتەیە کە بەگۆرانی و ستران بەشداری کۆبونەوە جەماوەریەکان بکەن. میوزیک؛ بوەتە ئەندازیاری گشت کۆمەڵگەی کوردەواری لە باکور و ڕۆژاڤای کوردستان و باکوری سوریا.

**دامەزراوە میوزیکیەکانی پەکەکە**

لە سەرەتای ساڵانی ١٩٧٠وە بزوتنەوەی پەکەکە ئاگاداری ئەوە بوە کە میوزیک بناغەیەکی بەهێزی شۆڕش و ئایدۆلۆژیاکەیانە. ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە لە سەرکردەکانیانەوە تاکو ئەندامە ئاسایەکانیان گرینگیان بە ئەدەب و شیعر داوە، بۆ نمونە «سەیفخان» و «دەلیل دۆغان» هەریەك لەمانە لە بەرەکانی جەنگ شەهید کەوتن لەکاتێکدا ئەندامی لقی سەربازی پەکەکەش «هەپەگە»بون، ئەم ڕێگەیە هەر بەردەوامبوە کەئەمە کولتوری ئەم پارتەیە.

دەزگاکان سیستەماتیکی هونەر و ئەدەب بەرهەم دەهێنن بۆ ئامانجی ئایدیۆلۆژی، کە بە بەردەوامی دەبێتە هۆی ئاگاداربونی کۆمەڵگەی کوردی و کارتێکردن و زیادبونی پشگیری زیاتر لەم پارتە «پەکەکە»، گۆرانیەکان لە ماوەیەکی کەمدا بەشێوەیەکی سەرسورهێنەر بڵاودەبنەوە کاتێک لەلایەن دەزگاکانی پەکەکە بڵاو دەکرێنەوە، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی کوردی بەشێوەیەکی گشتی هۆگری میوزیکن، کە ئەمە بە بەردەوامی سودێکی زۆری بە کۆی لایەنەکانی ئەم پارتە کردوە.

لەسەرەتای ١٩٨٢ گروپێکی میوزیکی بەناوبانگ بەرهەمهات بەناوی «بەرخودان» کە سەرەتا لە لوبنان دەستی بەکارە میوزیکیەکان کرد، کە کادیرەکانی پەکەکە لە کۆتایی ١٩٧٠وە رویان لەم وڵاتە کردبوو، لەناویشیاندا سەرکردەی ئەوبزوتنەوە عەبدوڵڵا ئۆجالان بونی هەبوو، ئەو گۆرانیەی کە بۆ یەکەم جار بەرهەم هات دەنگدانەوەیەکی ئێجگار زۆری هەبو لە ناو بەشە کوردیەکانی تورکیاو سوریا و ئێران و ئێراق، ئەمە بوە هۆکارێک کە بە سەدەها گەنج بەشداری هێڵی بەرگری سەربازی پەکەکە بن لە چیاکانی باکوری کوردستان «تورکیا».

هەڤاڵ باهۆز یەکێک لە کادیرەکانی پەکەکە یە کە لە ئێستادا لە ڕۆژئاوای کوردستان سەرقاڵی کاری هونەری کولتوری و میوزیکە. دەبێژێ لە سەرەتای ١٩٨٠وە راستەوخۆ لەلایەن چەندەها گروپی سیاسی کوردی داوای بەشداری




لێکراوە لە ناویشیاندا پەکەکە، بەڵام هەمویانی ڕەتکردبوۆوە. بەڵام کاتێک گوێبیستی سترانی «وای پەکەکە رابو» راستەوخۆ بریاری بەشداری ریزەکانی پەکەکە دەدات.

لەساڵی ١٩٩٤ بۆ یەکەم جار کەناڵێکی ئاسمانی کوردی بەناوی «مەد تیڤی» لە بەلجیکا دەستی بەوەشان کرد کە بەهەوڵی کادیرەکانی پەکەکە و گروپی میوزیکی بەرخودان کە زۆربەیان رویان لە ئەوروپا کردبوو، کەناڵەکە بوە ڕێگای ناساندنی پەکەکە و ئایدیۆلۆژیاکەی، لەم ڕێگەیەوە لە ناو سوریا دەتوانرا گوێبیستی گۆرانیەکان بن، بەڵام چەند هەزار میلێک لە دوری برۆکسڵ لە عامودا ی رۆژئاوای کوردستان ببوە شوێنێکی گشتی بۆ ژنان لەبەر گەرمای هاوین سەرقاڵی بەرهەم هێنانی گۆرانی شۆڕشگێڕی بون، پەکەکە، کەمپینێکی کۆکردنەوەی پارەی بۆ بەرێوەبردنی کەناڵەکە ڕاگەیاندبوو، خێزانە لایەنگرەکانی ئەوبزوتنەوەیە بە جوتیاری کاریان دەکرد بۆ ئەوەی بتوانن بەشدار بن لە خزمەت.

هەڤاڵ بڵند، کادیری پەکەکە بە «سیریەن ئەن تۆڵد»ی ڕاگەیاندوە، بۆ ئەو پارەیەی کە خەڵک دەیبەخشیە پارتەکە لە بەرامبەر ئەو پارەیەدا ئێمەش مارش وسترانمان بۆ دروست دەکردن، لەگەڵ ئەم کەناڵەدا، گەریلاکان رادیۆیەکی تایبەت بە خۆیان هەبوو بەناوی «جودی قەندیل میدیا» ئەم رادیۆیە لە گوندێکی بچکۆلانە لە باشوری روسیا وەشان دەکرا، لە ڕێگەی شەپۆلە فرێکوێنسیەکانیەوە پرۆگرام و سترانی شۆڕشگێڕی بۆ گەریلاکان دەوەشاند، بەرپرسانی روسیا لە ساڵی ٢٠٠٠ رادیۆکەیان داخست لە وەڵامی داواکاریەکەی تورکیادا، دوای ئەوە سەرکردەی پەکەکە عەبدوڵڵا ئۆجالان دەستگیر کرا، هەڤاڵان کەلوپەلی رادیۆکەیان بە پشتی خۆیان هەڵگرتبو لە کاتێکدا لە هەوڵی ئەوە دابون بە قاچاخ بگەیەنە سەرکردایەتی لە قەندیل، بەڵام بەرپرسانی ئێرانی دەستیان بەسەر کەلو پەلەکاندا گرت، لە ٢٠١٧رادیۆ تەلەفزیۆنەکانی سەر بەو بزوتنەوەیە زیاتر لە ٢٠ دانەیە، لە ناویاندا « روناهی تیڤی، ستێرک تیڤی، چرا تیڤی، میوزیک میزۆپۆتامیا چەناڵ mmc، هەروەها گەریلا تیڤی و چەندەهای تر کە هەمویان پەیامی سیاسی مەسیجی شۆڕشگێرانەو ستران پەخشدەکەن.

## هەرگیز دەست بەرداری هەڤەڵەکانت وچەک و سترانەکانت مەبە

بەشێوەیەکی زۆر جیاواز لە چیاکانی کوردستان خۆیان بۆ بەرەکانی جەنگ ئامادە دەکەن، لە دوا کاتژمێری خۆ ئامادەکردندا بۆ بەرەی جەنگ بە گوێگرتن لە میوزیکی شۆڕشگێڕی و شای و

هەڵپەڕکێ بەسەر دەبەن، کەئەمە دەبێتە ئیلهامبەخش و بە جۆشکردنی گەریلا جەنگاوەرەکان.

هەڤاڵ رامان، گەریلایی جەنگاوەر دەڵێ: بەم شێوەیە بەرەو جەنگ هەنگاو دەنێین، رامان کە ماوەیەکی زۆر لە بەشی راگەیاندنی پەکەکە کاری کردوە لە ساڵی ١٩٩٠دا، بە پێی گوتەی ئەو زیاتر لە دوو سێ بەشی بودجەی پەکەکە بۆ راگەیاندن و هونەرە، بەشی هونەری پشکی شێری بەردەکەوێ، بەشێکی گرینگی میدیا بۆ پیشاندانی ژیانی رۆژانەی گەریلاکانە لە چیاکان کە بەشانێکیان چەک و بە شانێکی تر ئامێرێکی مۆسیقایە، ئەمە وێنەیەکی دروستکراونیە بەڵکو ئەمە واقیعی راستەقینەیە، چیاکان، چەقی جەنگی نێوان «هەپەگە«و سوپای تورکیایە، کە تا ئێستا بە هەزارەها لە سوپای تورکیا کوژراوە. بەڵام ئەوەی کە شتێکی دەگمەنتری بەرهەم هێناوە، ئەو هونەرە میوزیکیە جیاوازەیە، کە لەلایەن هونەرمەندە بەهرەمەندە گەریلاکان لە بارەی ئازادیی و سرودی شۆڕشیەوە بەرهەمهیناوە.

هونەرمەندی بەناوبانگ شەهید «زیلان» لەسەرەتایی تەمەنی بیستەکاندابوو، کە سەرکردایەتی زیاتر لە ٧٠٠ گەریلای دەکرد، شەهید زیلان ئەندامی گروپی بەرخودان بوو، لە کاتێکدا زیلانی هونەرمەند لە جەنگێکی سەختدا دژی سوپای تورکیا شەهید بوو، گروپەمیوزیکیەکەی شانازیەکی گەورەی پێوەدەکەن، لە کاتێکدا تەنانەت لە بەرەی جەنگیش دەستبەرداری ستران و هەڤاڵەکانی نەبوو.

مزگین، سترانێکی بۆ شەهید «سەفخان» ئامادەکرد. کاتێکیش مزگێنی گەریلا و سترانبێژ شەهیدکەوت. سترانبێژێکی تری گەریلا «شەهید هۆزان سەرحەد» سترانێکی بۆ مزگێنی گەریلا ئامادەکرد، لە کاتێکدا هۆزان سەرحەد، لە پەیمانگا هونەریەکانی تورکیا فێری تۆنە میوزیکیەکان بوو، دواتر بەشداری ریزەکانی «هەپەگە» بو لەگەڵ هاوژینەکەی، دواتر بوە کاراکتەرێکی کاریگەر لە دنیای میوزیکی پەکەکەدا، کە چەندەها سترانی بۆ شەهیدان وتوە.

> **پەکەکە؛ چەند گروپێکی میوزیکی دروست کرد لە ناوچەکەدا، کە هەندێکیان بەشداری ئاهەنگی ماڵانیان دەکرد**

### کوردانی رۆژئاوا هەڵپەرکێ و شاییان بە میوزیکی پەکەکەیە

لە ناوەراستی هەشتاکان دوای چەندەها دەیە، ئاهەنگی نەورۆز تاڕادەیەک لە ژێردەسەڵاتی حکومەتی سوریا دەتوانرا ئەنجام بدرێ، نەورۆز بوە باشترین بۆنە بۆ کۆمەڵگەی کوردیی بۆ ئەوەی بتوانن تاڕادەیەک گوزارشت لە هەست و سۆزی شۆڕشگێڕانەیان بکەن.

لە سەرەتادا زیاتر دو نەورۆز بونی هەبوو، یەکەمیان بۆ لایەنگرانی بارزانی و پارتەکەی بو ئەوەی تریشیان بۆ لانگرانی ئاپۆیی بوو. ئەوەی یەکەمیان زیاتر شێوازێکی کۆنسێرڤتیڤیانەو هێمن و بێدەنگ بوو، بەڵام ئەوەی تریان «ئاپۆییەکان» زیاتر گروتینێکی شۆڕشگێڕانەو جۆش و خرۆشێکی زیاتری هەبوو کە سترانەکان بەدڵی لاو زارۆک و بەتەمەنەکان بوو.

پەکەکە؛ چەند گروپێکی میوزیکی دروست کرد لە ناوچەکەدا، کە هەندێکیان بەشداری ئاهەنگی ماڵانیان دەکرد، بۆنمونە گروپی میوزیکی «کۆما ئاگری» لە ناوچەی عامودا بە گروپی پەکەکە ناسرابوو، دواتر پەکەکە، لە هەوڵی ئەوە دابوو کە ئاراستەی میوزیکیەکەی بگەیەنێتە دیاسپۆرا، لە کاتێکدا لە لوبنان و لیبیا پارتەکە کامپی سەربازی هەبوو.

### گۆرانیەکانی پەکەکە بۆ جەنگی سوریا

لە ١٩٩٩دا چارەنوسی پەکەکە لە سوریا، بەرەو کۆتای رۆیشت بە شێوەیەکی رێکەپێدراو لە ژێر دەسەڵاتی رژێمێ بەشار ئەسەددا، بەتایبەت دوای رێکەوتنامەی ئەدەنە کە لە نێوان سوریا و تورکیا، لە سەرەتایی ٢٠١٢دوای ساڵانێکی زۆر لە قەدەغەکردنی پەکەکە، توانیان بچنەوە ناو جەماوەر، پەکەکە لە رۆژئاڤا نەک تێکەڵی جەماوەر بوو بەڵکوو بە ستران و میوزیک جارێکی تر چوە ناو جەرگەی کۆمەڵگەکەیەوە.

هەڤال جەمال، هاوسەرۆکی دامەزراوەی «محمد شیخۆ» بۆ هونەرو کولتور، لە قامیشلۆ دەڵێت:» ئێمە بۆ یەکەم جار سەنتەرەکەمان لە ناوچەی قودور بیک، نزیک لە قامیشلۆ کردەوە». یەکێک لە هەڤاڵەکانمان لە کاتی کردنەوەی سەنتەرەکە دا وتی:» ئێوەی هونەرمەندان پێویستە بەردەوام بۆ روداوەکان قسەتان هەبێ لە رێگەی میوزیکەوە پەیامەکانتان بە کۆمەڵگە بگەیەنن».

**کولتورو میوزیکی پەکەکە بە شێوەیەکی قوڵ چوە ناو دڵی جەماوەرەوە**

لە سەرەتادا سترانە کۆنەکانی شۆڕشگێڕی پەکەکە دەوترانەوە، بەڵام دواتر جەنگ لە ناوچەی سەریکانی لە ٢٠١٢ دەستی پێکرد و بوە هۆی لە دایک بونی میوزیکێکی شۆڕشگێڕانەی نوێ. کاتێک چاو بە جیهانی میوزیکی پەکەکە دادەخشێنین، سێ جۆر لە ستایلی میوزیکمان بەرچاو دەکەوێت. «ئەفسانەی شەهیدەکان، نەمری داستانە جەنگیەکان و پیشاندانی دیمەنەکانی بەرەی جەنگ».

سوپراسینگلی، بەرهەمە هونەریەکانی ئێستا تەنها کورد زمانەکان ناکاتە ئامانج. لە کاتێکدا زیاتر لە ١٥٠٠٠ جەنگاوەری عەرەب بەشدارن لە هێزی دیموکراتی سوریادا کە هاوپەیمانی «یەپەگەن». بەم هۆکارەوە چەندەها سترانی شۆڕشگێڕی بە زمانی عەرەبی بەرهەمهاتون و لەهەمانکاتدا جەندەها سترانبێژی عەرەب سترانیان بۆ هێزە کوردەکان وتوە، تەنانەت لە ئاهەنگەکانی بوک گواستنەوەی عەرەبەکان لێدەدرێن.

جەمیل، لە دامەزراوەی «محمد شێخو» دو رۆژ لەمەوبەر سترانێکی بۆ جەنگی رەقە ئامادەکردوە، چەند دیمەنێکی جەنگەکەیان تۆمارکردوە بۆ سترانەکەیان، جەمیل، دەڵێت:» کاتیک ئێمە هەواڵی شەهید بونی هەڤاڵێکمان پێدەگات، ئێمە بە شێوەیەکی خێرا کۆدەبینەوە سترانێک ئامادە دەکەین بۆ ئەم شەهیدە بۆ ئەوەی لە کاتی بە خاک سپاردنی سترانەکە لێبدرێت».

جەمیل و هەڤاڵەکانی سترانێکیان

> **رێبازێکی ئێجگار جیاوازو سەرکەوتوی بەکار هێناوە بۆ کۆکردنەوەی کۆی کۆمەڵگەی کوردیی، کە میوزیک تەنها یەکێک بووە لە ئامرازەکانی ئەندازیاریەتی بەرەو پێشبردنی ئەم رێبازە**

بۆ ئازادیی رەقە ئامادەکردوە لە کاتی راگەیاندنی تەواوی ئازادی رەقە بەتەمان بڵاوی بکەنەوە. هەمان سەرچاوە دەڵێت:» سترانەکانی ئێمە بە کوالیتی زۆر پرۆفیشناڵ و ئامێری گرانبەها ئامادەناکرێن، بەڵام بەو مانایە نایەت کە ئەمە لە کاریگەری سترانەکە کەم بکاتەوە چونکە بە جۆشوخرۆشێکی زۆرەوە بەرهەم دەهێنرین».

زۆرێک لە نوسەرو رۆژنامەنوسەکانی عەرەب، سترانی سیاسیان بەسەر دوو بەرە دابەش کردوە

یەکەم: بۆ بەرپرسیاری کادیرەکان و ئامانج و بناغەی سیاسیە.

دووەم: سترانی شۆڕشگێڕیە کە زیاتر گوزارشت لە بەرەکانی جەنگ دەکات.

هەرچەندە، ئەم پۆلێنکردنە لە جیهانی هونەری پەکەکەدا زۆر رەچاو نەکراوە، لەکاتێکدا سترانەکانی پەکەکە بە شێوەیەکی زۆر قوڵ چونەتە ناو ناخی کۆی کۆمەڵگەکە بە هەمو چین و توێژە جیاجیاکانەوە. هەربۆیە هەرگیز ناتوانی ئامادەبوانی کۆنسێرتە سترانیەکانی ئەم بزاڤە دابەش بکەیتە سەر یەک جیل یاخود تەنها یەک توێژ.

**تەنانەت ژن جێی دیاری خۆی هەیە لە دونیایی میوزیکی پەکەکەدا**

هەرجەندە سەرباری رەخنەی زۆریش کە لەم رێبازە گیراوە، بەڵام پێویستە ئەوە بگوترێت پەکەکە، رێبازێکی ئێجگار جیاوازو سەرکەوتوی بەکار هێناوە بۆ کۆکردنەوەی کۆی کۆمەڵگەی کوردیی، کە میوزیک تەنها یەکێک بووە لە ئامرازەکانی ئەندازیاریەتی بەرەو پێشبردنی ئەم رێبازە

**سەرچاوە : کوردیش کوێشن**

# کوردێن ئێزدی



ئازادیی کۆمەڵگە
ئەکرەم خالد

**بەشی ئیکم**

پشتی دهەڤگرتنەکێ دا میدی و فارسان بابل گرتی، سەرکردێ وان کورش(شاهنشاه) رێکێ ددەتن یەهودی ڤەگەرهن بو فەلستین و رەفتارەکا باش دگەل دا دکەتن، دەستێ خو قائیم دکەتن ل سەر دەشتاهێن ئەنادولێ و سەر لێڤێن دەریا سپی ناڤەراست و دەریا رەش،لێ خەلکێ وێ دەڤەرێ رەگەز و هەویا خویا بازرگانی دپارێزن، ل سالا٤٠١پ.ز کورش دشێتن بهاریکاریا دروست کرنا لەشکەرەکێ جاشکێن ئەغریقی و ل دولا ئەنادول بێ بەرگری دەرباس دبیتن،بەرەف دولا فوراتی دچیتن، ئەغریقی شیان ل فەلوجە شکەستنەکا مەزن بینن سەرێ کورشی، نڤێسەرێ ئەغریقی(زینوفون) دبێژیتن هێزێن چەتێن ئەغریقی شیان پاشا بڤەگەرن بەرڤ دریچژیا دولا دیجلەی، ئەو مەجبور بون شەری بکەن دگەل کاردوخیان(یێن وەکی کوردا) و رێکا خوڤەکەن تاکو بگەهنە دەریا رەش لدەڤ تەرابزون، پاش حەڤتێ سالا لە شکەرەک بسەروکاتیا ئەسکەندەێ مەقدونی دهێتن، پشتی دولا ئەنادول و سوریە و مسر گرتین، بەرەڤ دولا دیجلەی هاتنن هیچزا شاهێ ئیرانی شکاند د شەرەکی دا ل نێزیک هەولێرێ، بەلێ پشتی مرنا ئەسکەندەری، هێزێن وی دهێنە دابەش کرنن ل سەر وی عەردێ وی گرتی، سوریا و میزوبوتامیا دبنە نەصیبێ سلوقیانن رۆژا ئێکێ ژ تشرینا دووێ سالا٣١٢پ.ز دبیتن دەستپێکا هەلاتنا دێروکا نوی، سلوقی باژێرەکێ نوی ئاڤا دکەن، ل سەر ئالیێ راستێ یێ رویبارێ دیجلەی و دبێژنێ(سلوقیس) و دبیتن پایتەختێ وان، هەردیسان باژێرەکێ دی نوی ئاڤادکەن ل نێزیک حەلەب دبێژنێ ئنتاکیە، پشتی هزار سالێن دەستهەلاتا وان وەکی پارچەیەک ژ دەستهەلاتا ئیمپراتوریەتا بیزەنتیا، ئێدی دەستهەلاتا وان ل روژهەلاتا حەلەبێ لاوازی دکەڤیتێ، پشتی دوو دینێن نوی پەیدا دبن.

ل سالا٢٢٦پ.ز سەرهەلدانەکا نوی دروست دبیتن، ل دەڤرێ سەرکردە ئەردەشیر رادبیتن و نەژادێ خو دگەهینیتن سەر مەلکێن فارسێن کەڤن، دەستهەلات وەرگرت و دینێ زەرەدەشتی کرە دینێ دەولەتێ، شاهپور ئەردەشیر شیا ئیمپراتوریەتا رومانی بێختن بن شکەستنەکا مەزن، ل دەمێ لەشکەرێ وی شکاندی و لنێزیک ئورفایێ ئیپراتور(فالێریان)گرت و پاشی بئێخسیری دمریتن. ل سالا٣١٢پ.ز ئیمپراتور قوستەنتین دبیتن مەسیحی، پایتختێ خویێ نوی ل سەردەردەریا بوسفور(قوستەنتینە) دروست دکەتن، لوی دەمی دیانەتا ماناوی دبیتن دیانەتا سێ، ئەڤە کومدبیتن ل ناڤبەرا سەرەچوویێن مەسیحی و زەرەدەشتی دا، لایەنگرێن وی زوردبن و شاهبور بخوژی دچیتن سەر ڤی دینی، لێ لدوماهیکی فارس منوی دگرن و دسوژن و زورداریێ ل تاگرێن وی دکەن.

دئالیەکێ دی دا ئیمپراتور(یولیان) نوی رادبیتن و کەنیسا مەسیحی دگریتن، هندەک گورینکاری ددەستهەلاتێ دا کرنن خوئامادەکر بو شەرێ فارسا، لوی دەمی شاهپورێ دووێ دەستهەلاتا فارسا دکر، ل سالا٣٦٣ ز ئیمپراتورێ بیزەنتی دەست بهەواخوکر، ل رویبارێ فورات دەرباز دبیتنن شاهپوری بهێن فرهەیی خو ل بەر هەوا وی گرت، ل بەر گەرما هاڤینێ کەتن بەرلێڤا رویبارێ دیجلەی پشتی پاپورێن وان هاتینە سوتن، رێکا زەینەفونی گرت

بوچیا بەرەڤ گرێن کوردی، لدویف وی مەسیحی(یوفیان) دگەهیتن پەیمانەکێ دگەل شاهپوری، هەریمەکێ دگەل چیایێ شنگارێ ددەتن فارسا بەرامبەری دەرباز بونا لەشکەرێ رومانی ژ رووبارێ دیجلەی بو روژئاڤایێ بێ بەرسنگ گرتنا لەشکەرێ فارسی... ئەڤە روژا ئێکێ بو ژ سالا٥٨٩ ێ ژ ڤەکرنێن سلوقیان، ئەڤ پەیمانە زێدەی ٢٠٠ سالا یاساخ بو لناڤبەرا هەردوو ئیمپراتوریەتان دا، لدەمەکی سەفیرێن هەردوو ئیمپراتوریەتا نەخشێ سونری ل ناڤبەرا خودا ددانا، هەوێن دژوارێن خێلاتێن(هون= تورکی) بسەردا دهاتن، ئەڤە سوراچاکێن ئاسیا ناڤین بوون، بەردەوام رۆژهەلاتا فارسی ئێخستبو بن ترسێ. ل دەمێ بەرسنگێن وان هاتین گرتن بمنێرخاسی ل چیایی، قەفقاسیا، هونا بریار دا بزاڤێ بکەن بەرەڤ روژئاڤای بچن، ئەوان هەرێمێن رومانی برین بەرەڤ بەلقانا کەڤن ئەلمانیان روژئاڤای، فرنسا، بەریتانیا، ئیتالیا، ئیسپانیا چوون، ئیمپراتوریەتا رومانی بچیک دبیتن ل دەوروبەرێن پایتەختێ خو(قوستەنتینە) تاکو دولا دەریا ناڤەراست(ئەسینا، ئەنتاکیە، ئەسکەندەریە، قرتاجیە، جنوا، نابلس، روما...) یێن کێم مروڤ.


ل سالا ٥٩٠ زنجیرەیکا بەبەرانکانا توند ل ناڤبەرا فارس و رومالنیا بودەمەکێ دێژ دروست دبیتن... ل دوماهیکێ خسروشاه پشتی وەزعێ وان بێ ئابوری خوش دبیتن ل زنجیرا چیایێ زاگروس قەسرەکێ بخو دروست دکەتن، ل دەوروبەرێن خو فیل و تاوس و نەعاما کوم دکەتن، رازیدبیتی(یەزیدێ نەستوری) ژ کەرکوکێ خەرج و خەراجا کوم بکەتن، ئەڤە ژ مالباتەکا پیروز بویە، خسرو زور حەز ژێ دکرن، جهەکێ تایبەتی ل دەڤ وی هەبویە، جهێ وی ل دەڤ خسروی وەکی جهێ یوسفی بویە ل دەڤ فرعەونی. رۆژانە هزار چارچێن زێری کوم دکرن، خسروی دوو ژنێن مەسیحی هەبوینە، ماری ئەغریقی بوو، شرین یا خودان جانیەکا زێدە خوزستانی بویە(دبیتن کوردافەیلی بیتن)، دکتورێ وێ جبرائیلێ شنگاری وەل دەستێ وێ کر دا بەردەوام

> **جوداکاری کەڤتبوون ناڤ مالا وی، پاشی خەبەر دگەهیتن ئیمپراتوری، کودەتایەک بسەرێ شاهی هاتیە**

خوین ژێ برژیتن و چ نەژاد ل دویف پەیدا نەبیتن... ل وەدەمی کوژەکێ(موریس) یێ رەڤی بو ناڤ فارسا، ژ لایێ بێژەنتی هرقل دان و ستاندن کرن دا بدەنەڤێ، خسروی خوددیت سەرکەڤتی و نەیابەرئاقل بویە بدەتێ، ئەوی لەشکەرەک دروست کروبەلاڤ کر ل دیف درێژیا دەریا بوسفور، بەرنامەدانا دا هێرشێ بکەتن سەر بیزەنتیا ل قوستەنتینە بهاریکاریا لە شکەرێ بەربەری، ب سەروکاتیا شەهبەرازێ فارسی، دیمەشق و قودس گرتن، ل وێرە بەتریارکی دانپێدان کرن بوی جهێ صەلیبا دروست لێ، ئەو یا ڤەشارتی بو دگەل هندەک زێروزینەتا ل ناڤ بیستانەکێ کشتوکالی، زێروزینەت داناندن ناڤ باج و خەراجا، (یەزدین) یێ کو ناڤدار ل ناڤ رێزێن نەستوریا ب(ئەمیر ئەلمەئمنین)، ئاهەنگەک دروست کر، وەکی وێ ئاهەنگێ کەیف نەبوون ، دوێ ئاهەنگێ دا صەلیبا دروست دا دەستێ خسروی، ل سالا٦٢٧ز هرقل دوربەکێ مەزن ددانیتن فارسا، ل ١٢ کانونا دووێ شکەستنەک ل نێزیک میسل بفارسا دکەڤیتن، بێ راوەستیان ئەو بەرەڤ ژێهەلیا دولا دیجلەی دچن بو کرنا بیرئینانا زاینا مەسیح(د)، دگەهیتن جهێ یەزدین(عزبە الیزدین) ل دەرڤەی کەرکوکێ، ل وی دەمی ئەمیرێ بسلمان شێخ یەزدین مربوو، جوداکاری کەڤتبوون ناڤ مالا وی، پاشی خەبەر دگەهیتن ئیمپراتوری، کودەتایەک بسەرێ شاهی هاتیە، بسەروکاتیا(شمتا کورێ یەزدین) شاە هاتیە گرتن و هاتیە کوشتن دگەل هەمی خەلکێ مالا وی، تەنها کورەکێ وی نەبیتن... ل سالا٦٣٠ز هرقل دچیتن ناڤ کەنیسە ئەلقیامە ل قودسێ کوهاتبو سوتن، پاشی دووبارە دهێتن دروست کرن ل سەر حسێبا(یەزدین) و صەلیبا دروست جارەکا دی د رێورەسمێن ژ هەژی دا ل جهێ وێ دهێتن داناندن. پشتی هینگێ خەبەرێ هاتنا پەیامبەر مەحەمەد(د) دهێتن بەلاڤ کرن، پاشی لەشکەرێ فارس دزڤریتن بسەروکاتیا(شەهربەراز) و شاهێ بچیک دکوژیتن، شەهربەراز هزر دکەتن ئەو تێراهندێ هەیە دەستهەلاتا شاهانە برێدا ببەتن و خو ژ هەڤرکێن خو

قورتال بکەتن، لێ(شەمتا) یێ کو جارەکێ شاه شکالندی، ژ حەبسێ دەرکر و لبەر دەرگەهێ کەنیسا مەسیحی ل سلوقیە خەندقاند.

ل سالا٦٣٢ز مەحەمد پەیامبەر(د) دمریتن، لوان دووچاخێن ل دویڤدا دینێ ئیسلامێ ل روژهەلات و روژئاڤایێ بەلاڤ دبیتن،خسرو یەزدجەر ل تورکستانێ دمریتن، دروشمێ ئیمپراتوریەتا عەرەبی دبیتن برێدا برنا دینێ ئیسلامێ یێ پیروز، لێ ل سەر بەلاڤ بونا قورئانا پیروز هاتیە برێدا برن، برێزگرتنا سەردەمێ نوی و پەیامبەرێن وێ، رێزگرتن هاتە گرتن ل خەلیفە و دینێن دی(مەسیحی، یەهودی، صائیبە)، دینێ زەرەدەشتی ژی بەرەڤ نەمانێ چوو ل دەڤەرێ... پشتی خەلیفێ سیێ عوسمان کورێ عەفانێ ئەمەوی دهێتن کوشتن، عەلیێ کورێ ئەبوتالبی، پسمام و زاڤایێ مەحەمەدی دبیتن خەلیفە، شەر دروست دبیتن ل ناڤبەرا عەلی و معاویە کورێ ئەبوسوفیانی حاکمێ سورێ و مەروان کورێ حەکەمی ئەمین مەخەنێ عوسمانی، پاشی عەلی دهێتن کوشتن و حسنێ کورێ وی بەیعێ دکەتن بو معاویە و خەلافە دهێتن ڤەگوهاستن بو شامێ. معاویە زەلامێ دەولەتێ بو بودەمێ بیست سالا دەستهەلات گێرا، ل سالا٦٦٨ز دەلیڤێ زێرین بو دهێتن، شاهپور ژ سەرهەسپی دکەڤیتن و دمریتن، هەردیسان ئیمپراتورێ بیزەنتی ژ حەمامێ دەردکەڤیتن چاڤێن وی بسابینن نوبەدارەکێ وی وی دکوژیتن... دەرفەت بو خەلیفەی دهێتن دەستهەلاتا خو بەرفرهە و بهێز بێخیتن دا بارێ برێڤەبرنا دەستهەلاتێ بو کورێ خو(یەزیدی) کورێ ژنا خویا مەسیحی(مەیسەلون) یاشارەزا



و زیرەک خوش بکەتن... هەردوو شەرکەرێن مروڤێن مەحەمەدی(موسێن کورێ عەلی) و( عەبدلاهێ کورێ زوبێری) مبایەعا یەزیدێ کورێ معاویەی نەکربوو، ئەو لمەکەهێ بوون، دوماهیکا وان هات ل دەمێ ل ١٠/تشرینا دووێ سالا٦٨٠ز دچوو دادەستهەلاتا کوفە وەربگریتن، بێ کو بزانیتن شەرێ بدوماهیک هاتی، ئەو دگەل(١٧) کەسێن مالا وی و (٦٠) شەرکەرێن وی ل سەردەستێ لەشکەرێ ئەمەویا دهێنە کوشتن و سەرێ حوسێنی دهێتن رەوانە کرن بو یەزیدی ل شامێ، یەزید ل کوشتنا وان پەشێمان دبیتن و رێکێ ددەتن ژنکێن وان ڤەگەرن بو مەدینێ. پشتی دوو سالا زوبێر شورەشێ دکەتن و مەکە دئێخیتن بن دەستێ خو،خەلیفە لەشکەرەکی رەوانەی مەکە دکەتن و شورەشا وی دووماهیکێ پێ دئینیتن و کەعبێ یاکو ابراهیم پەیامبەر دروست کری دهەرێڤیتن و دسوژیتن، پشتی مرنا یەزیدی کودبیتن بابێ دەردوبەلا، یەکسەر کورێ وی معاویێ دووێ دمریتن و مەروانێ کورێ حەکەم دەستهەلاتێ وەدگلاریتن، ئەڤە ژنکەکا ئێزدی مارەدکەتن، پشتی مەروانێ دووێ دەستهەلاتێ وەردگریتن، کو ئەو دبیتن کورێ مەروان ئەلحەکەم، ژبەرکو مروڤەکێ بجەرگ بویە دەستهەلاتا وی بهێز دکەڤیتن، دبێژنێ مەروانێ ئەمەق یان عەنید، ئەوی بزاڤ دکرن دەستهەلاتا خو بهێز بێخیتن، لێ هەردەم ئەو توشی بەربەرانکیا زورا مروڤێن خو و زوریەتا عەلی دبوو، ل سالا٧٥٠ز لەشکەرێ عەباسی کو ژ تورکستانێ هاتبو شیا مەروانی بشکێنیتن، ل سەردەلایێ چەپێ یێ رویبارێ زێیێ مەزن، دوماهیک خەلیفێ ئەمەویا درەڤیتن مسرێ، ل وێرە عەباسی دکوژنن لدەمێ سەرێ وی بو عەباسی رەوانە دکەن، بەرێ خو ددەنێ چاڤێن وی یێن شین و سەروچاڤێن وی وەکی یێن کوردانە( دبیتن ئەو ژوێ بێ ژنایەزیدی بیتن، یا مەروان کورێ حەکەمی ژ ئێزدیا ئینandی)، پاشی پرانیا ئەمەویان هاتنە براندن ل سەردەستێ عەباسی، دبێژن هندەک بەرماییێن ئەمەویا خوڤەشاتنە ل چیاییێن ئاسێ یێن کوردستانێ و بەربابکێ وا پێ هاتیە پاراستن، لێ رەئیا دروست ترێ ئەوە هەمی هاتنە برهاندن)... پشتی هنگێ عەباسی و فاتمی و عەلەوی(زوریەتا مەحەمەد)، دەستهەلاتا شیعی ل سەرانسەری دەولەتا ئیسلامی ددەنە راگەهاندن...................

# هەرجارە و ناودارێك



## هێمنی موکریانی

نووسەر و شاعیری مەزنی کورد سەید محەمەد ئەمینی کوڕی سەید حەسەنی شەیخولئیسلامی موکرییە و لە ساڵی ١٩٢١دا لە گوندی ”لاچین“ی نزیك شاری مەهاباد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چاوی بەژیان هەڵێناوە.

هێمن لەگەڵ دروست بوونی کۆمەڵەی ”ژ.ك“ لە ١٩٤٢,٠٩,١٦دا بووەتە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە ڕامیارییەی کورد و کاتێکیش کە ناوی ئەو کۆمەڵەیە.

لە شوباتی ١٩٧٩دا لە ڕۆژهەڵات و گۆڤاری سرووەی دەرچوواند تاکو لە ڕۆژی ١٧ی نیسانی ١٩٨٦دا کۆچی دواییکرد، لە سەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی (بوداق سوڵتانی) لە شاری مەهاباد نێژرا.

## عیشق و ئازادیی

ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر
کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر
لە بادە ئەم ژەمە تێرکە منی تینوی جگەر سووتاو
بەچی دیارە کە دەبینم شەوێکیتر ژەمێکی تر!
ئەوەندە دەردەدار و بێ پەرستارم کە پێم وایە
لەسەر کێکی تەمەن هەڵناگلرێ تازە شەمێکی تر
گەلێکم ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابوارد ئاخۆ
مەرگ مەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێکی تر!
گەیشتمە سەر ترۆپکی ئارەزوو ڕۆژێکی کەچی ڕوانیم
لە پێشمدایە زەردە و ماهو سەخت و ئەستەمێکی تر
هەتا چارشێو بەسەر تۆوە دەبینم نازەنینی کورد
بەسەر بیلبیلەکەی چاوی منا دەکشێ تەمێکی تر
نەما (خانی) تا چیرۆکی عەشقی ئێمە دارێژێ
دەنا هێشتا لە کوردستان دەژین زین و مەمێکی تر
پەپوولەی خۆشەویستی من لە شوێنێ ناگرێ ئارام
دەنیشێ و باڵی دەبزوێ لەسەر سینە و مەمێکی تر
هەزار هێندە پەرێشان و سیا چارە بژیم هێشتا
لە ناو دڵدا هەمە ئاواتی خاڵ و پەرچەمێکی تر
هە تاکوو دوا پشوو ڕێبواری ڕێگەی عیشق و ئازادیم
ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر



ئەو خانوە مێژووییەی لە ١٩٧٨/١١/٢٧ لە گوندی
فیسێ-ی سەربە ناوچەی لیجەی ئامەدکە یەکەمین
کۆنگرەی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە-ی
تێیدا ئەنجامدرا